کوردستان
و
ئایینی ئیسلام

هاتنی سوپای عمری
کوری خه‌تاب وه‌ گرتنی
کوردستان

دانه‌ری
ملا رؤوف سلیم حویزی

چاپخانه‌ی جامعه
۱۹۷۰

ماموستا له چەند دیریکدا



- له ساڵی ١٩٠٨ له شاری کویه لەدایك بـوو .

- له ساڵی ١٩١٤ چووەتە قوتابخانە (حجره) بو خویندن.

- له ساڵی ١٩٢٦ خویندنی تەواو کردیه .

- زور بـەدوای ئەدەبیاتی کوردی و فارسی گەڕاوە .

- زور هەلیەستی بویژەکان کوکردوەتەوە بـەتایبـەتی هەلبەبستەکانی حاجی قادری کوی وە شیخ رەزای تالەبانی .

- دوستایەتی لەگەل بویژان ملامصطفی فقی احمد (حزنی وە ملاسعید رعدی و چوارچاو (خادم) بەهیزبووە .

- له ساڵی١٩٤٠ چووە بو هیندستان ماوەی شەش مانگ ماموستابووە له قوتابخانەی یعقوبیە بەفارس دەرسی نحو ، سرف ، تجویدی ، فیری قوتابیان کردوە .

- گەڕاوەتەوە بصرە بـەماموستا دانراوە لەلایەن معارفەوە له قوتابخانەی (گەرمەت علي) لەناحیەی حادثیە بوماوەی ساڵیك .

- گەڕاوەتەوە بغـداد بووە بەأمام و مدرسی کوردان له کەمپی جیلەمەر بوماوەی حەوت ساڵ .

- دوای ئەمە گەراوەتەوە کوییە لە مزگەوی جمعـە (مزگەوتی گەورە) ژوری تایبەتی لەلایەن حاجی بکرأغای باپیری بو تەرخان کراوە .

- زبانی کوردی و فارسی و عربی ئەزانی .

- لە سالی ١٩٦٠ لە لایەن ئەوقافەوە دانرا بە أمام لە مزگەوتی کونە جمعە لە کوییە .

سەرەتا

خوینندەواری کوردی بەریز ماوەیەکی زور دورو دریژە کە ئاواتمە ئەم بەرهەمەی بەر دەستت بهینمە بەرهەم.

وا بەهەر هویەك بو سەرکەوتم وە توانیم کە کەم دیاریە بیش کەش بکەم جا بەر لە هەمو شتیك داوای لی بوردن ئەکەم کە لە کەمو کوریەکانی ببورن. وە ئەمەش تاکە بەرهەمم نیە بەلکو ئەمانەشم ئامادە کردیە خوا یاربی بەم زوانە ئەیاتمەمە ژیر چاپەوە.

١ ـ ئەهنەسا و بەهنەسا.

٢ ـ دیوانی حاجی قادری کوی. بو ئەمەش بەپیویسني ئەزانم کە پیتان رایگەیەنم لە سالی ١٩٢٥ بە شیکی زورم لە هەلیەستەکانی خوا لي خوشبو حاجی قادری کویی کوکردەوە بەنیازی لەچاپدانی بەلام خوا لي خوشبو عبدالرحمن سعید داوای چەئد هەلبەستیکی لي کردم بیش کەشم کرد ئەویش گەیاندیە چاپەوە.

بەلام من هەر بەردەوام بوم لە کوکردنەوەی شعری حاجی وە زوری شعرەکانم کەوتە دەست لەوکاتە کاك محمد توفیق ووردی وە کاك صالح شمس داوایان لي کردم بە خوینندەنەوە کەچی بەبی ئاگاداری من ناردیان بو ماموستا گیوی موکریانی وە لەچاپیاندا.

بەلام من دیوانە أصلیە کەم هەیە کە لەکاتی خوی لە ناودیواری مالي باپیرم أمین أغا (ئەختەر) شارودرابووە جا لەبەر هەر هویەك بو.

ئیستا ئەمە لام ماوە کەچەندەها هەلبەست و غزەلي نایابی تیدا یە

بەبی دەست کاری کردن ماوەتەوە وەژمارەی شـــعرەکانی ئەگاتە
(١٢٠٠) دیر شعر نیازمە بەم زوانە بیخەم ژیر چاپەوە .
یئتر هیوادارم کە بەم بەرهەمەم خزمەتیکی بچوکی میژوی کوردم
کردبی . ئەمیش کاتی داگیر کردنیەتی لە کاتی ئیسلام
ملا رؤووف سلیم حویزی

هەروەها هەنیە بتسەت هەر بەهەهەهەو وەها هەناوەلە
هیلیک وەک هەی هیناوە ەو هاتەک هەـــــ یە شاهیەهەهەو اە
وەک هەن ـــــ بەیەک ڕەاوەک شلیتش بەهەـــــ هەا هەو لە وەکەو شەک شیو
هیـــنە هەهەهەو هەک لە شەهەهەن ەو . ئەیەو ڕەلاهیەک بەهەک هەا هەی
یەش هەهەتلیەهەن هەاەن وەو ڕەیلی اەخ هیەک ەالەن هشەهەلەهەن ەکەاەو
. ەەچەلچە

لەهەنەهەو لەهەنەهەن ـ ١

. هەک هەناەن ڕەنسەیەچەو شەهەهەن یە . ڕەک ڕەەلە ڕەچەلە ڕەناەیک ـ ٢
اەخ ڕەلاهتەهیاهە هەا وەەن ڕەکیش هەو ١٢٤٥ یالە هەا هەنەهەکیال ئالتیو
وکاهەو ڕەناەپلچەهەا ڕەئلیناهەو ەەچەک ڕەیەک ڕەەلە ڕەچەلە ەیشەخیا
وەک یا ڕەکیتە هیاهە هەناهچە ڕەاەاک هیەک ئەهەالەیە ەیشەخیا اەخ
. ەەچەلچە هیەنالیەک شیەهەن ەک هشەک شیو

ڕەەن ەو ڕەچەلە ڕەیەش ڕەەهەن ەک هەا وەو وەەچەهەو هەو ئەو وکاهەو
وەالە شالا ەو ڕەەەەەو ڕەیفەیە هەخ شالا هەلاەهەا تەهەت هەک هەلاەهەش
ئەو ڕەاەلالە ڕەیهەو ڕەچەک ەەهەنەهەخ هەو وەک یا ئالیاەاک هەهەش
. اەنالیلچەهەا ەو ڕەنالیەک ەو ڕەیەک لتەهەلە یو ئالیەک

یالە ڕەاەیەک هەا ڕەیەخ ڕەلاهەا هەک هیەهە وەک هیلەا هەناەیک ئەو وکاهەو
. یو شاهیەهە هەهەهەا لە ەەیەاەەک لش (هەتخەهەن) لەا ئیەا وەیلو
هیو اەیە ڕەیلیلە یاەیخ ە تەهیاهە لەەنەهچەک ەەلەو کاهەهەن لتەیە

بسم الله الرحمن الرحيم

حمد و شکر الله و ثنا بی حدد بو ذاتی پاکی خالقی صمد
رزاقی مخلوق بی بهما و قیمت دیاری دیالغ کریم هتیه
دیالغ دیش دیالغ یمیچی گه ره ک نیه بس هه ر اطاعت
بو خلقو عام له دنیا رحمه بو قیامه ئیش بو خوی عالمه دیش
هه ر کس له دنیا خوا ئه شینی بی له و دنیاش خوا معینی نه بی
صلات و سلام به ملیون هزار له سه ر محمد (ص) ز سوی نازدار
شفاعه ت خوازه له روژی جزا پشتو پنایه یو گونه هو خه تا
هه م له (ص) ر آل و صحبو تابعین خوا رازی بی ایمان نه جمعین
هه م له ایمه یو جمیعی اسلام ایمان ببورینت خوا وندی علام
اومیدم وایه به ازنی یزدان بو تان که م باسی غزای اصحابان
له عه رعبینه بوربانی گوردی وه رم گیراوه زور جوان به وردی
اومیده وارم کس لومه م نه کا له وه زیاتر فکرم پی نه شکا
وا نه گیره وه رلوتی فتوحات که فتحی مسر و شام دوابی هات
جی نشین نه ودم عمری خطاب بو خلیفه ی روون خاون پنایه بو
به امری عمر ذاتی باهر عمری گوری عاص بوه والی مصر
یزیدی گوری نه بو سفیانیش له فلسطینا دانرا نه ویش
نه باعبیده ش گرا به والی بو طبریه جه نابی عالی
عمری خطاب گونه مشوه رت بانگی کرد نه مردانی غیرت

وەك ذاتي عليو حضرەتي عثمان طلحەی نامدار خاوەني ايمان
لـە صحابانو ئەولادي ئەوان وەرم گرنوە بەراستيو رەوان
كاتي كە عمر دليري زەمان پرسي پي كردن ئەو بە اصحابان
هەستايە سەرپي علي نامدار صاحبي نصرەت خاون ذولفقار
گوتي ئەي امير من قصەم وايە كوبنەوە اسلام لەهەمو لايە
كاغەز بنوســـە بو اباعبيدە با ئەويش لەوي سپاساز بدا
بيتە سەركردە خاليدي وليـد زور پالەوانە ولەشەردا رشيد
چونكە فرمودەي رسول اللەيە حضرەتي خاليد شيري خدايە
شيري خوانابي هەرلەلان دابي بو دشمن ئەبي هەر لەكاردابي
جا عمر فرموي قسەي تو راستە بە راستي منيش ئەمەم مەبستە
قلمو دويت هينرا يو عمر(رض) كتابي نوسي ذاتي دين پەرور
يـكـەم بەناوي خداي لم يەزل
دووەم بەناوي مصطفى مرسل (ص)
لە لاين عمر دليري بـەسام بو اباعبيدە لە وولاتي شـام
سلام لە سەر خوت هەم لە سەر ياران
لە مهاجرو هـــەم لە انصـاران
حمدو شكرانە لايقي خوايە بو گوناه كاران پشتو پە نايە
صلوات ئەدم لەسەر محمد(ص) حبيبي ذاتي خالقي صمـــد
نامەكەت گەيشت معناي حالي بوم
بە فتحي خدا بوتان دل خوش بوم
هەر وختي نامەي منت خوندوە مستعين بە خوا خوت بپيچەوە
بو هەمو شاريك بنيرە امير بو امري شرعو بو ريئو تدبير
هەل بژيرە تو چوار هزار سوار لە گەلى خاليدي وليدي سەردار

فضلي عباس و زبيري عەوام مقدادي ئەسود دليري بەنام
وەەم عبدالله‌ي ايوبي انصار عبد الله‌ي كوري عمري سالار
ئەبو دوجانە مەردي غيرەت دار غيري ئەوانەش برون بە يلغار
دابزن لەسەر قلاتو شاران لە شاخو دولو لە سەر روباران
وەام زاينوە كە لە ينو كوردان سي مەلك هەنە چالاك ووريان
ايكيان ذاينكور ياشاي شيدەرە (١)

دووم مالكي كوري هەژدەرە
ئەگەر بەقسە نەبون بەخنسار شيري اسلاميان لي بخنە كار
سي هەم بيستومە لەشاري مرجين (٢)

ەلكي هەيە كافرو لەين
ناوي فروخي كوري اهرانە بلام تابلي زور پالەوانە
قەلاتي هەيە لە سەر شاخيە تاچاو حكم كا ئەوەندە عاليە
ايكجار خوين ريژە كافري مطلق

مالي عالەمي ئەخوا بە ناحەق
آگات لەخوبي بورضاي خدا هەم رفيقانت بە هلاك مەدە
لەگەل رعيەتت وەك باوك وابە

بو خاص و عام زور بە انصاف بە
دائما فرمان بە چاكە بكە مە هيلە كەسي زورلە كەس بكا
تولي پرسراوي بەلاي وانەوە هەتاكو لەلاي تو بمينەوە
پاش پارانەوە عمري سالار لەقابي خداي صبورو ستار

---

١ ـ شيدەرە بەپشت دەروتراوە .

٢ ـ مەرجين بەمەرگە وتراوە .

نامه‌كه‌ي ورگرت عمري سه‌ردار
به موري دستي رســولي نازدار
داي به عبدالله‌ي كوري حذافه وتي برو خوت زو بكه آماده

رويشتني قاصد عبدالله كوري حه‌زافه بو لاي اباعبيدالله

عبد الله نامه‌ي ورگرت لـه عمر
چو بو لاي قبري رسولي سرور(ص)
سلامي كرد له‌قبري مصطفى(ص)
دوعاي كرد دوريكات له‌ايشو جفا
عبدالله روين به‌بى مــدارا هـه‌تا گاشته شاري نينواي
روي له خيوتي اباعبيده كرد زور به احترام سلاويكي كرد
دي دانيشتوه حضره‌تي خاليد لاي اباعبيده اميري رشــيد
عبدالله ئه‌لي وختي گيشتمه‌جي نامه‌م درهينا خيرا جي به جي
دامه دست ئه‌مير ليكي كردوه
له بيشا جاري بو خوي خوينده‌وه
له پاش خويندنه‌وه باش تي‌گيشتن
فرموي بـه ياران خيرا كووه بن
هه‌ل سايه سه‌ر پي ئه‌و ياري رسول
خطبه‌يه‌كي خويند به حسب اصول
پاش حمدو ثنا بوذاتي خـدا صلواتي دا له سه‌ر مصطفى(ص)
بو ابوبكريش زو ناردي رحمت
خوا شـادي بكات به‌باغي جنت

نامەي خويندەوە بو مسلمانان كاتي تي گيشتن صحابو ياران
هەستانە سرپي بە گورجي خيرا وتيان ئامادەبن هەمو جان فدا
لە ريگاي خدا روحمان فدايە هەرچي بفرموي امرەت رەوايە

گيشتن نامەچە روژيك بوە لەچە فصليكا بووە

عبد الله نامەي هينا بو ئەمير

روژي پينج شەمە گەيشت بي تقصير
روژي بيستەمي جمادي ايكەم

لە شازدەي كوچي رسولي ئەكرم
ئەجارە ئەمير كرديەوە خطاب وتي بە ئەمري عمري خطاب
كرا بە والي حضرەتي خاليد ئەو سيف‌اللەيە لە جنگا شديد
ابا عبيدە ديسان هاتە جواب

وتاريكي خويند رو بە روي صحاب
قسەيەك بليم من لەئيوە گورەترم بەلكو لە هەموان من بجوك ترم
بلام بە امري خليفەي رسول (ص)

خاليدي وليد باش بكەن قبول
خاليد مرديكە ايكجار آزايە دشمن شكينە لەسەر دنيا يە
كاتي كە ئەمير ئەمەي عرز كرد

صحابە هەستان زور بودستو برد
وتيان گەر ئەمركا پيمان عبديكي حەبەش‌داني لە سەرمان
قبولي ئەكين لە ريگەي خوايە خصوصاً خاليد خو سيف‌اللە يە
ئەميرو خاليد ايكجار دل خوش بون

بويە لە خوشيان هەمويان مات بون

ئەجا موسلمان مرداني غيرەت له بو غەزايى كووتنه حەرەكەت
ئەول كسي بو خاليدي خواناس
له دواي وي فضلي امامي عباس
زبيري عەوام ئەويش بەمردي لەگەل مقدادي ئەسودي كندي
عبدالرحماني ابوبكري صديق عبدالله عمر ئەو مردي لايق
هەم مردي ميدان زراري ئەزور ئەبودجانەش خيرا هاتەدەر
لەگەل عبدالله ايوبي انصار غيري ئەمانەش مردي غيرەتدار
كاتي تەواوەبو سپاي صحابان گرتيه بەر چولو صحراو بيابان
بەشەو بەروژ بەتاو تعجيل هەتا تيزيك بون لەشاري اربيل
دەوري ئەم شارە هيچ شورەي نەبو
اوردوي صحابان كاتي نيزيك يو
خلقي هوليري بە خاصو بە عام بە بي گفتو گو رو بە روي اسلام
هجوميان هينا وپيشيان پي گرتن
له گەل صحابان كوتنه شرر كردن
لەم لاش صحابە هاتنه ميداني له بو نەبەردو شمشير وەشاني
پاش شريكي زور بەدستو شمشير
هاتنه پيشەوە له شاري هولير
هەرچي موجود بو له ناو شاريدا
خريان كردەوە زوپيش خويان دا
بلام ئەمينان كاتي كه شكان كوتنه هەلاتن بودي هاتەكان

رويشتي عبدالله جندل بو سەر ئەرموتە

ئەمجارە ڤ موي خاليدي سەردار عبدالله‌ى جندل برو بە يلغار

صد پالەوان بەرە لەگەل خوتە هەتا دەگەنە شاری ئەرموتە
عبدالله روي لە گەل صد سوار کاتي کە درکەوتن لە ئەهلي شار
لەم لاش کوردەکان زور بە تەدارك
هاتنە رو بە روی یاراني دل پاك
صحابان دستیان کرد بە هەلەت بردن
لەم لاو لەم لا بو تالان کردن
لە ناو ئەو دییە دنگ برز بووە عالە میکی زور خیرا کوبو وە
هەلەتیان هینا بو سەر عبد الله دورەیان لیدا لەم لا وولەم لا
پاش شەریکي زور تیپي ئەرمنیان
زوریان شـهید کرد ئەو لە صحابان
تالانەکەیان هـەمو ستاندەوە لەم لاش عبدالله بە تاك مایەوە
دست بە آلاوە کەوتە شەرر کردن
باقي صحـابان هـەمو هەلاتن
دواي جهدیکي زور مردي بە اخلاص
جا شهیدیان کرد کوردي خوا نەناس
بلام ئەوانەي کە فراریان کرد بو ئەمیر خالید زو خبریان برد
بە خوو جیشەوە زو کوتنەری هەتا گیشتنە میداني شەري
خالید حملەي برد بەو جشي رەوان
زو تیکی هـارین وەك دروینەوان
بـاربو دستو بازوي صحابەي دلیر
خویان رانەگرت ئەرمەني بي خیر
ئەم شارەش چونکە حصاري نبو
ئەصحاب بـە هەلمت جونە ناوي زو

بەزبری شیری ئەم شارەیان گرت
شەهیدەکانیان تسلیم بەخاك کرد

زوریان ظفریان بەدینی برد
دینی اسلامیان زور باش قبول کرد

ئەوەی هلاتن خیرا امیران
خانو دیواریان خیرا لی تیك دان

وختی موفق بون صحاب لەم غەزا
لەبو رویشتن خالید ئەمریدا

یەك شەو روژ روین لە ریگا
روانیان لە دور دئی یەك دیاری دا

ئەم دیی یە کە زور قەلە بالغ بو
گەورە کیان هەبو ناوی روستم بو

ئەلین ئەم بیاوە زور بە ویژدان بو
لە ناوقەومی خوی زور بە انصاف بو

ئاگاداربونی دی میرزاروستم

بینە سەر باسی اهلی دی روستم
وها نوسراوە بەبی زیادو کەم

جیشی مسلمان کاتی نیزیك بو
خەلکە کە هەمو کوبونەوە زوو

هەستایە سەرپی روستم دستو برد
بانگی قەومەکەی زو بولای خوی کرد

وتی وا عەرەب هاتونە سرمان
بەو نیازەی کە شر بکەن لە گەل مان

هەر لە مکەوە هەتا ایرانە
دنیا بە دستی وان زور هەرا آسانە

رەئی من وایە استقبالیـان کەین
کە هاتنە ایرە صلحیان لەگەل کەین
هەر کەس بمینی لە سەر دینی خوی
کیفی خویەتی لومە ناکەین لی

پیش وازی کردنی ئەهلی دی روستم بو دینی اسلام

ئەلی دی روستم بە خاصو بە عام پیش وازیان کرد بو تیپی اسلام
بردیانە ناو شار بـە حرمەتە وە
ئەصحاب ئەو شەوە لە وی مانەوە
کاتیش چەکاتە فصلی زستان بو دو شەو لە چلە تی پەری کرد بو
شەویکی زور سارد هەر خوا ایزانی
مانەوە لە وی هـەتا بیـانی
بەعزیکیـان خەتمی قرآنی دەکرد
بەعزیك لە بو خو شەو نویژیان ئەکرد
کانی بیانی کـە شەبەقی دا لە ناو صحابان ایکی بانگی دا
صحـابە نواریان دینـا سپیە لە شاخو لە دشت رەشانگ نیە
دلیان زور تنگ بو تیپی دین بەرووەر
بلام رازی بون بـە قەزاو قـەدەر
مانەوە لە وی مانیگیکو سی شەو
ایرادەی خداش کاتی بـو تەواو
رەشانگ پیدا بو بەفر تواوە ری وبان تەواو کرایەوە

چونه لای خالید ئەجا ئەمیران
دانیشتن بەصف هەمو شان بە شان

وتیان ئەی ئەمیران ایمە کە هاتین
بە عەزص غەزا لە مال دەر کەوتوین

ایستاش لە میژە کە واین لیرانە
ئەهلی ئەم دیەش زور پریشانە

نابی هیچیکە تکلیفیان لی بکەین
وا مصلحەنە ئەجا بار بەکین

بو غەزای دژمن ایمە کە هاتوین
هەر لە سەر ئەمری تویە کە گیر بوین

خالید هاتە جواب گوتی راست ئەکەن
لە ایوەم ئەوی ایستا بار بکەن

بەجی هیشتنی صحابان دی میرزا روستم وبار کردینان

باریان کرد گەینە سەر بواری روبار
دستی بلند کرد خالیدی سالار

زور پارایەوە لە قاپی یزدان
یاحی یاقیوم خوای لا مکان

یا مالك الملك خوای ارزو آسمان
بو خاتری محمد (ص) رسولی عدنان

خوابە بوخاتری رسولی نازدار
بە پەرینەوە بی ایشو آزار

نەجاتمان بدی هەر وەکو لەنیل
نەجاتت وا تو بنی اسرائیل

لەبر شرەفی موسی‌ی عمران
ایمەش بوخاتری حبیبی سبحان

ئەجارە خالید فرموی بسم‌الله
کلمەی بجراها هەم مرساها

راوی ئەفرموی قسم بەبی چون دنیاي درست کرد بەکن فیکون
بەسەر ئەم ئاوە صحاب تیپەر بون
سمی وولاغیان ئەبەد تەر نەبون
لەسەر ئەم شەتە کاتي تي پەر بون
مسلمان هەمو ایکجار دل خوش بون
جا فرموی خالید خیوەتان هەلدەن
ولاغەکانتا بەرەلا مەدەن

مسلمان بونی ئەهلی دی میرزاروستم

بینە سەر باسي ئەهلی دی روستم
هەر جندە هەبون بەبی زیادو کەم
کاتی کەخالید گەیشتە جی زوو
بە خاصو بە عام تیکرا اسلام بوو
جا اوردی اسلام کاتی پەریوە سی شەو سی روژ لەوی مانەوە
پاشی سی روژە خالیدي سالار بانگی کرد ئەبودجانەی انصار
وتی ئەی ئەبودوجانە ایستا سواربە برو هیچ رامەوستە
بولای فروح شاه زو بە بە رەوان تولەگەل خوشت بەرە ترجمان
زور جوان بلی بە لطفی شیرین بەحەق بناسی رب العالمین
گەر اسلام نەبو با جزیەي بدات ئەگینا بو شەر خوي آمادە کات

رویشتنی قاصید ئەبودوجانە
بولای فروح شاه

دوجانە بە قسەي ئەمیري والا سواربو روي بو گەورەي قەلا

له گەل خوشی برد ایکی کورد زبان
بوئەوي لەوي بکات ترجمان

کاتی کە روي زور دور نەکوتبو
له اوردوي اسلام زوری پی نەچوو

لەم لاش زراری ئەزوری کەرار
دی ئەبووجانە له ولاغ کوتە خوار

چو بولای ئەمیر به تالوکەزو
ووتی ئەی ئەمیر من چاوم لی بو

ئەبو دوجانە کوت له ولاغە کەی
بەر بووە ئەگەر بروام بی ئەکەی

ئەبو دوجانە چونکە پیر بووە
ئەلیم من لیرە شەو سەرمای بووە

حزرەتی خالید فرموی پی گەیەی
بزانە داخوا خبرات چیە

به امری خالید زراری ئەزور
گورج سوار یو ریگای گرتەبر

کاتی تیزیك بو لی ئەمیر زرار
دی لەلای راستي خوین ئەهاتەخوار

وتی دوجانە سیدی انصار
کي بەم نوعە توی خستونە خوار

وتی ئەی زرار گەر بروا ئەکەی
یەکی کوشتمی خوینم ون نەکەی

ابجا کابرای بوترجمانی
ووتمان کە لەوی له کەل خوی هانی

زور گریا وتی من خطام نیە
هەرچی یە بوە من آگام لی نیە

زرار پی کوت هیچ دل تنگ مەبە
هەتادیمەوە لیرە ووریا بە

زرار جـــلەوی ولاغـی بردا
بری دەشتو سحرا بە دوای کابرادا
زوری پی نـەچو زراری ئـەزور
دور رەچاوی کرد حملەی بردە سەر
آوری دایەوە ملعونی غەدار سواری بەدوایا وا بوی دی بەغار
خەریك بو تیریك باوی بمو زرار
وە کو دوجانە ئەویش یاویتە (۱) خوار
بەلام مولەتی نـەدایی ئـەمیر
حملەی بردە سەر زو کردی ایخسیر
رای کیشا وتی سواری بەر کردار
چون کشتت یاری رسولی نازدار
چونکە ئەو کورد بو زرار عەرب بو
چی لی ئە پرسی لی حالی نـە بو
رای کیشـا زرار ئەو مردی رشید
تا هینایە لای حزرەتی خالیـد
خالیـــد لی پرسی بلی ئەتو چی
لەکیوە هاتوی بو کوی وە ئەچی
بلام کوردە کە گتي تی ناگەم
یە کیکیان بانك کرد لە ئەهلی روستم
بە کوردی پی گوت تو بوچی هاتوی
بـە دست ئەمانـە واکرفتار بوی
ئەول تـا آخر قسەی تەواو کرد
ترجمانە کە روی لە خالیدی کرد

---

(۱) بخاتە .

وتی ئەلی من عوزیرم ناوە بە تیر اندزی یکەم لەو ناوە
بە ئەمری مەلك هاتوم لەوی‌وە جاسوسی بکەم من لەسەر ایوە
کاتی کە هاتم من لە قـەلاوە دیتم لە ریگا ئەهات ئەم پیاوە
تیریکم تی‌گرت لەلای‌راستیەوە وختیکم زانی بـەرم دایەوە
بولای مەلك وتم ئەگەری مەوە ئەم خەبرە شی بو ئە بە مەوە
بو ئەوی بخشیشي چاك بدا بە من
چونکە کوشتومە ایکی لە دژمن
آکام لی نەبو ایکی بانگمی کرد آورم رایەوە زو ایخسیرمی کرد
خالید وتی لی یگە سـؤال قووەتیان چندە سپاي دین بەتان
ئەم جارە کابرا دایەوە جواب وتی ژمارەمان نایتە حساب
قوة تی زور مان ایستـا لە لایە
روژ بە روژ هەردی لە هەر چوارلایە
بو پاشای دوقمان خەبری ناردوە
بەلام ایستاکە ئـەو نـە گەیشتوە
اما ئەو جیشە ایستا لە شارە ژمارەی ئەوان دوانزدە هزارە
ایجـا میر خالید وتی پی بلی بو دیني اسلام آیا چی ئەلی
وتی من دیني خوم بەدل ناکەم آبا و اجدادم قط ترك ناکەم
وتیان بەبینە ئەم نورە جوانە
بلند یوە لە بەر روی روژ پەریشانە
ئەجارە زرار شیری هەل کیشا بە سەر رواندا خیرا رای کیشا
هەتا سەر روبار لەوی فری دا سەری پەراندو بەزي یەی دادا
زرار قاتـلی دوجـانـەی دل پاك
بوماسیو قرژاران کردی بە خوراك

شهید بونی ئەبو دوجانە بەدستي عزیر

بینە سەر باسی دوجانەی صدیق
کەشهیدی کرد عوزیری زندیق
صحابە هومو تیکرا محزون بو
جونکو لە گەورەی مسلمانان بو
حزرەتی خالید نویژی لە سەر کرد
بە لباسەوە زو دفنیان کرد

خوحازرکردەنی فروح بوشەر

ئەجا بینە وەسەرباسی فروح شاه کاتی نەواو بو لە شکر وسپا
خوی مهیا کرد بو قتالو جەنگ
نر کەی لی ئەهات هر وکو پلنگ
ئەلین کە ملك خوشکیکی هەبو ژیروتی گەیشتو ازمیرەی ناوبو
ازمیر شاریکی خصوصی هەبو بە ناوی ئەوا ناوی نرابو

قصەکردەنی پیاویك لەدی روستم لەخوورو وشتی فروح

لە ئەهلی روستم پیاوی بورشید قسەی ئەکرد بوحزرەتی خالید
گوتی کە مەلیك عادەتی وایە گەریەکی ژنی بخوا ستبایە
ئەبو کە ئەول شەوی بوکینی لە پیشا فروح بچیتە کنی
ئەول شەو تەوا لە گەلی را ئەبوارد
ئەجا سبەی شەو بوزاوای انارد

گەر تورە بەبایە مەلیکی بەدکردار
بە دلوپە لەزاری آو ئەهاتە خوار
گەر ویستبای بچی بو بەرازەراو
سوار ئەبو ئە چو ئەی گرتن بەداو
مالی عالەمي بە زاحەق ئەبرد
لەریوە ریگای بە عالەم ئەگرد
ریگای هاتو چوی قەدەغە کرد بو
روژی لە روژان ئەو جا سواربو
بە خوو جیشەوە بو شارە زور چون
هنا گیشتنە شاری قرجلون
لە سەر ئەم شارە ملکی هەبو
خاوە نی مولکو سامنی زور یو
لە دەولەمندی امثـــالی نەبو
کچیکی هـەبو تابلی جوان بو
بە حسنو جمال قەدو اعتـــدال
هەمهر کەس بی دیایە بوی ئەبو عودال
کاتی بو سحرا روی ودر ئەنا
خەجل ئەبو روژ شەوقي نەدە ما
چاوی رشترابو بە کلی فدرەتی
مردەبون هزار کس لە حەسرەتی

گیشتني مەلیك بەشاری قرجەاون

کاتی گەیشتە مەلیك فروح شاه
زو روی کردە ناو خەیمە و بارەگا
پاش حەسانەوە بیني رابواردن
هاتەدەرە وە بو تە ماشا کردن
هـەر لەو کاتـەش بـە امری داور
کچە کەی مەلیك بە ایش هاتە در
آوری دایە وە فروحی لعین
دی کە وستاوە کچی نازە نین

وخق جواني وی لی معلوم بو آگر لـه دلو دەدونی بەر بو
عقلی لانـه ما له بر جوانی ئەو کچەی که وائه که ین بیانی
خوی راگرت هتا شەو به سر دا هات
دنیـا تاریك بو عالەم کشو مات
بەخوو جیسه وه شەوی سوار بون
کچه که یان به زور راکیشا و درچون
گەراوه ئەوجا ر بەرەو شاری خوی
ئەوەك بەخوشی مەلك دابی پی

یاسی پی زاینی ئەهلی شار

دەنگ بەرز بو وه له نیو شاریدا چو نو خەبریان زو به مەلك دا
ووتیان فروح شاه مەلکی مرجین
ئەو شوو که هەتکی ناموسی کردین
کچه که تی ئەوشه و به زور بردوه
به خوو جیشه وه تی تـەقا ندوه
ئەمجار مەلیك وتی درحال ئەبی به گور جیو لەشکر سوار بی
عەسکر سوار بو به تالوکه و دەو
به شوینیان کەوتن بـەتاریکه شەو
خیرا ئه رویشتن جیشی قەر جەلون
کاتی ذانیـان وا نیزیکیان بون
هندی پیش کەوتن پیشیان پی گرتن
ئەمجار هەمویان کوتنه شەر کردن
کوتنه شەر کردن بەقوتی شان زوری لی کوشتن له پالەوانان

زوری پی نه چو هیندەی ایك سعات
جیشی قرجەلون ناچار بو مەلات
ئەبجارە مەلیك زو بە ناچاری
بە دل شکاوی هاتە وە شاری
لەم لاش مەلیك فروحی لعین
کچە کەی هیناو هاتە وە مرجین
لەسەری شاخ قسریکی کرد بنا
بە ناوی کچە ئەو شاخەی ناونا
کچە کە پیان ئەوت دولەت یار
چونکە جوان تر بو لە اهلی شار
قەلا تەکەش ئەگەر بزا نی
بلند ترە لە هی دست گیرا نی
بە شو بـە روژ پادشـای غـــدار
بەجی نە ئە هیشت کچو کو شکو تەلار
لە قەسری کچە تا قەلاتی خوی
دەدەقیقە یە ئەگەر خوش بروی
ئەلین کە کاتی نان خواردن ئەهات
لە قەسری کچە سفرەی بو ئەهات
زور ظالەم بر کافری مەتوك
فرقی نەدەکرد بە گەورە و بچوك
زور خوین ریژ بو بی حەدو حەساب
فرقی نـەئـەکرد بەچاکو خەراب
ئەلین لەپیش فروحی لعـین
مەلکی هەبوە لە شاری مەرجین
فروح بە زوری شەری لەگەل کرد
مەلکو جیشی ناچار بو رای کرد
مولکو سلطنت هەموی بەجی هیشت
فروحی مـەلیك لەچیگای دانیش
زور بە سام بو فروح لە و زەمان
ناویان لی ناوە بە شیری کوردان
ئەلین و ختیکی کە بوشەر ئەچوو
بو خوی غەنیمی ایك هزار کس بوو

رویشتنی فسطوری کاتب به امری مەلك

ئەجابینە وە سەر ئەصلی حەدیث کاتبیکی هەبو فروحی رئیس
ناوی فسطور بو زوری خوش ئەویست
دائم ئەي داي هەر چیە کی ئەيویست
ئەلین کە فسطور زور عالەم بووە زبانی عەرەبیو رومیش فیر بو وە
چونکە زور جاران لە بوشـام جووە
لـە لای راهیبـان زور دانیـشتوە
لەوی بیستبوی لە ولاتی حجاز وختە درکەویت خاوەنی اعجاز
بیتە دنیـاوە محمد أمین (ص) رەسولی خدای رب العـالمین
دینی وی لە سـەر جمیعی ئەدیان
بەرزی ئەکاتەوە خواوندی رحمان
بە دست یارانی شاهی عدنانی مسخر ئەبی دنیا دریژ و پانی
زور میلی هەبو بو دینی اسلام بلام کس نەبو بیکا بە اسلام
چونکە وعدی خوا تەواو نەبوبو پیغەمبر (ص) ئەو سا پیدا نەبو بو
هەرچاوە روان بو توشی یکی بی
چو نیـەتی دینی لی معلوم بـە بی
هەتا ئەو کاتە بە ئەمری خدا جیشی مسلمان هاتو هەلیـدا
حزرەتی خالید یەکیکی بانگ کرد
وتی هـەر ایستـا برو دستو برد
بولای فروح شاه زو حالی بکە بو دینی اسـلام تبلیغی بکە
کاتی گەراوە رەسـولی حەق ریژ
وتی رازی نابی ملعونی خوین ریژ

ئەوساکە مەلیك لە مال هاتەدەژ

تاجي زیرینی دانا لـە سـەر سەر

لە قەلاتەوە ئەی روانیە خوار لە داخا پیچي ئەخوارد وەکو مار

بانگي کرد فسطور برو هەر ایستا

بو لای عەرەبان هیچ رامەوەستە

بزانە چیان ئە ویت هلیان سنگینـە

لە دسـتو بازوی من بیان ترسینە

بلی کە مەلیك رحمتان پی ئەکات

ئـەگینا بـەزور دی درتان ئەکات

ئەلی کە نابي لیرە بمینەن والآ زەربەی دسـتم ئەبینەن

سویندم خواردوە من بە آگر ونار

لە قەلاتی خـوم ئە گەر بیمە خرار

گشتیان سر ئەبرم هر بەدستی خوم

تیکرا ئەیان کەم بە قوربانی خـرم

ئەچم بـو مکە کعبە تیك ئەدەم خلیفە کـەیان هم لە دار ئەدەم

بزانەن جیم کیـیە بو خوشـم کیمە

وەکـو یەکیکـی بازاری نیمە

رولەی کوردائم کوری زەمانـم

ئـەمن قـاتلـی بالـەوانـانـم

وختی لە شرا شیر رائەکیشم وەکو عزرائیل روحیان ئەکیشـم

ئەمن ئەوکەسم کە ناوم ئەبەن

مندال لە بیشکە بەمن ژیر ئەکن

ایتر ئەمەوی ایستاکە ...برو بلام کە هوشـت بینەوە سر خو

آگات لە خوت بی همتت بي بە سحری ئەوان هیچ بروات نەبي

جوتکه ئەمانه وەك گورك ئەكەن
نیجیر ببینەن طماعی لی ئەكەن
گەر لیبان گەری ،الا تت ئەخـون
گەرپیان کمـری هلدینو دەرون
اجاره فسطور هستاپیدەر حال بو وەی که بروا رویشتەوه مال
هر وەکو وتمان فسطوری نجیب
ئەو بیسـتبوی له بحیرلی راهب
که نیزیك بووه له شاری مکه خوشو یستی خوا وختە ظهور کا
ئەلین که فسـطور هیسـتریکي هبو
هینایه دەری خیرا سـواری بوو
رویي روی کرده جیشی مسـلمان
کاتـي گه یشـته ناو خیمه و چادران
سـیري کرد ئەوا نور ارتفاع ئەکا
جواني ئەو نوره پیاو حیران ئەکا
صحابه هەمو وەك شـیر وستاون
بو ئەمری خالید دست له سەر چاون
عقلی لا نەما چەندی بیستبو سەد ئەوەندی تر بەلکو زیاتر بو
اجاره ونی هیچ شکی نیـه ئەم دینه حەقـه امري رەبیه
هات نیزیك بووه له خیمەي امیر
چووه پیشەوه زور به عاقلو ژیر
خەریك بو سجده بەري به اخلاص
بەلام نەي هیشت فضلی امام عباس
وتی کەسجده بو هیچ کەس مەبەن
وەك اومتـانی رابردو مەکەن

نەبو مانگو روژ نەبو آگرو نور سجده لایقه بو خدای غەفور
امریان پی کرد فسطور له تەتیشت
خالیدەوه بە ئەدب دانیشت

خالید لی پرسی تو بوچی هاتوی آیا مەلکت بەفیلی ناردوی
ولامی داوه بەفیل نەهاتوم بلام بەقسەی فروحشا هاتوم
منی ناردوه ئەلی که ئەمن قایل نیم هرگیز بینه دیاری من
بە سلامەتی بابروانەوه ئەگینا وەك مز آیان توینمەوه
زور پالەوانه ایکجار جابره بلیسەی شری وەکو آگره
خالید بەم وته کەمی زردی هات
وتی بە قاصید معلوم بی لەلات

چویتەوه پی بلی با بەقسه بەتال بەوتەی بی جی خوی نەکا عودال
مەگەر نەی بستووه چندان وکووی
سریان شور بووه کەو تونه زوی

هەر چند عنادبی ئەوزەردەکا له هەردو دنیا خوا ریسوای دکا
بگەریوه لای ملك بی درنگ بلی سبینی حازربی بو چنگ
ئەوجا فسطور ئەو مردی عاقل روی کرده خالید امیری عادل
وتی ئەمەوی مسلمان بەبم تا له قیامەت دا سر قراز بیم
چونکه له میژه انتظار ئەکەم له دینی آیوه هەر پرسیار ئەکەم
ایستاش چه بفرموی بەقسەت اکەم
له نیو چاوانتان ظفر در ئەکەم

وتیان اشهدو ان لا اله الا الله و اشهد ان محمداً رسول الله
بلی که تاکو بی شریك خوایه راسته محمد رسولی الله یه
فسطور ایمانی هینا به جوانی نوریك پیدابو له نیو چاوانی

ئەمجار، فرموی خالدی سەردار

وتی لە لای کەس خوت لە کەی اظهار

بچو لای ملك وای تی بگەینە خەبەرات چی بو پیمان بگەی نە

با ئەو ساز بکا عسکری شەیتان

ایمەش ساز ئەکەین عسکری رحمان

سوار بو گەراوە فسطوری مؤمن

بو گەورەی قەلا بو لای ئەو لعین

لەولاوەش فروح ملکی کوردان

کە فسطوری نارد بولای صحابان

چو بو سەر شاخی تەماشای دە کرد

لە بابەت اسلام هەر فکری ئەکرد

لەم لاش بە ئەمری خالید امیران

باریان کرد روین بو گوندی سنجان(۱)

گەیشتنی صحابان

بە دی سیناجیان

بینە سەر باسی اهلی دی سیناجیان

کاتی نیزیك بون اوردوی صحابان

بە خاصو بە عام بو پیشوازی چون

بەبی قسەی ملك گشت مسلمان بون

گەرانەوی فسطور و کوژرانی

بینەوە سەر باسی کاتبی مسلوح کاتی گەراوە بولایی فروح

(۱) سنجان : بە سیناجیان ووتراوە کە لە نزیك سلیمانیة

ئەبینم وهارنگت تیك چووه
ملك لی‌پرسی وتی چی‌بووه
سحری عرەبان کاري تی کردوی
بەقسەی پرو پوچ هەلیان فریواندوی
وتی ئەی ملك لە حەق لامەدە
خوتو رعیەتت بە هلاك مەدە
راستیو حەقیقت هەر لەلای وانە
فتحو نصرەتیش هەر لە بو وانە
رني من وایە گەورەم بزانە
صلح کەین لەگەل ئەم عرەبانە
گەربەقسەم بکەی گرەو ئەبەیتەوە
لە جیو شوینی خوت امینیتەوە
کاتی کە فروح ئەو قسەی گوی‌لی بو
رقي لی‌هەستاو چاوی لی‌سوربو
پارچە پارچەی کرد ملعونی غەدار
لە سەر شاخی را هەلی داشتە خوار
بابەجی بهلین باسی کوردەکان
بینەوە سەر باسی مسلمانە کان
وتمان کەوختی اوردوی صحابان
هاتو نیزیك بو لەگوندی سیناحیان
بەلهجەی خویان دستیان کرد بەقسان
وتیان یمەژنا یعني جاء الجان
اهلی سیناجیان پیشوازیان کردن
ئەوشەوە لەوی خزمەتیان کردن
شەوی مانەوە هەتا بو بەروژ
صحابە هەستان بوصلواتو نویژ
فرضی خدایان وختی بەجی هینا
بانگی کرد ئەلای خالیدی اومراء

رويشتني عبدالله عمر بوسەر
گوندي سيدەر

آلايەكي هينا خاليدي سەردار داي بە عبدالله‌ي عمري سالار . .
وتي لەگەل خوت هزار سواربەرە بگرە چوار دەوري گوندي سيدەرە
ئەم‌دي‌يە لەشيوەكي‌زورتەسك‌دايە تالاني بگرە هەرچي تيدايە

رويشتنى مقدادي اسود بوسەر
گوندي شارەستين

ديسان بانگي كرد خاليد بو مقداد
هزار سواريشي بو ئەو هەل بژارد
وتي توش برو بو دي شارستين
تالاني بگرە هەرچي كە لەوين
عبدالله مقداد هەردو اميران
رويشتن بە أمري أميري زمان
كە ئەمان روين خاليدي جوانرو
خيرا بو خوشي ابجا سوار بو . .
سوار بو لەگەل زبيري عەوام . .
فضلي ابن عباس مەردي بە اكرام
زراري ازور ئەميري شفيق . عبدالرحمن بو بكري صديق
وە هەم عبدالله‌ي ايوبي انصار لبيان بي رازي خواوندي غەفار
كاتي سوار بون حملەيان هينا .
هەتا نيزيك بون لە گەورە تەلا

لەولاشەوە فروح وەبەر چاوي هات
واعەرەب هاتن رو بەروي قەلات

چو بو قصري خوي زوري برسي بو
لە گوشتو طعام وختي كە تير بو

كوپە يەكيشيان شراب بو هينا ..
زو وەري گرتو يەسريەوە نا

هيندي خواردەوە هەتا سەرخوش بو
چاوي لى سور بو انجا بلند بو ..

بەبەر خويدا كرد زري داودي
لەسەرخوي كرد كلاو خودي عادي

رميكي هينا لەخوي قايم كرد ...
شيريكي هينا بەدەستيەوە گرت

اسپيكي عرەبي هينا بەستيەوە ..
دەرگاي قەلاتي انجا كردەوە

فروح سوار بو لە قەلا هاتە خوار
بە دواي دا هات پينج هزار سوار

هەمو زر پوش كوردانى بي دين
هاتە خوارەوە فروحي لعين ...

تراصفيان كرد تيرە اندازەكان
رو بەروي صحاب لە پيشەوە وستان

كوردەكان وەكو زنجيري آسن
كەتيك تەخرين وليك قايم تەكرين

نفسي خويان بو مردن دا نابو .
تەبد كەس فكري دواروژي نەبو

خالید کـه وهاي هاته بر نظر . .
زور به‌تالوکه حمله‌ي بردنه سه‌ر

کورده‌کان ئه‌ت وت به‌ردن تـابتن
سویندیان خواردبو بو هل نه‌هاتن

به‌بي مبـالات هاتنه پیشـــه‌وه .
ملك فروحیش له پیشـــیانه‌وه .

ئه‌هاتو ئه‌چو هه‌ر تي رائه‌خورین
ایوت بکوژن له تیپي مسلمین . .

جاشه‌ر گه‌رم بو له بینیان دا .
له تیپي اسلام شکست دیاریـــدا

بـو مسلمـانه‌کان گه‌رانه‌وه بو . . .
تـداوي بکـه‌ن برینه‌کاني خو .

چونکه به‌تیري کوردي ده‌ست‌راست
برینـدار بو بون له چه‌پو له راست

ایجا صحـابه زوریـان هه‌لاتن
حذره‌تي خالید پیشي لي گـرتن .

وتي هـه‌ل مه‌ین اي ئه‌هلي قورآن
بگه‌رینه‌وه بو جه‌رگه‌ي میدان

صد بـــارك الله له عمري ایوه .
مـن حمله ئه‌بم وا له پیشـــه‌وه .

ئه‌ي ووت بزانه‌ن أیمرو روژیکه
نـایتـه‌وه دوا جـاریکي دیکـه .

مـن حملـه ئه‌بم ایوش له‌گه‌ل من
مگه‌رینه‌وه ایوه له ترس دژمن . .

وختي صحابه وايـان گوى لى بو . .

بەوتەى خالید دلیـــان ساكن بو

امیران هەمو هاتنـــەوە جولان

هەلیان كوتایه سر لەشكرى كوردان

حملەى بردنه سەر خالید بەاخلاص

له دواى ویش فضلي امامي عباس

له دواى ئەوانیش زوبیـرى عـــوام

زراري ازور مـردى به اكـرام

عبدالرحمن بو بكـرى سالار

وهـــەم عبدالله‌ى ایوبي انصـــار

غیرى ئەمـانەش مسلمـان هەمو .

بـو گوشـەى میدان گـەرانەو زوو

جاریك به شیران صحـابەى دیندار

جاریك بەرمان ئەیان خستنه خوار

مردان هجومیان كرد بوسەر كوردان

هەلیـان پەرداوتن وك دروینـده دان

بو خـوابى چاكەى فضلي عباس هەم

زرارى ازور زوبـیرى عـــوام .

وهـەم عبـدالله‌ى ایوبي انصـــار

ژمارەى كوشتاریان نەئەهاتەژمارە٤

شەریكي وها گەر كەس نەى دى بي

هەروەكو آگـر لـه پوشي بر بي ..

كه ایان زاني وایان لى ئەهات له قەلاتەوة ایكیان نەدەهـات

هیرشي صحابان كەتیني هینـا . . ناچار كشان كوردان بودوا ...

خەریك بون هەڵین بو گەورە قەلا لە ترسي فروح نیان ئەویرا . .
چونکە کوشتاریان زور لی کرابو . .

دیسان لە ترسي ملکي بي دین . کەسي بە هیوای روحی نەمابو
دورەیان لیدان مسلمانان . گەرانەوە شەري مردن وژین

ئەوسا صحابە لە ترسي تیران . . تیریان ئەهاویت وك تاوی باران

وختي کە خالید امەي چاو لی بو . خویان ئەپاراست بە خودەو قلغان

بەرزی کردەوە صحابە دی تیان . ئەو آلایەی وا بە دەستەوە بو . .

دنگي بلند کرد خالیدی دل پاك زور بە قوت بو نیەتو ایمان

ئەمە برکەتە لە بو عمرتان . حملەی بردە سەر کافری بي باك

کاتی کە خالید ئەمیری سەردار غنیمتە بو دنیاو قیامەت تان

پالەواني حملەی بردە سەر تشجیعي کردن تیپي ایمان دار
ئەم پالەوانە ناوی کرکر بو . خالیدی ولید وستا برا بر . .
بە ضرب المثل ناویان باس ئەکرد لەناو کوردان دا زور معتبر بو .
خوی پیچایەوە وەکو پارچە کیو کە مقابلەی صد کەسی دەکرد

نرکەی لي ئەهات وەکو پیرە دیو
بەراستو چەپا ئەو بە صحابەن دری پی ئەدان کرکري بي ایمان

ئەم‌جارە خالید حملەی بردە سەر
شیریکی لیدا دای لە توقی سەر .
بەلام داخەکەم کەسەری نەگرت
لەبەر خودەکەی تأثیری نەکرد
شیرەکەی پسا خالید کە لیدا ....
پەری دسکەکەی بەدەستیوە ما .
ئەم‌جارە کرکر ئەم درون پیسە
کە زانی خالید شیرەکەی پسا .
لی کوتە طماع هەی لە اسپی کرد
آوزنگی لەگەل هی خالید جوت کرد
کوتنە ملا نە بەقولو بەشان ..
خالید رای کیشا زینی پچران
بەخوی راگوشی خالیدی دلیر
وردی کرد پراسوی کرکر بی خیر
کاتی کە فریدا روحی ودەر چو بو
ئەم جارە ئەو شیری بەستیەوەبو
شیرەکەی هەل گرت خالیدرای وشان
بو دور لە خدا پریشکی ئەپرژان
خالید حملەی برد ابجار مسلمان
خویان تی روکرد لە ناوەراستیان
بەراستو چەپا تفرقەی ئەکرد ..
ئەمجارە بەدەنگ ناوی خوای ابرد
ای وت امنم خالیدی ولید
هەمو بمناسن لە جنگا رشید
دیسان دستی کرد خالید بەکوشتار
بەدلوپە لە شیری خوین اهاتە خوار
شەری صحابەو کوردان دریژەیدا .
تا روژ گەیشتە ناوندی سەما
خوین لەزریان ئەهاتە خواری
وەك جرکی وشتر بەپری بهاری

له دستو بازوی فضلي ابن عباس

صد ماشا الله دلیری خوا ناس

حمله‌ی برد له پیش خالیدی دلیر وه‌ك بكه‌ویته ناو ران نره شیر

خالید و زبیر دو خاوند هونر فضلی ابن عباس و زراري ئه‌زور

عبدالله‌ی ایوب هه‌م عبدالرحمن

حمله‌یان ئه‌برد رو به روي كوردان

كشانه وه‌ي فروح له مه‌یدان

شه‌ریكی وا كه كه‌س نیدی بو فروحیش ئه‌مه‌ی وختی چاو لی بو

زانی كه ره‌شه بختي روناكی ناچار بو هه‌لات به‌دل غه‌مناكی

پشتی كرده‌وه رو به روی قه‌لات بلكو روحی خوی زوبدا نه‌جات

قه‌ومه كه‌ی كاتی وه‌بر چاویان هات

وا ملك فروح له میدان هه‌لات

ئه‌وانیس دستیان كرد زو به هه‌لاتن

صحابه‌ی رسول به‌شوینیان كوتن

ری‌یان كه‌وتن تا له‌شاخ چونه سه‌ر

نه‌گه‌رایه‌وه زراری ئه‌زور

به بردو به تیر ره‌میان لی ئه‌كرد

ناچاربو زرار زو رجوعي ده‌كرد

اجا صحابه زو گه‌رانه‌وه دوا بو جیگه و ماوای اوردو باره‌گا

باسی ئه‌مانه بابه‌جی بیلین سه‌ر له‌عبدالله‌ی عمر هه‌اینین

بەسەر هاتی عبدی کوری مام عمر
لە گەل دی سیدەرە

عبدالله عمر کاتی بوسیدەر بە امری خالید ریگای گرتە بر
دیتیان کە عالەم لە سەر شاخەکان
خویان شاردبووە لە بەر صحابان
بەخوو یارانی حملەي بردنە سەر
زوری لی کوشتن نەیان ئەکرد شەر
چونکە البیسە وسلاحیان نەبو لە ناوە خویان سەرو کیان نەبو
هندی هەلاتن هندیکیش کوژران
مرو مالاتیان گشت بو بەتالان
اصحاب تالانیان زو خر کردەوە بو لای میر خالید زو گەرانەوە
خالید دل خوش بو بە هاتنە وەیان
بەو غەنیمەتەی کە هینابویان

رویشتنی ئەهلی شاری مرجین (۱) بولای صحابان

امانەش لیرە با بەجی بیلین با بینە باسی ئەهلی دی مەرجین
لە شاری مەرگە گەورە یەکین بو
عاقلو زانا زور بە غیرەت بو
کە زور جار بوشام بە سەفر چوبو
باسي پیغمبری (ص) لەوی بیستبو
لە قەشەی رومیان وەری گرتبوو اسلامیت لە دلیدا جي گرتبو
ئەیەویست ببیني ایکی بە امجد لی پرسیار بکا باسی محمد (ص)

---

(۱) مرجین بەمەرگە وتراوە کە لەلاي قەلادزەیە .

هەتا ئەو روژە جیشی مسلمان هاتو هەلیدا لەدی سیناجیان
دیتي کە مەلك شەری پي نەکرا

میدانی جیهیشت هەلات بو قەلا
لەبر خویەوە فکری کردەوە

خزمو قەومی خوی زو خرکردەوە
دوازدە کەسی لی هەل بژاردن وتی ئەمەوی شەو آمادەبن
کاتی کە هاتم ئەبی هەموتان

حازربن بروین شەو بگەینە سنجان
نەبادا یکی ببتو تیمان بگا بچیتو خەبر بە مەلك بدا
ئەو شەو نوبەی عبدالرحمن بو بو مسلمانان ئەو پاسەوان بو
پاش ورگرتنو پرسیار لی کردن بو لای حزرەتي خالیدی بردن
خالید لی پرسی ایشتان چیە بلین هاتنتان سەبەیی چیە
وتی سەروکی مەرجینین ایمە من ناوم پیروت کوری بهرامە
ئەوی لە گەلە هەمومان خزمین

هاتوتي بە دلو گیان مسلمان ببین
بومان معلومە کە دیني ئیوە حقە لە بویي هاتوین لەوی‌وە
جا خالید لە دوای پرسیار لی کردن

رحمی پیان هات اکرامی گرتن
لەلای حزرەتی خالید هەمویان لە سەر رغبەتی خون مسلمان

پشیمان بونە وەی هورمز و خەبر هینانی بو فروح کە پیروت لەگەل دە کەس مسلمان بون

بلام لەوانە ایکیان لەگەل بو لە روژی ئەذل دەلی پاك نەبو

پەشیمان بووە گەرایەوە زوو بو گەورە قەلا بولای ملك چو
وتی وا پیروت لە گەل قەومەکەی
چون مسلمان بون گەر باور ئەکەی

ئەجارە فروح مەلکی کوردان
ئەم خەبری بیست کافری بی ایمان
زور رقي هەلسا ملعونی غەدار امری کرد لەشکر زوبي سوار
لە گەل خوشی برد هورمزي بیدین
شبەي خونی کرد بو شاري مەرجینی
وتی بکوژن بە تیرو بە شیر لە بچوکو گەورە لە مندالو پیر
مرجین کوتوتە شرقي قەلات کە فروح بەخو جیشەوە هات
چند مردی کوشتن رفیقی شیطان مالو مندالی ودەري ئەنان
ئەم کوشتارەي کرد لە ئەهلی مرجین
چون رقي هەستابو کافري لعین
با باسی ئەمان جاري لیرە بی ایرادي خوا بزانین چون ئەبی

بەسەر هاتی مقداد لە گەل ئەهلی دی شارەستین وگەرانەوەی

بینە سەر باسی مقدادي اسود کاتی کە ناردي حزرەتی خالید
یەك هزار کەسی برد و رویشتن هتا گەیشتنە گوندي شارەستن
وختی تی گە یشتن ئەهلی شارستین
بە عزمی غەزا هاتون مسلمین
سلاحیان پوشیو بو شەر هاتنە در لە گەل اصحابان وسەان برامبەر

خلاصەي كـلام پاش قتـالو جەنگ

مقداد ئەم دييەي هينايە ژير چەنگ

باسی ئەم شەرە كە نەمان تواني لە بر دريژي بيكەين بـەيانی

ئەجـارە مقـداد بـە نصرەتەوە گەرانـەوە بـە غـەنيمەتـەوە

شەو بو نيزيك بون لە شاري مەرجين

بيستيان ديت دنگي هـاوارو گرين

مقداد زو زانی كەشتی قەوماوە كە ئەهلي مەرجين بلين‌يان راوە

ياصلحيان كردوە يا مسلمان بون

بە سەريان مەلك كرديە شيەتی خون

ابجارە وتی ياران ئەمەوی خوش برون با زو بگينە ئەوی

گەر اسلام يوبن حقە لە سەرمان

بچين بو امداديان بەدلو گيانمـان

حملەيان هينا صحابەی بەدين هەتا داخل بون بە شاری مەرجين

دوری ئەم شارە حەساری نەبو لە هەمو لاوە چونە ناوی زو

صحابە تيكەل بون لە گەل كورران

دستيان پی كرد بەشمشير وشان

بەتاريكی شەو صحابەی دين دار

سەريان ئەپەرا وە گەلايی دار

لە ايوارە وە هـەتا نبوە شـەو شير كاری ئەكرد لە ئەمو لە او

ئەجارە مەلك تينی زور بو هات بە خو جيشەوە هەلات بو قەلات

بلام مقداديش بـە خو جيشەوە دوايان كوتن تا دوريان خستنەوە

هەلات بو قەلات فروحی لعـين مقداد گەراوە بو شاری مەرجين

بانگی قەومەکەی بولای خوی کردن
کە بوچی مەلك وای لەگەل کردن

گتیان بـە قوربان قدومت خـیر بی
دشمن بـە دستت سەر برو ژیر بی

لە ئەوەلەوە هەناکو ئەخیر عرزی مقدادیان کرد بەبی تقصیر
چون پیروت چو بو بو بەمسلمان کە یەکی لەوان بو بو پشیمـان
کاتی مـەلك ئەمـەی ئـەبیست
بو سەریان شەوی بە جیشەوە دیت

وەك بو خوت دیتەت ئەمەی پی کردین
لە دست ئەو بەگە رزگارت کردین

مقـداد هاتە جواب کە لەمولاوە
ایتر لەسـەرتان ترس نەمـاوە

حمد و شکرانە هەر بو خودایە دفعی کرد لەسەرتان ئەو بلایە
شـەوی هانەوە هەتـا بەیـانی استراحەتیان کرد بە کامەرانی
سبینی گەران بـەناو کوژراوان
پینج کەس کوژرا بون لە گەوری کوردان

لە ئەهلی ئەعەولم دەکسی دیکەش
کەوتبون لەوی سەریان بـە بی‌لەش

قسم بەو خوان کەعلمی هـەیە
هەرچی کە بەبیت بـە امری وی‌یە

لەتیپی اسلام گەلی کوژرابو تنهـا دوکەسیش بریندار بوبو
ئەویش یکەمیان ناوی حارس بو
دوهـەم عبـادە لـە ئەهلی طی‌بو

گەرانەوەي فروح لەميدان

كاتي گەراوە مەلك فروح شاه اول كەسي بو گەيشتە قەلا
سەبيني فروح هەتا ايواري غزري لە داخا نەهاتە خواري
شەو بە سەر داهات دنيا تاريك بو
عبديكي هەبو دائم لەلاي بو
بانگي كرد وتي برو هەر ايستا بولاي ازميرە هيچ رامەوستا
وتي پي‌بلى بارگا اوشوكە ئەهلى شارەكەش خەبر داربكا
نابي هيچ شتيكي بلي لەبير بەچي بلام اهالي ئەوى كەنە چي
تالانيان بكا نيان داتى هيچ فريوي نەدەن بەقسەي پرو پيچ
بارگاو بروا بولاي مام مان مالكي هەژدر مەلكي دوقومان
رسولى مەليك كاتي گەيشتە وي بە ازميري وت خيرا جي بەجي
بەوشەوە ازميرە كچي داناو ژير قەومە كەي‌بانگ كردبەجوانو بەپير
وتي كاكم وا پياوي نارده لام كە اوشو بروين بە خاصو بە عام
هندي اهالى اطاعەيان كرد بلام هينديكيان بەقسەيان‌نە كرد
مالي ئەوانەي وتيان كەمە نايين هەلي گرت وتي بو خومە
لەگەل ئەوانە بەقسەيان كە كرد رويشتن رويان لە دو گومان كرد
كاتي گەيەلاي مامي ازميرە وتي كچم هاتتت شەرە يا خيرە
باسي كاكي كرد ازميرە زور جوان
كەچي بەسەر هات لەگەل عەرەبان
مالك كەامەي لە كچە زاني اگري بربو لە دلو گياني
گريا زور گريا تاريشي تر بو سەري نوي كرد سعاتي مات بو
لە پاش بينيكي سەري هەلهينا وتي ئەنيرم بو جيشو سويا
كاغەزي نوسي بە گورجي خيرا يەكيكي نارد بو شاي فانجورا

امر كرد وتي ايكي تر بروات بو پاشـــاي فحوا ام نامه‌يه بات
ديســـان وتي ايكـي تر بروا بولاي دانيكـور ام نـامه بەبسا
مەلك كاغەزي بو هەرچي نـاردبو بەريوه بويان لەميژ بو هاتبو . .
بلام داني كـور جوابي نەدابو چونكه عەداوەت له بينيانا بو . . .

شەر كردنى فروح بوجاري دووەم

بينەوه ســـەر باس ملكي مطلق وختي بەياني كه روژ داي شبەق
كتو پر هةســـتا خوي مهيـا كرد وتي ئەمەوي ايستا دســـتو برد
گەر حمله بەرين هەمـو پيكـەوه تيراندازەكان بچنه پيشـــەوه
لەولاش خاليد و مسلمـان ويكرا بەرەو روي كوردان هيرشيان هينا
صحـاب لەولاوه كوردان لەولاوه ليكيان دا ئەتوت محشر هەلساوه
صحاب دەستيان كرد بەشمشير وەشان
كوردان دستيان كـرد بەتير فريدان
كاني كه خاليـد ئـەمـەي چـاو ليبـو
قتـال بو بەعـام كلەي گـــەرم بو
لەسەري خوي بست ميزەرەكي سور
صحـاب لەهەرلا ايـان دي لەدور
عادەتي وابو حذرەتي خاليـد هەموجار ئەيبست بوجنگى شديد
ئەهاتو ئەچـــو جولانى ئەكـرد هاوار و بانگى له صحـابـان اكرد
كاتى شيرەكەي له كيلان كيشـا كەراي ئەوەشاند پريشـــكى ادا
بەلام كوردەكان بەدلو بەگيـان ئەهاتنه پيشى بو جرگەي ميدان
ديسان صحابان مـردانى غيرەت جيشى كوردانيـان خستە هلاكەت
بو خوابى غـزاى پيروتى مسـلم ليبى رحمتي خواوندى رحيـم

هەر وەکو ئاگر بسوتینی شـت فرقی نەئەکرد کی توش باای کوشت
بەدەستی شیرو رمبیش بەدەسـتیك
ئەیوت بوم وەرن دو دو ایك ایك
زوبیری عـەوام هـەم فضلی عبـاس
دریان پی ئەدان لە چەپو لە راست
امیران هەمو هیرشیان هینـا..
خر پیچیـان کردن بـرو روی قەلا
جیشی کوردەکان هەمو وا هەلات
برو روی شـاخی سەر کوتنـە قـەلات
کاتی کە کشـاوە لەشکری کفار
عاصی بون لەسەر شاخو شورەی شار
بەبرد و بەیتر لەسـەر بو خوار ایان هاویشتن بویتپی دیندار
بەلی ابجارەش شەربلاوی کرد هەرکام بوجی خوی انسحابی کرد
یاران گەرانەوە بەکیفو دم ساغ
کوردان مانەوە لەناو بـەردو شـاخ

بانگ کردنی امیرانی کورد لەلایەن خالیدەوە

بینەوە سەر باسی خالیدی ولید بانگی کردنە لای یارانی رشید
وتی کوردە هەرچند زانا نین بلام بومیدیان وەك رومیە کان نین
ابینم غیرەتتان زیادە روژ بە روژ
مبالات ناکەن بە فەوتی دوا روژ
گەر حملە دی نەن بەدستە و شمشیر
خوو ئەدن بە سەر نوکی رمبو شیر

نەدمیوە وەکو ئەوانە ملعون بەدستي خویان بن سەرنگون
هەرگیز وەك ئەمان بي دینو غدار
نم بستوە لەکس عبوسو انکار
من واظن ئەبەم لەگەل ئەوانە
مشقەتي زور وابەسەرمانە
چونگە ئەمانە اهلی شاخاوین
بوشەر وك شیرن بەعقل و حشین
حەز ئە کەم لیبان مسلمان بەبن
چونکە شجیع ترین اهلی سەر ارزن
ئەوجا صحابە هاتنە جواب وتیان
ئەزانی ئەزیت ئەبینین لەگەل یان
گەرواتي ئەگەی شەر دریژ ادا
کاغەز بنیرە بو ابا عبیدە
بفرمو ایکي زو بکەین رەوان امدادیکي زور بهینی بومان
ابجارە خالد زو کردي خطاب بو وتەی یاران دایەوە جواب
من داوای امداد لەهیچ کەس ناکەم
بەس داوای نصرت لەیزدان ئەکەم
نصرەتمان بدات خودای لامکان
وەك سری خستوین لەزور ولاتان
قەتاعی عمری تمیمی بلام خەبەرداری کەین واچاکەلەلام
لەکەل کتیبەی خرصاء خریکە لە شارەزورە لیمان نیزیکە
داواي یارمەتی هەر لەوان ئەکەین
توکەلیش هر بەخوا ئەکەین
نصرەتمان بدا لیروپاشەوە وەك سەري خستوین لیرەوپیشەوە

ایمـــه هەمـانه رب العـالمین بلام خو دشمن شك نـابەن معین
چی بیلین لیره باسی ئـەمـانه بینه سەر باسی ئەوان کوردانه

مشوەرەت کردنی فروح لەگەل وزیرانی لەبابەت صحابانەوە

کوردان له میدان کاتی کەشکان
خویان عاصی کرد لەسەر شورەکان
مەلك فروحیش ملعـــونی غـــدار
روي خویـان دەرني لەسەر تا به خوار
لیوي خـــوي ئەگزت لەرق بەددان
ئەیوت اي هاوار چي هات بەسەرمان
بـانگی کردنه لاي اربابی دولـەت
فکري کرده وه مات بو یوك سەعـات
لەدلي خویدا وردیاتی ئەکرد لەبابەت اسلام هەر فکري اکرد
سەرکوتون بەسەر زور قەلاتو شار
تەختیـان کردوه چند قەلاو حەسار
چند جیشی زور چند مردي میدان
ذلیل بون بەدەست ضربەي صحـابان
چندان مەلك بەدەست ذلیل بون
چند پالەوانیان بەدەست اسیر بون
کەس له میدانیـان خـو رانـاگری
ژیر تختي منیش که هەر اگیري

امیره‌که‌یـان وه‌کو شـیر وایـه بو میدانی شه‌ر وه‌ك بلا وایه
هه‌مویان بوشه‌ر وه‌کووی وان ابد هه‌ل‌ناین له‌جرگه‌ي میدان
خري کرده‌وه ره‌عیه‌تو سـوپـا .. هه‌ستایه سه‌رپی خطبه‌ییکی‌دا
وتی گوي بگرن اي نه‌وه‌ي کوردان
رئی ؟ ایوه چیه له‌بو صحابان
دنیایان گرتوه له‌دریژو له‌پـان بویان ناویري که‌س بچته میدان
هیچ کوسپی نیه که بیته ریـان هه‌روها ایمه‌ش ئه‌گرن به‌آسان
هه‌مو ئه‌زانه‌ن ئه‌م قه‌لاته‌ي مـه هی من نیه بـه زور سـاندومه
له مه‌لك جبل مه‌لکی ئه‌رمه‌ن له‌مه‌لك سوساي براي جالي‌کون
أم‌جا واچاکه که ایمه‌ش هه‌ل‌بین
شه‌وداهات کوچ که‌ین له‌ارزي مه‌رچین
بچینه دوگومان زو بولاي مـامـه‌م مه‌لکی هه‌ژدر واچاك ازانم
ایجـــا له‌وي کـه دلنیا ئه‌بین له‌شه‌ري عـه‌رب دل امین ئه‌بین
ئه‌وساکه له‌ویش هاتن بو سه‌رمان به‌عمومي شه‌ر ئه‌کین له‌گه‌ل یان
ته‌واو که گویان له قسه‌ي مه‌لك بو
هستانه سه‌رپي جوابیـان داوه زو
وتیان زور باشـه ایمه‌ش هه‌روه‌هـا
له‌بیني خومـان وا بریـارمان‌دا
وتي اي قه‌وم ایوه دل مـردون
امن به‌م وته تجربـه‌م کردون
غیره‌تي ایـوه نـه‌م‌زانی وایـه
چون به‌جي دیلم من ئه‌م قه‌لایه

بەجي ناهيلم من خاكو وولات

تابە موداي شير ليرە ئەم كەن مات

من نيشتمانم وەدست كەس نادەم

يا دەيان كوژم يا خوم بەكشت ئەدم

نيشتمان حەقي لەسەرمە هەيە كەوابو عەرب قيمەتيان چيە

چونكە بيستومە من لەپيشينان لەپياوي عاقل لەگەوزە و ژيران

كە راثەوستي مەلك بەسياسەت هەم ئەپاريزي ناموس بەرئاسەت

ئەم كەوابو چون غيرەتم دي ناروم تا خوينم ليرە دەرژي

چونكە مەلكان زور لومەم ئەكەن

نسبەتم بەلاي ترسنوكي ئەدەن

مردن بخوش ترە لەژيانى تەمەل هەروەك وتراوە لەضرب المثل

بمرە تو لەسەر ريگاي پياوەتى چاك ترە بژي بەرزالەتى

شەو بەسەرداهات بتال بو ديوان وايان قەراردا سبەى بچنە ميدان

ئەوجا شەري ضحابەو كوردان

بوجاري سي يەم

كاتي كە روژى كردەوە يزدان صحابە دايان لەبانگى بەيان

لەمەلاش كوردەكان كەبو بەبيان هاتنەخوارەوە لە شاخ بوميدان

دنگ برزبووە لەناو صحابان صداى النفير دەچو بو كيوان

سپاي صحابان تقدمى كرد روبەروى كوردان استقباليان كرد

تيكەل بو سپاي كوردو صحابان

بوبە شيروەشان هەم حربە ليك دان

بو خدابیت چاکەی صحابەی دین‌دار
حملەیان ئەبرد دو جار وصي جار
قصابیان ئەکرد لەکافري بەخیر وەکو رانە مەر حملەبری شیر
تشجیعی یەکیان ئەکرد کوردەکان
وەك برد چەقي بون لەگوشەی میدان
لە هەردولاوە کوژرا و برینـدار
ئەونده زور بو نەهاتە ئۆمـار
وورگیان ئەدری سـەویان فریدان
صحابە لە کوردان کورد لە اصحابان
صحاب ئەیان وت کە وەك کوردان
توشمان نەهاتوە لە هیچ ولاتـان
دیسان صحابە هیرشیان هینـا لە چەپو لەراست هیرشیان هینا
ئەو جارە زرار چو لای شاخی گرت
کافري هەل ئەدان او ري پي ئەگرت
هەر لە سبینی وە تـا نویژي شیوان
تا تاریکي شەو هات کردی نیوان
کەس لە چنگی کەس دریفي نە ئەکرد
پاشان هەردولا انسحابیان کرد

هەلاتنی فروح لەمیدانی اصحاب وتدبیر کردنی بو فرار کردن

بینە سەر باسي فروحی بی‌فەر کاتی کە هەلات لە میدانی شەر

هاتەوە بەدلی محزون بو قەلات
زور بەغەم باری بی دنگ کشومات
هەتا سبەی ونوزی نەدا دەمی لەنانو لەآویش نەدا
وتی لەگەلیان شەرم پی ناکری سپاشم ئەروا نانیشم ئەبری
بانگی کردنەلای ئەربابی دولەت
وتی ئەمەوی ئەگەر شەود داهات
خزینەی گەورە زو بشارنەوە نەوەکو عەرب بین بی‌بینەوە
اوجا بوخوشمان خو حازر ئەکین
شەوی بەبی دنگ بوی فرار ئەکین
کاتی کەمەلك فرمانی درکرد
هەر خیرا روین خویان حازر کرد
چون خزنەکەیان ژیر خاك کرد جا زو
لەوشاخەی قصری دولەتی لی بو
امری کردە سەر سوارو پیادە بچن بەزووی خو بکەن آمادە
بلام ئەوانەی بەوتەی مەلك خزینەکەیان شاردەوە بەبی دنگ
مەلك بولای خوی زو بانگی کردن
بی‌دنگ هەموانی لەوینەدر کوشتن
نەوەك امانە بگرینەوە چون پی‌ئەزانن دری بینەوە
یا وەکو امان بین مسلمان پیشانی بدن وان بەصحابان
بەخاصو بە عام هەمو بون سوار
بی دنگ لەقەلا هەموی هاتنە خوار
مەلك فروحیش خوی لەپیشەوە رویشتو هەلات بەخویو جیشەوە

خەبري هەلاتنی فروح اگات

به اصحابه کان..

امـا بزانین خواوندی رحمـان
چون ایش ریك اخات لەبو صحابان
کاتی کەمەلك کاتبەکەی خوی نارد
بولای صحابان وەك چو رای سپارد
فسطور هاتەوە مسلمان بو بو مەلك فروحیش زو لی حالی بوو
هەروەکو وتمان فروحی غدار لەقەلاتەوە هـەلی داشتە خواز
فسطوری شهید آموزایەکی بو او خەفەتەی هـەر لەدلی دابو
هتـا ئـەوکاتـە فروح لە قـەلات
کە تدبیري کرد شەو دابیت بروات
ئەو روژە اویش لە قەلاتا بو زانی کە مەلك چی بزیار دابو
چو لە قەومەکەی خوی شاردەوە زو
خوی راگرت تا لەشکرهات بەری بو
هاتە لای خالید بەدلی پر خوش وتی هیناومە مژدەییکی خوش
بە خوو جیشەوە وامەلك بـوسوار لەترسی ایوە وا کردی فرار
ئەلیم بیگەنی ایستا بـەریوە بشکو بکوژری بـەدستي ایوە
حزرەتی خالید کەوهای زانی کەوتە حەرکە لەخوشیا گیانی
وتی بە عبـدالله امامی عمر مقدادی اسـود امیري سەرور
امری کرد وتی هەر ایستا هەستن
دو هەزاربرن هیچ رامـەوستن

خـــيزا بيگەنى نـەبادا هـــەليت

ئەگەر بيو بروات لەكيسمان اچيت

بە امرى خالید هەردو ئەميران شبەى خوينان كرد خيرا بون روان

لەلاى روژآواى گەورە قەلاوە كلكى شاخى دريژ لەوى پچراوە

ســـەرەوى دولو ژيرەوى دشت

اوردوى اسلام هات بەوى گەيشت

بەسەر ئەوشاخە جيش تيپرى كرد

تي پەربون لەوى كەمي خويان گرت

گويان گرت خرمەي پيسواران هات

وتيان وريـابن واقەومەكە هـــات

لەبەر قرە قر زينيان لي نەبون هاتن كەميكيش ليبيان تيپەر بون

مقداد راوەســتا هەتا دواي هـــات

ليبيان برينەوە ئەولاو اولاي قەلات

ئەجارە مقداد حملەي بردنە سەر ليبـدا نعـرەتـــەي الله اكبر

وهـــەم لەدواي وي عبـدالله عمر

بەخو هزار كەس حملەي بردنە سەر

هەي لەاسپ كرد وەك شير چو بوميدان

لەدواي ويشـــەوە ئەوجـا صحابان

دنگيان برز كرد بـە الله اكبر صلوات لەسەر سيد البشـــر

لەم لاش كوردەكان حملەيـان هينا

بەوشەوە زەنگە كرديان بە هەرا

بو خواي بي چاكەي پيروتي كوردي

شـريكي وهـاي كرد بە مردي

هروەکو اگر بکوتە بوشەوە لەملا بوئەولا خري کردەوە
بو رزاي خدا لەگەل قەومي خوي
فیدا کرد بو روحو گیاني خوی
جار لە دوا جار هەلمەتي ئەبرد
لي خەربونەوە چوار دورەیان گرت
پاش ئەوە دوانزەي بوجهنم نارد
کافرانیش روحیان بەجنت سپارد
شەهیدبو پیروت مردي تابعین
لیبي رحمتي رب العالمین
کاتي کە دیتیان صحابەي دیندار
پیروت شهید بو بددەستي کفار
حملەیان هینا هەمو امیران
عبدالله‌ی عمر او مردی میدان
مقدادی اسود عبدالله ایوب
زراری ازور او مردی محبوب
شانیان شل کردن شیریان بلند کرد
لە کوردی آری قەسابیان ئەکرد
لەپی ولاغي صحابو کوردا
بلند بو غبار گەیشتە سەما
لە ازمیرەووە تا گەورە قەلا
لەم سەر بو او سەر شەر موجي ادا
شەریکي وها قط نەبیستراوە
هەرگیز بەچاویش کە نەدی تراوە

مقدادی اسود ری بەفروح گرت

وتي پیم بلي بوکوی وائـه کـەیت حملەی بردەسەر خوی لەسەر گیف کرد

لەولاش فروح حملەی بودە سەر لەبر دستي من چون گیان-درئەکیت

دیسانەوە مقداد حملەی بردەسر ملعوني بي دین کافری بي فر

لیکیان راکیشا بە شیرو بە تیر شیری لەکیلان خیرا هینادەر

ئەوندیـان لیکدا بە قوەتو هیز ئەت وت هەردوکیان لە عمر بون تیر

بلام ملعـون زور پالەوان بو تاشانیا کول بو باسکو قول بي هیز

مقداد لیرانـە ئەلي سویند ئەخوم وەکو بردیکي بي جەوسروا بو..

نەمدیوە کەس وا پالـەوان بي لە عـەرەبو فرس هتاوەکو ورم

فروح لەشەرا قیاس نـاکری وابەقوەتو وا مردی میدان بي

بلام ژیـان دریژ بە دەست خدایە دوهزار کەس بي برگەی ناگری

ئەگەر خـوا مني نەپارسـتپایە

لەدست ئەو کوردە خلاص نەئەبوم
لەگوشەی میدان سەرنگون ابوم

ابجا ئەزانم ئەجل قەلاتە
ئەت پاریزی هەتا مابی لەلاتە

ابجارە مقداد حملەی بردە سەر
شیری بلند کرد دای لەتوقي سەر

اما او شیرەی مقداد کە لیی‌دا
تأثیری نەبو ئەزیەتي نەدا

دیسانەوە مقداد رمي درهینا
دای هینایەوە زو لە سینگي‌دا

فروح بەدەستي مقدادی اعظم
روحي چووە دەر عەرەب بون بي غەم

کوردەکان ئەوسا وهایان زاني
فروح کوتوە بەسەر گرداني

لەوی کەوتوە تەنها بي حورمەت
ایتر وایان دیت نەیان ما غیرەت

پشتیان کردەوە کوردان هەلاتن
لەولاش صحابە وەدوایان کوتن

ئەوی گرتبایان حالاً ایان کوشت
یان زنجیر پیچو ئەسیریان ئەکرد

سوپای کوردەکان هەروەها شکا
ئەجا بزانین رو لەکوی ئەکا.....

لەمیدان وختي کافران شکان

هندیك هـەلاتن بەگرو بدفـر زوخویان گیانده شاخی کورکور
بەشیکیش هەلاتن بو ناو گردەکان خویان گیانده بنـاري بردەشـان
هەندیکیش هەلاتن بەم‌دیوي کولان تا گیشتنه سەر کاني بیدلان
کوردەکان لـەوی تیکـەل بون
هەوراز رویشتن بو خرە شکەوتي چون

باسی عبدالله عمري که به دواي ئەو کافرانه ئەکەوی کەرویان لەخره اشکوتی کرد

بەدوایان کەوتن عبدالله‌ی عمـر
ئەي کوشتن له کوي بیان گەیشتبا سەر
عبدالله دوایان کەوت بو جـورە هەتا بردینـــه دولیکي گەورە
ئەم دوله هەر چنـد فراحـو قول بوو
له آسمان زیاتر چه شوین دیار نەبوو
لەوی بلاو بون کوردە کافرەکان خویان شاردو گشت له بن بردان
سەرچاویکي جوان وك آوی کوثر بەنیو ئەم شـیوە دا اهاته خوار
لەژور ئەم آوە غاریکی گەورە یەکي له یکیان کەس هەوراز ترە
ئەم غارەش ایسـتا له نیو کوردانه ئەلین اشکەوتي کویخا شـــوانه
عبدالله بەخو جیشەوە سەرکەوت نزیك بون چونه ژووری اشکەوت
عبدالله لەوي (٥٠٠) سەري مەر له مالي کـوردان هینـایانه دەر
کوردەکان لەنیو شـاخو درختەکان
لەوي‌وە جویـان کـردبو پنهان

ئەو اشکەوتەي وا ئەکەین بیاني
بیستیتان ئەگەر پي بزاني
کوتوته ئەودیو قەلاي کولاره
ناي بیني هتا نەچیت له دور را
ئەوجا عبدالله زو گەرایەوه
بەوغەنیمەتەی که هینایەوه
رروانیان که خالید وا لەسەر قەلا
گرتویه جیگای مەلك فروح شاه
کاتي نیزیك بون عبدالله و اسلام
استقبالي کردن خالیدی بەسام
وتي هاتنەوه شکر به سلامەت
بەخیر بیفەوه لەگەل غنیمەت
عبدالله عمر ئەوا گەراوه . . .
نصرەت درابو لەلای خداوه
هزاران صلات هزاران سلام
لەسەر محمد (ص) علیه السلام

شەر کردنی مقداد لەگەل ئەوانەي هلاتن بو شاخی کورکور

کاتي که کوشتي مقداد فروح شاه
ئەوجا کوردەکان هورەیان بردە . .

پشتیان کردەوە ناچار هەلاتن
ابجا اصحابە بەدوایان کەوتن
بەخوو صحابە مقدادی جەوان
کوتنە شوینیان بوناو شیوەکان
بەدوای شکستە اسلام بلاو بون
کشتیان لەوانەي پیرو مندال بون
صحابە گەیشتنە جیگایەکي خوش
دلي انساني لي ئەهاتە جوش
چند درختي زور چند باغو باغات
چي وا اصحاب نیان دی بو قەت
چند سەرچاوی جوان لەم بەرو لەم بەر
تیکەل ئەبون گشت اهاتنە خوار
بلام تابلی خوشو دل گیر بوو
ایانوت ایرە دولي کور کور بو
ئەو کاتەش دولي سەر آو مشهور بو
هەموی عائدی فروح پاشا بوو
لە کوسرەتەوە تا شینکایەتي
بەدەست ئەوەوە بو سروکایەتي
لەملاش لە پشتدر هتا شارەزوور
لەدست ئەو دابو فرمانو دەستور
حکمی ئەگیرا لەم سەر تا ئەو سەر
رقی لەکی با بوخوی ئەچوە سەر
اوجا بینەوە سەرباسی خومان

که شوین شکسته کوتن صحابان

له هەلاتنا گەراوە کوردیك .

تیریکی دا له صحابه مردیك

کورده کەزانی وا شهیدی کرد

لاشەی صحابەی لەوی بی‌گیان کرد

سواری ریگا بو خەریك بو راکا

له دست صحابان گیانی خوی درکا

هەر لەو کاتەش دا به امری خدا

آوری دایەوە مقداد بو دوا ..

دیتی وا عمری حاتمی طائی

بی‌گیان کوتو وە وا لەسەر ارزی

روناکی له چاوی مقداد دا نەما

روانی قاتلی عمری ئەوا غار دەدا

ام کوردەش ناوی کبرائیك بو

لەناو کوردانا آزاو رشید بوو

بو تیرە اندازیو میدان داریا

به ضرب المثل ناویان ئەهینا

مقداد سویندی خوارد وتی بەخودا

ئەگەر بیتو خو دستم پیت بگات ..

سەرت ئەبرم گیانت دەر دینم ..

من تولەی عمرەت هەر لی دستینم

عمرو له نەوەی حاتمی طائیه

نەجابەت دار کوری عدیه

مقداد کەوتە دوا ایجا بە سواری
کبرائیك هەلات لە ترسی گیانی
مقداد بە سواری کبرائیك بە پیان
هەر وەبو توزی پیانی اشکان
نەی ئەگەیشتی ونیش نەئەبوو
بلام دور بەدور هەر چاوی لی بوو
مقداد نەگەراوە هر لەدوای بوو
بە هەر حالی بو جالی نیزیك دە بوو
گەی پی لەبینی دوشاخی بلند
حملەی بردە سەر خوی لەسەر تند کرد
خوی هاویشتە پاش بردیکی گەورە
مقداد بەدوایا وەك آش ئەسورا
مقداد ماندو بو نەی توانی هیچکە
بە دوای برائیك کە دوران بکا
ایرەش کوتوەتە دولی چنار نی
هەرکەس بەویدا بچی ئەی بینی
هەر وەکو بەدوای برائیك کوتبو
شمشیری روتی بەدەستەوە بو . .
چونکە برائیکی بو نەگیرا
شیرەکەی بلند کرد گوتی ای شیرە
بە قودرەتی خدا داوات لی ئەکەم
ئەمن ایستاکە لەو بردەت ئەدەم
شرطە نەیبری من لە ئەو دنیا
شکاتت لی بکم لای رسول الله

بلام ملعونه خوی نوساند بوو
لای مقدادەوە زورچاك دیار نەبو
سویندم بەم روژانە ختم المرسلین
تیدا ژیاوە لەسەر روی زمین
کاتی کە مقداد شیری هەل هینا
لە بردەکەی دا لەگەل ملعونا
بلند بو لەشیری مقداد بلیسەی نار
دنگی لیوە هات وەك رعدی بهار
بردی دو لەت کرد هەم برائیکە
کوتنە زلزلە لە هردو کیوەکە
لە قوي زبری مقدادی اعظم
دنیا تاریك بو بو بەتوزو تەم
ایجا مسلمان دوای کافران کوتن
ایان کوشتن هم اسیریان کردن
مقدادیش بوخوی حملەی بو بردن
ایجا کافرەکان هەمو هەلاتن
لەگەل صحابان حملەی هیناو هات
هەتا بون توشی ایك باغو باغاب
خوشی ئە جیيە ناووتری بە زار
اهاتنە خواری چند جوگەو روبار
چند درختان دیت گشت صاحب میوە
کەس جیگای ئەومای هیشتا نەدیوە

لەسەر شاخەکان هەوایەکی خوش
اهات دلی انسانی ئەکر کیف خوش
دیتیان پیاویکی پیری کونە سال
پشتی چەماوە فقیرو بی حال
لی چونە پیشی تیپی صحابان
پسیاریان لی کرد لە شکستەی کوردان
بو پسیاری وان هیچ جوابی نەدا
لە بابت کوردان اخباری نەدا
مقداد لی پرسی بوچ جواب نادی تو
بوچ بوکافران خوت ئەکەی رنجەرو
کاتی کەدایکت توی واد هینا
آیا چە ناویکی ئەوکات لە تو نا
اجا پیرە میرد روی کردە اصحاب
هەستایە سەر پی دایەوە جواب
وتی من لیرانە کەباغەوانم بەامری مەلك بندەی فەرمانم
بلام بزانە ناوم کرکرە . . . عمرم هەتا صد بلکو زیا ترە
وتیان بزانە ئەی خالەی پیرە غریبین ایمەش هاتوینە ایرە
مەلکەکەتمان بەشیر کوشتوە جیشەکەشمان تیك شکاندوە
هەرچی لە ولاتو دیارتان هەیە هەموی ایستاکە بەدەست ایمەیە
وختی امەی بیست کرکری بی مراد
زو هەلی کیشا هناسانی سارد
وتی سویند ئەخوم بە آگرو نارمان
معبودی گەورەی بابو باپیرمان

ئەگەر بمبایە هیزو قوەتیك هەموم ئەکوشتن ایستا بەبەردیك
بلام بلیم چي هیزم نەماوە وەکو ئەبیني پشتم چەماوە
صحاب لەگەلي کوتنە گفتو گو بو دینی اسلام ای چي ئەلی تو
وتي نامەوي من لەپاش مەلك کە ژیانم بەبي ایتر ساعەتیك
وەدیني خوشم قط بەدل ناکەم هەرچي بیلین تحقیق ولا ناکەم
مقداد شیریکی لە استوي دا زوو روحي پیرە میرد لەوي تەواو بو
مقدادو صحاب گشت مسلمانان زو گەرانەوە بو جتگاي خویان
مسلمان ایکتریان بەسەر کردەوە وتیان پینج صد کەسمان لي ون بووە
چونە ئەو جي یەي شەري لي کرابو دیتیان پینج صد صحاب شهید کرابو
صحابە هەمو بو عمري حاتەم کەوتنە پەژارە دەرون پر لەغەم
چونکە یەکیك بو ئەو لەامیران بەعزە صحابە لەبوي دەگریان
نویژیان لەسەر کرد هەم شاردیانەوە
بولای میر خالید جا گەرانەوە
بە راستو رەوان چییان بەسەر هاتبو
بو امیر خالید گیرایانەوە زو
وتیان کە زور کەس شهید کرا لیمان
عمروي حاتەمي و پینج صد مسلمان
شهید بون بەدەست کافری بی خیر
بویان عاجز بو خالیدی دلیر
اما زورترین غەمی عمروی بوو
چونکە سەر کردەي بەعزي اصحاب بو
هەم دل خوشیش بو خالیدي سالار
بەسەلامەتي تیپي ایمان دار ..

ناوی ئەوانەي کەشهید کران لەتیپي صحاب بەدەستي کوردان
ایکەمیان عمري حاتەمي طی بو دوەم عبدالقاهر سی‌هەم سالم بو
چارەم واشلەي عمري تەمیمی . . پینجەم سعدي ساعدەي قریشی
شەشەم جندبە کوري عبدالله علي لییان رازی بي‌خداي بي هاوتا
ئەمە بو بەسەر هاتي صحابەي بەدین
لە شکاندني فروحي لعین

مانەوەي حذرەتی خالید لەگەورە قەلا وکاتی خەبر زانین لەهاتنی لەشکري مالکی اژدر

کاتي کەشکان جیشی بي ایمان هەلاتن گشتیان بو ناو شاخەکان
سي شەو سي روژ ئەمیري والا نەهاتە خواري لەگەورە قەلا
چونکە زاني بوی مەلکی دوقمان سپایەکي زور دەی نیتە سەرمان

خەبەر زانینی مالکی اژدر لە کوژرانی فروح وشکانی ستاي

با بەجی بیلین باسی سپای مسلمان باسیکي تریش بکەین لەکوردان
لەشاری دوگومان مەلکی هەبو . ناوی مالکی هەژدەر بوو
روژي لەروژان لەگەل وزیران داتشبون بی‌غەم لەجرگەی میدان
جەبەری بوهات کە فروح کوژرا
بەدەست صحابان قەلاکەی گیرا

سپاکەشیان وا تیك شكاندوه ئەوەی كەماوە مسلمان بووە
كاتی كە مەلیك بیستي ئەو خەبەر بەهردو چەپوك داي لەتوقي سەر
وتی بوم بینەن قەلەمو دویت بو پادشاي وبات نامە ئەنوسیت
یەكیكی تریش باخیرا بروا . . . ئەم نامە بەري بو شاي فنجورا

بو شاي سندوسیش ایكی كرد روان
ایكی دیكەش هەم بوشاري قیرەوان

ناوي هورمز بو شاي قیرەوان مالك كەلەبوی نامەي كرد روان
بو پاشاي پشدەر نامەییكی كە نارد بوي بو امداد تبلیغی بكا
مالك كەبو وان نامەكەي ناردن بەخوو سپاوە هەمویان هاتن
بلام مالكی شیدەر كە نهات لە بینیانا بو بعض عەداوات

كوبووە لەلاي مەلكی دو گومان
پنجا هزار كەس لەشكري كوردان

مالكی ئەژدر كوریكی هەبو . . . .
زور خوشی ئەویست ناوي فروار بو

كاتی مسلمان بەخوو سپاوە . . هاتنە لاي مەلك لە هەمو لاوە
كورەكەي خوشي زو آمادە كرد لەگەل سپادا ئەوي روان كرد
وتي كەبچو هیچ دامە مینە . . . حەقي فروحي برازام بستینە
سپا كەوتە ري بەگورجیو خیرا هتا گەیشتە شاري ازمیرا . .
خیوەتیان هەلدا سپاي كافران بەرامبەر سپاوجیشي صحابان
امانە لیرة با بەجي بیلین باسي قەوماني ملعونو بیدین
ئەواكوردەكان خو حازر ئەكەن بلام صحابە بزانە چي ئەكەن

زانینی خالیدي لەهاتنی
سپاي مەلکی دو گومان

خالیدو فضل هەردو بە اکرام دانیشتبون لەگەل زوبیري عوام
لە بیني خویان راویژیان دەکرد . لەبو مصلحەت تگبیریان اکرد .
گەر بروین باشە تسکە جیگا مان
ایرە عاصیە صعیە ریگامان
هر لەو کاتەدا لە پر یەکي هات بولاي میرخالید سەر کەوتە قەلات
وتي باش بزانن مالکی هەژدر لەگەل جیشەوە گرتي دشتودر
جیشی زوری خر کردوتەوە . . کەتولەی فروح بستینیتەوە
ژمارەي سپاي پیادەو سوارە تحقیق بزانن ینجا هزارە
ابجا کە زانیم گیشتە ازمر . منیش وا هاتم بوم هینان خەبر
لەدشتی ازمر وا خر بوینەوە ئەلی گولەیە بلاو بوینەوە
خالیدو اسلام کاتي روانیان درکیان کرد چادرو خیوەتیان
زور پارایەوە خالید لەیەزدان کە ببنە غنیمەت بو مسلمانان
ئەجا بەامري خالیدی سەردار سپا لەقەلا هەموی هاتە خوار
هاتنە خوار لە شاخ روبە روی دوژمن
هەتا لە جیشي کوردان نزیك ئەبون
لە نزیك ازمر گردیکي لی بوو سپای صحابە گەیشتە وی زوو
لە برا بري سپاي آگر پرست
خیوەتیان هەلدا جیشي خوا پرست
خالید ابجارە صف صفي کردن وعظي دا وتشجیعي کردن

ئەمجا بە امـــري اميری زەمان
مسلمـان هیرشیان بردە سەر کوردان
بەدلیکی قـەوی‌و بەهمەتـەوە لە سپای کوردان نیزیك بونـەوە
کاتی زانیان جیشی کـوردەکان هیرشیان هینا جیشی مسلمان
خوا ترسی خستە نـاو دلی ئـەوان بلام ناچار بون هاتن بو میدان
خویان لەیکدا سپای هەردو لا . . لەدەشتي ازمر کردیان بە هرا . .
لە هەردو لاوە زو تیکیـان خوری سەریان ئەبریو ورگیـان ئەدری
خالید نواری لە سپای کوردان تشجیعان ئەکات بك بومیدان
زو زانی وتي ئەمە سەروکە . . بویي قەومـەکەی بەقسـەی دکا
هەی لەاسپ کرد خالید روی تی کرد
رمي هەل کیشا بوی حەوالـە کرد
داي لەلای راستی ملعـونی بی فر لەلای چەپیەوە سەری هینـا دەر
لەپشتی ولاغ کوتـە خـواری زوو روحـــی خبیثی بـو جهنم چوو
فضلي ابن عباس حمـەی بردە سەر پـاشـای فنجورات کردی قلندر
شیریکی لیدا هەروەکو خیـار . . کرردیە دوپارچە فری دایەخوار
عبدالرحمن بو بکری صدیق . .
حملەی بردە ســـەر هورمزی زندیق
ئیتر دوا روژي ملك هورمزان تەواو بو بەدست میر عبدالرحمن
بوخوابی چاکەی صحابەي دیندار چییان پي کردن بە سـپاي کفـار
چند پالەوانیـان خستن لە میدان
چندی دیکەشیان کشتن لە کوردان
کاتي وایان دي سپای بی ایمان لأشەی مەلکان کوتون لە میدان
پشتیان کردەوە بو فرار کردن هەرایك بولایي کوتنە هەلاتن

کوردەکان وتیان ئەم صحابانە وەك اجنە وان لەناو میدانە
غیرەتی ئەوان تقدیر ناکری هەم ژمارەشبان حساب ناکری
کەوتنە هەلاتن سپای بی ایمان وختي کەشکان لە دست صحابان
لەولاش صحابە دوایان کەوتن . .

کەوتنە کشتاریان هەم اسیریان کردن

بلام زراری ازوەری سەردار برینداري کرد بو کوردیکی غدار
زرار بە شویني شکست نەکوتبو چونکە برینەکەی زور خطر بو
قسم بەو خوایەی کە ذو الجلالە هەم بي شەریکو شبەو مثالە
لەو سپا زوری مەلکی دو قومان لەهندی زیاتر باقي ایك نەمان
کاتي صحابە کوتنە شوین کوردان راویان نان هەتا دی قرەبایان
سروکی دییەکەش قرە بایان بوو

ئەو دیە بە ناوی ئەوی ناو نرابو

بە مالو سامان زور دەولەمەند بو لەکاتي خویدا امثالی نەبوو
وکو ملکان لافي لیئەدا . . . ئەلین ازیەتی خلقی زور ئەدا
لەپشتي دیوە اهات ایك روبار

لەژیر چیاکەوە هەل ئەرژایە خوار

لە بري دیوە بوو ایك باغو باغات

هەر لە خوارەوە هەتا بن قەلات

بەلام او دییە ناوی گوراوە گوندەکەش لەجي جاران نەماوە
ایستاکە ناوی قەرەتەپەیە . . نە آوي ماوە و نەباغی هەیە

گرتنی دی قره‌بابان به‌ده‌ستی
صحابه‌ی دین دار

وتمان صحابه کوتنه شوین کوردان هـه‌تا بردیان نه دي قه‌ره بایان
قره بابانیان زو کردیه اختیـار
چونکـه ئه‌م دي‌یه هیچ نه‌ي‌بوحسار
هه‌رچي موجود بو له‌نیو شاریدا له‌مه‌رو مالات وپیش خویـان دا
ایجا صحابه زو گه‌رانه‌وه . . به غه‌نیمه‌تو هه‌م به نصـره‌ته‌وه
بولاي او جی‌یه‌ي عبدالله عمر پینج صد سه‌ز مه‌ري لی‌هینایه در
له بن چیاکه سـه‌ر چاویکي جوان
صحاب گه‌یشته‌وي خیوه‌تیان هلدان
له ماندویه‌تی استراحه‌ت بکـه‌ن وولاغه‌کانیـان به‌ره‌لا بکه‌ن
مده‌یکي که‌م رابیرن ئه‌جا . . سه‌رکه‌ون برون بوشاخي سه‌رچیا
خالیدي ولید فه‌رموي ایـرانه ناخوش ترین جیگا له‌سه‌ر جیهانه
هه‌م ئه‌هله که‌شي پیس ترین خلقه بو صلحو امان که‌س داوا ناکا . .
له‌به‌ر عنـادیـو انکاري کـردن نفسی خوشیان هه‌م به‌هیلاك ادن
شاخاوین دورن له آوه‌دانیشـان ألفه‌تیان گرتوه او به وحشیان
له‌سـه‌ر روي ارژ که‌س وه‌ك ئه‌وان نیه
کس وه‌ك ئه‌مـانه پـاله‌وان نیه
هه‌ر وه‌کو دیتتان زور پاله‌وانن چون خو رائه‌گرن مه‌ردي میدانن
کاني سپایان که هیرش ئه‌کا . . مردنو ژینو له‌لایه‌ن ایکه . .
ایجـا ئه‌وشه‌وه هه‌تـا به‌یـانی استراحه‌تیان کرد به‌کامه‌راني

شەو قرآن خویندن هەم داکر کردن هندي بەشەو نویژ شەوي نەخەوتن
لەبەر خواي خویان ئەپارانەوە هەتا خواي گەورە روژي کردەوە
روژي دوهەم هەم روژي سيهەم مانەوە لەوي بەبي زیادو کەم
امـا کەشـەوي چـوارەم داهـات صحابە خەوتبون بی‌دنگ کشومات
عبدلله‌ي کـوري امیەي ضمري
حەرس بـو ئەگەرا هەر وەك مشتري
ئەلی ئەو شـەوە من آگـادار بـوم
زیاتر لەهەمـوان کەزور هوشیار بوم
که تەماشام کرد وا لەسەر چیـا آگریکي زور بەکومەل داگرسا.
منیش بـانگم کرد نفیر النفیر هەستن امتي بشیرو نەزیر
اصحابي رسول زو قیامیان کرد جلکی غەزایان لەبر خویان کرد
وەك شیري بیشە هەلمەتیان هینا هەتا سەر کەوتن بو سەري چیا
عبدالله ئەلی زو بـەري کـەوتین بە تاریکي شەو کاتي سەرکەوتین
مخلوقیکي زور هاتە بەر چاومان بەدەستیانەوە مومیـان ئەسـوتاند
ئەگەران داخو که کي کوژراوە کی هاتوتەوە کیـان نەماوە
بو سەري شاخي کاتي سەر کوتین مومیان فریدان رویان تي کردین
بەرەو روي ایمە حملەیان هینا بەبي ئەوەي کەس کەدنگمان بدا
حذرەتي خالید لە پیش ایمەوە حملەي برد ئیمەش لە دواي ئەوا
دیسان کوردەکان حملەیان هینـا تیریان ئەهاویشت لەم لاو ولەولا
شەر لە بەینمان ئـوها کـە رویدا
کەس نەي ئەزاني شیر کە لەکي ئەدا
لیك نەئەکراوە اسلام لە کفار بەس امان ناسی ایکدي بەاشعار
لەسەر ئەو شاخە وابو اشعارمان وشەي یا منصور ئەوترا لەناومان

هەر لە نیوە شەو هەتا بەیانی صحاب هەوالی ایکدیان نەزانی
دیسان حملەمان برد بو سەر کوردان
تەفرەقەیان کرد لەسەر شاخەکان

ئەو شاخەي ئیکجار فینکو بەرز بو
پري لە دارو دەوە نو رەز بو . . .
لەسەر ئەوشاخە آویکی زور جوان سارد تربو گەلی لە آوي نیسان
کاتی نیزیك بوین لەسەر ئەم آوە تیر باران کراین لە هەمو لاوە
تیریك هات دای لەسینگی عبدالله کوری ایوبي انصار کەوت بەرودا
ئەو روحی پاکی رویشت بو بهشت
غەمو پەژارەی یو ایمە جی هیشت
ایجا حملەمان لەسەر تند کودن بەراستو چپا تفرەقەمان کردن
سپای کوردانمان بلاو کردن زو چونکە کشتاریان زور لی کرابو .
ژمارەی کوژراوان نە اهاتە ژمار بلام لە تیپی صحابەی دیندار
سي صد شهید بون خوا لییان خوشبي جیگاو مأوایان باغی بهشت بي
بەو دبو شاخیەوە دی یەکی گچکە دفنیان کردن جوان لەدی کە

هەلاتنی کافران وە بەجی
هیشتنی یان گوندی سەر چیا

وختي کوردەکان شکان لە میدان مالو دولەتیان گشت بو بە تالان
بی خیر نەمان زانی چیان لی هات خویان شاردەوە یان سپا هەلات
نە آسمان دا هەلی کیشاون نە ئەرز داخوا کە قوتي داون
لە سەر عبدالله زو کومەلیان کرد بە لباسەوە زو دفنیان کرد

خالید زور گریا له بـو عبدالله باقي مسلمـان هەمو دەگریا . .
چونکه عبدالله زور پـالەوان بو وههم له گەورەی مسلمانان بو
ئەوجا دا بزانین له کن ئەو آوه سی شەو سی روژ لەوی مـانەوه

رویشتنی زراري کوري ازوەری
بەخو به ٥٠٠ کەسەوه بو گوندی گرمکان

بانگی کرد خـالید گتي ای زرار برو لەگەل خوت بره چند سوار
عبدالرحمنی کوری بکـریش سوار بو له گلیان رویشت اویش
رویشتنو گەیشته ئەو جی یه کـەوا ٣ صد صحابه کەی لی شهید کرا . .
له خوار چیاکه گوندیکی گـەوره به سپاو لەشکر گشتي پر کرا . .
بەو بەری دیوه یەك قەلای لی بـو تا چاو حکم کا ئەوەند بلند بو . .
لەوی دانیشـتبو مەلك داتیکور داگیری کردبو ئەو پشد بەزور
کاتی که زرار به خوو به سپاوه لەسەر شاخه که چونه خوارەوه
ئەوەستـا هەرگیز ئەو مەردی میدان
هەتـا نیزیك بون لەدی گـرمکان
هەر لەناو شارا هەتا سـەر روبار دیار نەبو لەبەر لەشکری کفـار
هیچ مـاوەی نـەدا زراری ازور بەبی گفتوگو حملەی بردنه سەر
چون کوردەکانیش هەر چاوه روان بون
بو حملە هینان گشت آمادە بون
زرار حملەی برد هەم گشت مسلمان
لەولاش هاتنه پیش جیشی کوردەکان

صحاب لەو لاوە کوردان لەو لاوە
لیکیان دا ئەتوت محشر هەلساوە
شەریکی وها ترسو خطر تاك
صحاب ئەیان کرد بە دلیکی پاك
ابجا با بینە باسی میر زرار
قصابی ئەکرد لە تیپی کفار
لەپالەوانان زوری لی کوشتن . .
لە نەو جەوانان زوری لی خستن
سپای کوردەکان هیرشیان هیناوە
دەورەیان گرتن لەهەر چوارلاوە
لەشکری کوردان شەش هزار کەس بون
مسلح هەمو گشت زری پوش بون
پاش ئەوەی زوریان کشتن لە کودران
گیران بەدەستی لەشکری کوردان
اما بابینەوە سەرباسی میر عبدالرحمن
پیشی گرتبو بە سپایی کوردان
بە تنها سوارو ئەو شەری ئەکرد
بو چەپو بو راست هەلمەتی ئەبرد
بەیی عبدالرحمن هیچ کەس نەمابو
باقی دی هەمو دەست گیر کرابو
زوری لی کوشتن لە سپای کوردان
ضربەی خوی ئەنواند لەعرصەی میدان
بینە سەرباسی عبدالله ئەنس
لەشەر هاتە دەر بی وەی بزانی کەس
سواری ریگا بو وەك مەردی رشید
تا گەیشتە لای اسلامو خالید . .
خەبەری دانی زرارو یاران
اسیر کراون بە دەستی کوردان
خالید هاتە جواب گتی ماشا الله
حولو قوت نیە الا بو الله
وتی زو بگەن بە براکانتان
تانەیان گرتون لەگوشەی میدان
پاراوە خالید وتی خدایە
خوشیو ناخوشی گشت لەلایە
محزونمان نەکەی بە مسلمانان
بە سەلامەتی بینەوە ناومان

رحمتتـان لي‌بی ئه‌بي زو بروين نه‌وه‌ك به‌پر نه‌وه هيچ پيان نه‌گين
خو ئه‌گه‌ر بيتو زو تي‌به‌ر بن هيچ شكي ناوي سه‌ريان ئه‌برن
نايان هيلنـــه‌وه غيره‌تيـــان نيه كوردن ئه‌مانه رحميان نيـــه
خاليدو اسلام خيرا كوتنـه ری به‌لكو زو بگه‌نه ميداني شه‌ری
وه‌ك طير ئه‌فرين صحابه‌ي به دين وه‌ك‌شير ئه‌ي‌نه‌راند خاليد مؤمن
نه‌يان هيشت سعاتيك تی بپه‌ری هه‌تا گه‌يشتنه مه‌يداني شه‌ری
صحابه خويان گه‌ياندە ســـوپـا ده‌نگي الله اكبريان ليدا . . .
ئه‌و عبدالرحمن كه‌وتبـوه ناويـان

زوري لی كوشبون له گوشه‌ي مه‌يدان
صحابه وتيان ده‌ك داكو بـابمان به قوربانت بی مير عبدالرحمن
هه‌ر كه‌س وه كوتو گه‌ر غه‌زا بكا . . گياني‌خوي فداي خواو رسول بكا
خاليد حمله‌ي بردهه‌م فضلي‌عباس عبدالله عمـر زوبيری عه‌وام . .
له‌گه‌ل مقدادي اسودي كنـدي عبدالله‌ي انس ئه‌ويش به مه‌ردی
ليبان دا نعره‌ي الله اكبر . . . .

صلواتيان دا له‌سه‌ر بيغه‌مبه‌ر (ص)
كاتي كه‌بيستيان ئه‌وده‌نگه كوردان پيشيان پي گرتن ئه‌و به صحابان
شير كاري ئه‌كرد له ئه‌مو له ئه‌و روژي روناكيان لی كردن به‌شه‌و
ياران كوردانيان زور سه‌خلەت كردن .

خيمه‌و چادريان زور دستگير كردن
زوری پی‌نه‌چو هه‌ندی يه‌ك سعات اسيره‌كانيـان هه‌مو دا نه‌جـات
له‌پاشی ئه‌وه له قه‌ومی كوردان زوريان لی كوشتن تيپي صحابـان
زور كه‌يف خوش بون تيپی ئيمان‌دار
به نه‌جـات بونی يـارانو زرار . .

زور سوپاسیان کردبو عبدالرحمن تاکه سواره شەری کرد لەمیدان
باقي دیش هەمـو له ناو زیەدا بەدەستي خویان خویـان هلاکدا
کویان کردەوه مالو غەنیمەت جلکو سلاحو مـالی بەقیمەت
صحابه چونه ناو دی گرمکان هەرچی تیدابو زو کردیان تالان
زور سـوپاسیـان کرد له زاتی یەزدان
که نەجاتیان بو لەغەزاي کـوردان
صلواتیان دا له رسول الله (ص)
لییان بی رضای خدای تعالی (جل جلاله)

بسم الله الرحمن الرحيم

غەزاواتی صحابان لەبەشي سەروی کوردستان

راوی ئەلی وەختیك یاراتی پیغەمبەر (ص) ولاتی شامو ارمنو طرفي موصل وهەرچي مابو لەولاتی روم فتحیان کرد قائدی جیشي مسلمانان ابو عبیده جراح بو هەمو صحابەی کو کردەوە پي وتن الحمدلله فتحی شامو موصلو روم تەواومان کرد آیا بەرەئی‌تان چوتە بەرەو شەرق بروین با بەرەو غەرب صحابان فەرمویان پیویستە نامەیەك بو خەلیفەي مسلمانان عمری خطاب (رض) بنوسین ئەو چ ئەمریك بکا ئیمە وابکەین ابوعبیدة ئەم نامەي نوسی اولی بسم‌الله‌الرحمن‌الرحیم لة امیری جیشی مسلمانان لە شامدا بو خدمت جي نشیني پیغەمبەر (ص) عمری خطاب خدا پایەی دینو دنیات بەرز بکات حمدو ثنا بو خوایەکیە کە هیچ کەس لایقي بە عبادەت کردن نیە الا ئەو نەبي ودرودو رحمتي خوا بریژی بەسەر پیغەمبەر(ص) وهەم بەسەر ئەوانەی پەیرەوی ئەو ئەکەن لە مدینەی منورە لە مهاجرو انصار لەپاش ئەوی جنابي جلیفە الحمدلله حملە کەتی شامو ارمنو دیار بکر تا موصل فتحمان کرد هیچ شارو . . دی‌یەك نەماوە کە اطاعەی آیني اسلام نەکا وەلیرە یاراني پیغەمبەر (ص) لە مهاجرو انصار رئی‌مان دا کە تدبیر لەخلیفەي مسلمانان داوا بکەین آیا بروین بو روژهەلات یا بو روژ آوە وامر امری تویە ایمە آمادەین لە ریگاي اسلام روحمان فدابکەین وصلی الله علی محمد وآله اجمعین .

ئەوجا راوی ئەلی وختیك ابا عبیده له نامه کەی بووه نشاني همو ساداتي مسلماني دا له دوایدا تسلیمي عبدالله‌ی انسی کرد وشتریکي خوش‌رەوی دایي بەرەو مدینەی منوره رویشت عبدالله ئەلی شەو و روژ ئەرویشتم هەتا وەختي عصر گەیشتمه مدینه لەبەر دەرگای مزگەوتی رسول الله (ص) دا بەزیم وشترەکەم بەستەوه وەبوخوم چومه ژووری زیارەتی قبری پیغەمبەو (ص) کردو دو رکاعەت نویژم کرد لەدوایدا چوم بو خدمت حذرەتی عمر سلامم کرد حذرەتی عمر جوابي دایەوه ومصافحەکي خوشي لەگەل کردم نامەکەم تسلیم کرد دیتم لەلای راستي حذرەتي علی دانیشتبو ولەلای چەپي حذرەتي عثمانه وله اطرافي گەوراني اسلام دانیشتبون ایي وەکو امامي عباس کوری عبدالمطلب وعبدالرحمن بن عوف وسعید بني زیدو طلحەی بني عبدالله وباقي یارانی پیغەمبەر (ص) حذرەتي عمر فرموی خەبەر چ هەیه ای عبدالله منیش وتم خەبەر خیرەو خوشیه ئەی گەورەی مسلمانان وختیك حذرەتي عمر نامەکەي خویندەوه فەرموی تدبیر چیه ئەی جەماعات حذرەتي علی فەرموي نامەیەك بنوسه بو امیري جیشي مسلمانان لەشامدا که خالیدي ولیدي بنیري بەرەو شرق بو شارو . دیهاتەکاني کوردان چونکه خالید شیري خوایه حذرەتي عمر فەرموي راستە خالید شیري خدایه پیغەمبەر (ص) فەرمویەتي خالید سیف الله‌یه خالید روبەروي دوژمن قەد شیر ناینته کیلان عبدالله ئەلی ئەوشەوه له مدینه مامەوه بەیاني چوم بو مزگەوت لەپاشی جماعەت داواي جوابي نامەکەم له حذرەتي عمر کرد حذرەتي عمر داواي قەلەمو کاغەزی کرد جوابي نوسییەوه ئەوەش نامەکەیەتي بسم الله الرحمن الرحیم له عبدي خداوه خلیفەي اسلام عمري خطاب بو امیري جیشی اسلام له شامو دیار بکرو موصل

ئەبو عبیدەي جراح سەلامو بەرەکەتي خدا لە تو و لە هەمو مسلمانان
بي من حمدو شکرانەي خدا ئەکەم کەهیچ کەس لایق بە عبادەت بو
کردن نیە الا ئەو نەبی ورحمتي خدا برژي بەسەر پیغەمبەر (ص)
وهەمو مسلمانان نامەکەت گەیشت بەسەر کەوتنتان زور دلشاد بوین
وەپیویستە دائماً کومەکو یاریدە لە خدا داوا بکەن اولاغاني خوتان
ساز بکەن بو غەزاو و دیني اسلام بەناو هەمو ولاتەك بلاو بکەینەوە
وهەمو دنیا بانك بکەین بوسەر آیني اسلام وە لازمە چار هەزار کەس
تسلیم بە خالیدي ولید بکەین هەرەو تەوی کوردان ولەگەل خالید
دا بچي زبیری عەوام فضلی ابن عباس مقداد اسود عبدالرحمن ابوبکري
صدیق عبدالله عمری زراری ازور رضاي خوایان لەسەر بي احکامانی
اسلام بەهەمو شارو دیهاتو دەشتو دولو شاخو کویستاني کوردەواري
دا بلاو بکەنەوە وەمن خەبەرم هەیە کە لە ولاتي کوردەواریدا
سي پاشای بەهیز هەیە ایکیان فروخ دوهەمیان مالکي اشتر وسیيەم
دانیکور دەبي بو سەر دیني اسلام دعوەتیان بکەن هەر کەسی قبولی
نەکرد داواي جزیەي لی بکەن ئەگەر مانع بون لەجزیە شەرن لەگەل
بکەن وخەبەرم هەیە لە مرجین کە بە کوردی پیدەلین مەرگە
پاشایەکي هەیە فروخ ناو شورەو قەلایەکي زور محکەمي هەیە
خوشی زور یاغو خوین ریژە لازمە لەسەر ئیمە تقواي خدا بکەین
امر بە معروف ونهی لە منکر بکەین دەبي قوت لە خدا طلب بکەین
احکام اسلام پییان رابگەینین ئەگەر مانع بون لە اسلام ولە جزیە وەك
خوا ئەفرموي فأقتلوا المشرکین والحمد لله رب العالمین نامەکەي مور
کرد بەموری پیغەمبەر (ص) وتسلیمي عبدالله کرد عبدالله ئەلی چوم
بو زیارەتي قبري پیغەمبەر (ص) ودوعا خوازیم لە هەمو مسلمانان

کرد کەوتمە ریگا هەتا لەنیوەی گەیشتمە سپای اسلام لەو وختە دابو
ابا عبیدة وخالید گفتو گویان ئەکرد سلامم لی کردن نامەکەم تسلیم
بە ابا عبیدة کرد وختیك خویندیەوە هەمو سپای اسلامی کو کردەوە
لەپیش دا حمدو ثنای خدای بەجی هینا داوای رژاندنی رحمەتو
بەرەکەتی کرد بو پیغەمبەر (ص) وەبو هەمو مسلمانان اوجا نامەکەی
خلیفەی بو خوندنەوە اصحابان وەکو شیر هاتنە میدان وتیان ئیمە هەمو
وەختیك آمادەین لە ریگای خداو رحمان بە بەخشین وآمادەین بو
هەمو ئەمریکی خلیفەی اسلام وامیری جیش ئەو وەختە فصل پنایز بو
روژی پینج شەمە بیستی جمادی اول سالی بیستی هجری بو لە پاشان
ابا عبیدە فەرموی ای مسلمانان امیر المؤمنین عمری کوری خطاب بە
بە صورەتی امیری رشید شیری خواو کشندەی کافران بجربە کراوی
جەنگان پالەوانی رشید خالیدی ولید قرار داوە بو ئەو جبهەی ئەروا
بەرەو جانبی روژ هەلات و ابو عبیدە فەرموی ئەی عاقل مەندوهشیارانی
لەشکری اسلام هەر چەند من خوم لە ئیوە بچوك تر ئەزانم لایق بەوە
نیم کە هیچ امریك بە ئیوە بکەم بەلام لەسەر امری خلیفەی اسلام
ئەوا قرارم دا خالیدی ولید امیری جەبهەی شرق بی چونکە خالید
تجربە کراوە چەند جار روبەروی جەنگ وپادشاهانەوە چووە
وەختیك ابوعبیدە لەوتە کەی بوەوە امرایانی اسلام هەمو راست بونەوە
وتیان ئەگەر خلیفەی مسلمانان عبدیکی حەبەشی رەش بکا بە امیرمان
آمادەین بو هەمو فەرمانیکی چە جا یەکی خالیدی ولیدیی کە لە
گەورانو لە پالەوانانی قریشە ... راوی ئەلی وەختیك مسلمانان
جوابیان دایەوە ابا عبیدەو خالید زور دلشاد بون لە دوای دا مسلمانان
خویان آمادە کرد بو رویشتن اول کەس کە هاتە دەری امیر خالید بو

لەدواي وبدا فضلي ابنی عباس بو وزبيري عەوام ومقدادي اسود وعبدالله عمرو عبدالرحمن‌ی کوری ابوبکری صدیق‌و زراری ازورو ابودوجانه وعبدالله ابني ايوبي انصاري گەليكي ديش‌له اومراو له پالەوانانی اسلام حازر بون سپاي اسلام كەآمادەی جەنگ بون امرايانی جەبهەی جاینی شرق يكه يكه توقه يان كردلەگەل اباعبيده وخوا حافيظيان‌لی كرد لەهەمو سپاي ينناواي .. وەكوتنه ريگا سی شەوسی روژ رويشتن هەتا گەيشتنه شاری هولیری لەنيزيك قەلای هولیری هەلیان دا حاكمی اربيل بطريقك بو زور سوار چاكو حيلەباز بو له حيلەبازی امثالي خوی نەبو حكم رەوابو بەسەر كسرای فارس وفرمان رەوای مداين وناويشي جاتليس بونسبەت ئەدرايه رومي قسطنتينه أم بطريقه چوار دەهزار نفر سواره و پيادی هەبو زور جـــار لەشەرا ياريدی كسرای فارسی وهرقل رومی ئەكرد كه چاويان بەسپای اسلام كەوت دست بەجی جاتليس امريدا لەشكر ساز كرا ئەگەر چی سپای اسلام زور ماندو بون ام حرام زادەيه نەی هيشت استراحەت بكەن دست بەجی له شكری كفار دوری صحابانيان گرت وختيك بالەوانو قارەمانانی اسلام آگادار بون صفی جەنگيان بست سپاي اسلام وسپاي كافر برەو روی ايك چون :

قەمچی له دلاغ داخاليدی سالار هاته بره وروی سپای كفـار ..
گرمەی وك هەور دنگی وەكوشير گاور لەنعری ئەبون سرەو ژير
شيريكي هيزی وينەی قارەمـان گرتبوی بەدست شاه زادی زمان
هاته پيش سپا وينەی كيـانی .. وكـو ديو كوژی مازندەرانی
روی كرد له اسلام بووعظو تلقين كردی شكرانەی رب العـالمين

له باشان امير خاليد دستي كرد بـه وعظ بو مسلمانان فرموی ای گوهری اسلام ئەوه ئەول جەنگه ئەی كەين لەگەل قەومی كرادی

لەدین دور ویاغی‌وە بیستومە لەپیغمبر (ص) کەقومی کورد قومیکی زور آزاو بە ناون لە میدانی جەنگ هەرگیز لە مردن ناترسین قەومیکی وحشیو نەزانەن دائمارا بواردنی ناو وحشیانیان پی خوشترە لە رابواردەنی ناو مروف وفرموی رحمتي خداتان لی بی نیەتی خوتان خالص بکەن امرو خدا لە خوتان رازی بکەن وختیك صحابەی کرام واعظی حزرەتی خالیدیان بیستوە کە شیری ناوبیشە هاتنە میدان ئەو سپاکە مدی اسلام حملەیان برد بو سپا زورەکەی کافران قارەمانی اسلام وەك شیریکي نەترساو کەوتنە ناو کافرانەوە دست کرا بە الله اکبر لیدان خدا جزای قارەمانانی اسلام بداتەوە وەکو خالیدی ولید وعبدالرحمن ابوبکر وعبدالله‌ی عمر وباقي امیرانی ئەو جەنگەی ئەو روژە کردیان هیچ پالەوانانی قدیم نیان کردوە دنگی نعرەتەو بریسکەی شیران وها ئەرویي کە پالەوانایی دونیا دیدە لییان سەر سام ئەبون حزرەتی خالید لەناوەندی سپا دنگی برز کردو فرموی ای مسلمانینە ام سپایە لەسپای شامویمنو عراق زیاد تر نیە کوشش بکەن بو ئەوەی رضای خداو بهشتي بەرین بە نصیب‌مان بی وە پیغمبر (ص) فرمویەتی الجنه تحت ظلال السیوف واتە بهشت لە ژیر سیبری شیر دایە پالەوانانی اسلام بەدنگی خالید زیاتر کیف خوش بون خدا جزاي عبدالرحمن‌ی ابو بکر بداتەو ئەو سەراو سەری وەراستو چەپی کوردان ئەسورا بە شیر لیدانو نصرەتەی ئەو کافرانە ذلیل بوبون بە هزاران ولاغان بی سوارو قالي بی سەر کەوتبو سپای کافر ئەونده ئەوەندە زور بو سپای اسلامیان لە نیو داون بو قارەمانانی اسلام بەواسطەی تەهلیلەو تکبیر یکتریان ئەسیەوە تا مقتضای خداوند لەوخق

معرکەو شیر لیدان زراری ازور لە ناوەندی سپادا خوی گەیاندە جاتلیسی بەدفەر نیزەی ژهراوی حوالەی سینگي ئەو غەداره کرد لەپشتي هاتە دەری جگەری دو پارچە کرد لەناو خاکو خولدا دەستي کرد بە لینگە ژنە کافران کە دیتیان جاتلیس لە خوین گەوزی صحابە جار بەجار زیاتر هیرشی ئەهینن هەلاتن قبولی عەیبو عاریان کرد پشتیان تی کردن سپای اسلام بەدوایان دا کەوتن شکستەي کفار دیتیان صحابە بەدوایان کەوتون هەتا لەشار ودریان خستن ولە دوایدا اسلام گەرایەوە دیتیان لە میدان هەزار کافر کوژراوە وەیەك هەزاریش اسیر بووە ولەلایەن اسلامەوە نوسەد نفر شربتي شهادەتیان نوشیوە صحابە هەمو شهیدەکانیان لە جیگاي خو دفن کردن سپاي اسلام ئەو شەوە لە دەوری شاری هەولیر مانەوە بعزی قرآنیان ئەخویند بەتەهلیلەو تکبیر مشغول بوبون وختیك روژ بووە ئەو هەزار نغرەی کە اسیر کرابون بردیانن بو خدمت خالید خالد حمدو ثناي خدای بەجی هینا احکامانی اسلامي پي راگەیاندن کافرانی بەدفەر هەمو مانع بون لە قبول کردنی اسلام حذرەتي خالید امریدا هەمویان کوشتن وە چونە ناو شاری هەولیر هەمو غنائمو اموالی کوردان خر کرایەوە تقسیم کرا چەند وختیك لەوی مانەوە وخمسیشیان ناردەوە بو مدینە ولە پاشان خەلکی هەولیر دەرەوەو ناوخو کە ریگا راستي آیني اسلام باش لی رون بوەوە هەمو هاتنەوە وقبولی جزیەیان کرد وەختیك خالید هەولیر فتح کرد عبدالله‌ی جندلی بەرەو ارموتە نارد ارموطە دیيە کە لە اطرافي کویە عبدالله وختی گەیشتنە وی اموالی کافراني هەمو کو کردەوە کافران دەورەی عبدالله‌یان گرت لەپاش جەنگیکی زور عبدالله شهید کرا خەبەري شهید بونی عبدالله گەیشت بە حذرەني خالید

امریدا له هەولیر باریان کرد بەرەو ارموطه کەوتنه ری لەپاش روژو
نیوەك گەیشتنه ارموطه له اطرافي ارموطه خیوەتیان هەلدا دەورەی
ارموطه شورەییکی محکەمي هەبو هەزاران گەورانو پالەواني کوردان
که آلای نعرەتو سپای اسلامیان دیت چەندەها جنیویان دا دست بەجی
بو جەنگ خویان آمادە کرد عبدالرحمنی ابو بکری صدیق ئەفەرموي
ایمەش بو جەنگ خومان آمادە دیتمان راهیبك لەلایەن کافرەکانەوە
هات کلاویکی سوری لەسەر نابو زفاریکی لەپشت بستبو سواری
ایستریکی بوبو لیمان هاتە پیشەوە دیتمان له زماني عرەبی زور ماهر
بو هەر لەدوورەوە بەنگیکی بەرز بانگی کرد گتی ای قەومي عەرەب
سالاری ایوە کی یە بیت بولام چەند گفتو گویکی بەگیز دەست بەجی
حذرەتي خالید رویشت وەختیك گەیشتە لای راهب راهب پی گوت
اتوي امیری لەشکری اسلام حذرەتی خالید فەرموی بلی بشرطیك له
امری خداو محمد المصطفی (ص) نەچمە دەری مسلمان منیان داناوە
بە امیر راهب وتی ای امیری قەومي عرب هەتا امرو هیچ پادشایەك نەي
ویرایە پي بینتە خاکی ایمەوە جنگمان لەگەل بکات تو فکر بکەوە ایمە
نەبریتە شامو عراقو . رومو مصر ایوە هەر گیز ناتوانن شەرو جدال
لەگەل ایمە بکەن بلام لەبەر ئەوەی زور ماندو بوون بو خاتري خداو
حذرەتي عیسی ابني مریم شتیکتان ئەدەنی ئەگەر بیتو واز نەهینن
دست ایمە توشي صدمەیکي زور خراپ ئەبن حضرەتی خالید هاتە
گفتار فەرموي اي راهبي نصرانی خداوندي ذو الجلال ایمەي محتاجي
ایوە نەکردوە ومملکەتی ایوەش زیاتر نیە لەوولاتانی تر بەتوفیقي خدا
زور بەنزیکي ولاتی ایوەش وەك ولاتانی دیکە داگیر ئەکەین راهب
گوتی تو بەقسەي من ناکەی بەلام له آخردا زەرەر ئەکەي وختك

حزرەتی خالید لەگفتوگو بووە راهب سواري ایسترەکەي بو گەرایەوە پادشاي ئەو ولاتە ناوی بطروس بو کوري کرباش راهب قسەی حزرەتي خالیدي بە پادشا وت پادشا گفتو گویە کەی بیست رقي هەستا چو لە لەشي هاتە دەري فوراً امریدا لەشکر سازبو بەرەو روي مسلمانان هاتنە دەري لەو لاشەوە سپاي اسلامی ساز کراوە آمادە بون فەرموي ئەی صحاباني پیغەمبەر (ص) ئەی زانایانی قووآن نیەتی خوتان خالص بکەن وفکري خوتان بهینەوە باغو باغو باغاتو قصرو روباري بەهەشتي فەرموي هەر کەسي لە ایمە شهید بي ئەچیتە ناو بهشت بەلام ئەوان وەك سەك ئەتوپن ئەچنە جهنم وەختیك حذرەتی خالید لە وعظ بو وە هەر دو سپا لیکیان دا بو بە دەنگی الله اکبر ونعرەتە لیدان توزي پی اسپان بەري آسماني گرتبوو روژي محشر هەستابي کەس لەکەس آگادار نەبو ئەو روژە هەر لە بەیانیەوە . هەتا عصر هەر شیر لیدان بو وەختي عصر خداوند نصرەتي بو سپاي مسلمانان نارد حذرەتي خالید برابر پادشاي پطروس کوري کرباشي هات لیدا نعرەتەي الله اکبري رمبیکي لەسینگي دا لە پشتي دەرچو لەناو خوینی خوی گەوزي کافران کە زانیان پاشا کوژرا هجومیکی گەرەیان هینا مەتا لەناوندي سپادا مردي میدان زراري ازور برابري براي پاشا هات رمبیکي لیدا لەسەر زین بریداوە خواري خدا جزاي پالەوانانی اسلام بداتەوە ئەو روژە شەریکی وایان کرد نەبەزبان نە بە قلم ناکوتري سپای کفار کە وایان زاني بەیەك جار هەلاتن خویان کوتایە ناو قەلا عددیکي زوریان لی کوژرا وە ۷۰۰ نفریش یان اسیر کرد اسیرەکانیان بردن بولاي حزرەتي خالید ریگاي آیني اسلامي پي وتن ئەوانیش مانع بون قبولیان نەکرد امیر خالید امریدا هەمویان کوشتن

امامي واقدي روايەت ئەكا موسى ابن لەعقبەي افرموي وختيك كافران
چونەوە ناو قەلا لەبر ئەوە قەلا زور محكم بو وتيان تواني بچنە ناوى
ئەو شەوە گەرا نەوە دواوە بەياني كە روژ بووە سپاي كوردهجوميكي
زور بەشدتي هينا هەمو شمشير بەدستەوە وزري داودي‌يان پوشيبو
ولەو لاشەوە سپاي اسلام خويان آمادە كرد دوسپاي گەورە گەيشتنە
يەك لەبر توزو غباري پي اسپان كەس كەسي نە ئەديت سپاي اسلام
دستيان كرد بەنعرەتە ليدان والله اكبر وتن فضلي ابني عباسي مقدادي
ابني اسود رزاري ابني ازور خويان لەناو كوردان راگرد ئەو جەنگەى
ئەوان كرديان آلاي اسلاميان برز كردەوە جەنگيكي بي وينە لەبينيانا
قەوما ئەو روژە هەتا ايوارە كوردان هەلاتن . خويان لەناو قەلا دا
شاردەوە خلاصە سپاي كوردان هەتا سي روژان بەو نوعە شەريان كرد
سپاي اسلام هەر چەندە كرديان نەيان تواني بى گرن هەتا لە نيوەشەوا
يەكيك لە كوردەكان كە ناوي كولاوە كون بو لە قەلا فراري كردهاتە
ناو سپاي اسلام چو بو حضوري حزرەتي خاليد قەبولى آيني اسلامي
كرد و بە حزرەتي خاليدي وت كە ايوە ناتوانن ظفر بە قەلا بيەن
هەر چەندە پادشاتان كشترە بلام يكي لە پاشا پالەوان تر هەيە كەناوي
جاروسە كە پالەواني وەك خوي لەروي زمين نيە بلام من تدبيري ئەكەم
ئەويش ئەوەيە لەژير ئەو گردەي ديارە لەغەميان ليداوە آويان لەوي
وە لەبن ارزي رابردو بو ناو شاري قەلا ئەگەر منعي آويان لى بكريت
بجبورن خو بەدستەوە ئەدەن وحزرەتي خاليد كە ئەوەي بيست زور
كەيف خوش بوو فوراً (١٠) كەس لە صحابەي كرام لەگەل امير
زراري ناردني دستيان كرد بەزەمين هەل درين هەتا سەرچاوە كەيان
دوزيەوە منبعي آوەكەيان گرت بو شارو قەلا هەتا سى روژي ديكە

كافران خويان راگرت لەناو قەلادا روژي چارەم كە لـە بـريني اوەكە خەبەر دار بون جاروس كە اميري لەشكريان بوو امري هجومي دا كافران بەيەك جار هجوميان كرد بو سەر صحابەي نازدار لەولاشەوە حزرەتي خالید بەدليكي صافەمە سپاي اسلامي ترتيب دا سپاي كافران لەهەر چوار لاوە سپاي اسلاميان لەناوە خو گـرت ئەو روژە هەتا ايوارە شەر بو سپاي اسلام وايان لەكافران كرد كە روژي رونا كيـان لى بوبو بەشەو آخري زانيان طاقتى شەركردني اسلاميان نيە هەلاتن صحابە ئەو شەوە هەتا نيزيكي بەياني بەدوايان كەوتن هەتا گەيشـتنە نيزيك كويە قوەتيكي زوريان لەوى هەبو كافران رو بەروي اسلام گەرانەوە لەوي شەريكي گەورە قەوما لە دوايدا كافر هەلاتن لەو شەرە يـازدە صحـابە شـهيد بو ولە كافران صدو بيسـت نفر كوژرا لە دوايدا اصحابە گەرانەوە چونەوە ارموطە اموالو غەنائميان هەمو كو كردەوە وجمسيشان لى دەر كرد ناردياندوە مدينە بو خدمتي امامي عمر وەختي امامي عمر خەبەري نصرەتي گەيشتني حزرەتي عمر زور كەيف خوش بو هەمو مالەكەي تقسيم كرد بەسەر فقيراني مدينە خوشي بە بەكيك لە فقيران دانا جوابي كاغەزي بو حزرەتي خالید ناردەوە امري فەرمو كە سپاي اسلام آمادە بكا بو جەنگ لەگەل كفاران لەو مدەيە حزرەتي خ ليد كاغەزي بو مدينە ناردەوە لەوي مانەوە لەو وەختە دا اهالى ديهاتو ئەو ناوە لەگەل دانيشتواني كوجار يعنى كويە هـاتن بو دخالەت قبولى جزيەيان كرد صحابەي كرام عقدي جزيەيان لەگەل كردن وليان ورگرتن وختيك جوابي كاغـەزي حزرەتي عمر هاتەوە حزرەتي خالید ديتي نوسراوە هەر كەسي صلح ئەكا صلحي لەگەل بكەن وئەوي صلح ناكا جنگيان لەگەل بكەن هەر كەسي مسلمان بو ئەوە . براي

ایمه‌یه وختیك حزره‌تي خالید کاغه‌زي خلیفه‌ی اسلامي دیت اهـــالی
ئه‌و ناوي کو کرده‌وه وله‌پاش نصیحه‌تو دل خوشی دان پي وتن نـابي
وعدو میثاقي خوتان بشکینن ونابي له‌ژیر اطاعه‌ي اسلام بچنه ده‌ري
له دوایدا حذره‌تي خالید امري به حرکه‌ت دا سپاي اســـلام له‌وي‌وه
رویشتن به‌ره‌و ووژ هه‌لات تا گه‌یشتنه دي روستم ایستا پي ئه‌لین میرزا
روستم وختیك اهالی روستم آلاي اسلامیان دیت شعاعي دیني اســـلام
له دلی واندا شعله‌یدا به‌ره‌و اسلام چونو اسلامیان قبول کرد حذره‌تي
خالید امرید او شه‌وه له‌و دي‌یه بمیننه‌وه صحابه او شـــه‌وه له‌و دي‌یه
مانه‌وه به‌یاني که هه‌ستان دیتیان به‌فریکي زور باریوه هه‌مو ده‌شتو
شاخي پر کردوه گوتیان لا حول ولا قوة الا بالله العلي العظیم یه‌ك
مانگو سي روژ له‌وي مانه‌وه هه‌تا به‌فره‌که به ته‌واوي ره‌ش بو وه‌له
دوایدا سه‌ردارانی اسلام چون بو خدمت حزره‌تی خالید فه‌رمویان ئه‌ي
سپه سالاري اسلام ئیمه خوشمانو اهالی ئه‌و دي‌یه توشي زه‌حمه‌تیکي
زور بوین مانه‌وه‌مان لیره هیچ پیویست ناکا لازمه ئیمه به‌ره‌و جهـادي
کافران بروین خالید له‌سه‌ر امري وان امربدا به حره‌که‌ت اصحابـان
باریان کرد هاتنا سه‌ری زی بچوك که له روژ هه‌لاتي میرزا روستم
بو دیتیان آوه‌که ایکجار زه‌ره که ته هیچ لایه‌ك جیگای په‌رینـــه‌وه‌ي
نیه حزره‌تي خالید فه‌رموي له آو بده‌ن وخالید ده‌ستي به‌رز کرده‌وه
بو آسمان فه‌رموي یا حیو یا قیوم یا بدیع السمواتي والارض وفه‌رمـوی
بسم الله مجراها ومرسیها وبه‌ناو آوه‌که که‌وتن به‌سه‌لامه‌تي په‌رینه‌وه که
له آو په‌رینه‌وه له‌وی باریان خستن وولاغیان به‌ر هه‌لدا وله دوایـدا
حذره‌تي خالید بانگي ابو دجانه‌ی کرد فه‌رموی برو بولای پادشـای
مرجین فروخ خان ئه‌تو پیویست ناکات بیت بلیم هه‌رچي خوت ئه‌یزاني

پي بلی وبانگی بکه بو سەر دیني اسلام ابو دجانه سواری وولاغ بو رویشت تەواو له اصحابان ون نەبو بو لەولاغ کەوته خواري زراري ازور لەو وختەدا چاوی لی بو چو بولای امیر خالید فەرموی چاوم لی بو ابو دجانه له وولاغ بەر بووه وا بزانم سەرما زور تأثیري لی کردوه وخالید فەرموي برو بزانه چیه زرار رویشت وختیك لی نزیك بوەوه دیتي خوین له لەشي دەروا وه کەوتوەته سەر ارزی زرار فەرموی ئەي ابو دوجانه ئەو حاله چیه ابو دوجانه فەرموی ئەي زرار هیچ آگام لی نەبو کوردیك تیریکي لیدام وتەواو له قسه نەبوبوەو وفاتي کرد روحی شادبو بو به بهشت لەو وختەدا زرار سەری هەل بری دیتي کافریك هەل دی زرار غاریدا هەتا گەیشته کني کابرا خەریك بو تیریکي‌ش له امیر زرار دا بەلام امیر زرار غاریدا کمندي بو فریدا کابراي گرت به ذلیلی راي کیشا هەتا هینایه خدمت حذرەتی خالید وسؤالی لی کرد اما کابرا زماني خالیدی نه ئەزانی چون‌یه کیکیان لەدی‌روستم هینا بوترجمانی کابراي کورده وتي من‌یه کیکم له پیاواني فروخ پاشا ویه کەم تیره اندازي پادشام پاشا امري پي کردم بیم مراقبەي احوالی ایوه بکەم وختیك هاتم او سوارەم به تەنها دیت تیریکم لیدا اوم کشت خالید به ترجماني وت یي بلی فروح لەشکري چنده کابرا جوابي دایەوه فروح خوي لەشکرو سپاي زوره وکاغەزیشي بو مامی نوسیوه کەمالکی اژدەر ملکی دو قومانه وهەروها کاغەزی بو پادشای شیدەر (پشتدر) نوسیوه وبولای پادشای منجوران (منگران) وبو زور پادشایانی دی کاغەز نوسیوه ئیستا دوازده هزار نفری حازره لەلای خوی داوای جەنگ ئەکا لەگەل تان حزرەتی خالید فەرموی بەرامبەر آیني اسلام چی ئەلی کابرا وتی هەرگیز دیني خوم ناگورمەوه به هیچ دینکی دي خالید امری کرد به زرار که ئەمه نیچیری

خوته وامیر زرار دوری خستەوە شیرپکی لیداو کشتي لاشـــەی پیسی
بەزيیدا دا وختي کابراي کشت چونە ســـەر جەنازەی ابو دجانە
صحابەي پیغەمبەر .. (ص) ، بە بەرگي خویەوە تسلیمي خاکیان کرد
واصحاب زور غەمناك بون لەبوي با بینەوە سەرباسي مەلك فروخ وختي
فروخ زاني جیشی اسلام لەزی بچوك پەرینەوە لەشکرو سپای حازو
کرد وخوی بو جەنگ آمادە کرد ئەم فروخە خوشکیکي هەبو ازمیرە
بو ژ نیکي زور عاقلو زاناو پر هوش بو کارو باری زراعەتی ئەو وولاتـە
هەموی لەژیر دەستی خوی بوو ئەو زراعەتەی دەستی دەکەوت لە فەلاح
بەپی پیویستي بو پادشای ئەنارد ایستاش ئەو ولاتە مەشـــهورە بەبنەي
(ازمری) کە لە بردەشانەوە هەتا بن گرد موقیسکە گرتویەتی راوی
ئەلی بەعزیك لە افعالو روشتی فروخ بە خالید گەیشت پیان وت عادەتي
فروخ وایە هەر کەسی ژنی هینا ئەول شەو بو ئەوی ئەبەن ئەو کچیني
ئەبا ئەو جا بو صاحبي ئەبەن وپیاویکی زور بەسامو شجیعە هەر وەخت
رقي هەلستي پالەوانانی دەورەي هەموی ئەلەرزان لە ترسان و لە وەختی
راو بەزورە بازی خوي ورچو بەرازان ئەکوژی وە مالی عالەم بە زور
ئەبا وە ئەي خوا وە کچی پاشای قەرە جولان بە زوری هینای وایستا
تصروفي ئەکا عالەم لەترسان اطاعەتی ئەکەن لە دوایدا حەزرەتی خالید
کاغەزیکی بو نوسي کەئەمەش عەيني کاغەزە کەیە بسم اللهالرحمن الرحیم لە
خالیدي ولیدەوە بو سپا سالاری کوردان مەلك فروخ لازمە بە کویستانو
قەلاتي محکەمو سپای زورتان مغرور نەبی لەشکرو سپای ئیوە مهم تر
نیە لە لەشکرو سپای هەرقلی ئمپراتوری روم ولە سپای کسرای فارس
وە دیار بکرو موصلو عراق وە ئیوە زانیوتانە چمان بەسەر قەلاتو سپاي
ئەوانە هیناوە زور چاك بزانە وازت لی نـاهینین هەتـا دیني اسلام قبول

نه‌که‌ی ئه‌گه‌ر اسلامه‌تي قبول بکه‌ی ئیمه له ولاتی تو نامینینه‌وه چه‌ند که‌سیکت بو به‌جی دیلین بو ئه‌وه‌ی احکاماتی اسلامیتان فیر بکاهه‌ر چي خدا واجبي کردوه پیتان رابگه‌ینن ئه‌گه‌ر اسلامی قبول ناکه‌ن ئه‌بی جزیه بده‌ن وئه‌گه‌ر مانع بون ئه‌بی بو شه‌ر خوتان آماده بکه‌ن ئیمه وازتان لی ناهینین هه‌تا خداوند حکم نه‌کا له به‌ینمان دا خدا چاکترین حاکمه وه له دوای‌دا نامه‌که‌ی پیچایه‌وه تسلیمی یه‌کیکی اهلی میرزا روستمی کرد ئه‌م کابرایه زبانی عه‌ره‌بی و کوردی باش ئه‌زانی فه‌رموی برو جوابی ئه‌م نامه‌یه‌م زو بو بینه‌وه کابرا نامه‌که‌ی وه‌ر گرتو روی له‌قه‌لا کردوه که نیزیك بو وه دانیشتوانی قه‌لا کابرایان دیت خه‌ریك بون تیره بارانی بکه‌ن به‌لام کابرا به ده‌نگیکي به‌رز بانگی کرد من فرستاده‌م تیره بارانم مه‌که‌ن وه له‌لایه‌ن عه‌ره‌بانه‌وه هاتوم نامه‌م بو پادشا هیناوه تیره ئه‌ندازان ده‌ستیان راگرت کابرا چوو بو بن قه‌لات له‌سه‌ره‌وه گوریسیان بو راهشت وه له‌بن باغه‌لی خوی قایم کردو سه‌رکه‌وت بردیان بولای پادشا پادشا روي تي کرد وتی بوچ ئیوه له دیني خوتان په‌شیمان بوینه‌وه چوینه سه‌ر دیني عه‌ره‌بان کابرا وتی ئیمه له‌عه‌ره‌بان هیچ ناخوشیمان نه‌دیوه دیتي وان چاکترین دینه هه‌ر که‌س تابعی دیني وان بی له آخره‌ت دا توشی خیرو خوشی ئه‌بی ئیوه هه‌رگیز ناتوانن له‌گه‌ل‌یان جه‌نك بکه‌ن قه‌ومي عه‌ره‌ب صاحبي غیره‌تو شجاعه‌تن هه‌رگیز له مردن نا ترسن دیني خویان زور به محکه‌مي گرتوه ئه‌ی پادشاه به خدا قه‌سه‌م ئه‌و عه‌ره‌بانه ده‌ست له ئیوه هه‌ل ناگرن هه‌تا ئیوه ته‌سلیم نه‌بن ویاخود خداوه‌ند ولاتی ئیوه به ئه‌وان تسلم ئه‌کا وفتحی ئه‌که‌ن ئه‌میری وان صاحبي سامو هه‌یبه‌ته هیچ که‌س ناتوانی له مه‌یداني وی بوه‌ستي وه‌ختي پادشا گوی لی بو له‌م قسانه غه‌مناك بو

زور رقي هەستا وتی بەدیفي خوم تەسەم ئەگەر فرستادە نەبـای پارچـە
پارچەم ئەکردي لەدوایدا . پادشا کاتبي خوی کەناوی فسطور بو بانگي
کرد زبانی عەرەبیو کوردی زور باش ئەزانی نامەکەي بو پاشا
خویندەوە وەهەرچی تیدا نوسرابو لی حالی کرد پادشاه روی لە کابرا
کرد وتی بە امیری عرەبان بلی ایمە وەك اهلی شامو عیراق نین ئیمە
وولاتو قەلایـەکی محکمان هەیە قەلاتی ئیمە لەسەر شاخیکە کـە هەر
گیز عەرەب ظفری پی نابەن وە ئیمە عەسکەرو پیاوانی جەنگمان زورە
ئەگەر من لە قەلا بیمە خوار هەمو سەردارەکانی عەرەب دەکوژم
سپایان ئەسیر ئەکەم هەرچی لە ولاتانیان هیناوە هەمویان لی ئەسینمەوە
وە ئەگەر رقم هەستینن خلیفەکەی ئەوان عمری خطاب ئەکوژم
مکەی مکرمە ویران ئەکەم وە بلی خەیالی جەنگ لەگەل ئیمـە نەکالە
دوایدا ئەمری بە غلامان کرد لەسەر قەلاتیان بردە خواری کابرا چووە
خدمت حەزرەتی خـالید هەرچی پادشا پی وتبو بوی گیرایەوە لەدوای
رویشتني کابرا مەلك فروخ بانگی فسطوری کاتبي کرد وتی برو بـو لای
ئەمیري عەرەبان پی بلی کە ئەوان هیچ حەقیان بەسەر ئیمەوە نیە بروا
لە ولاتی ئیمە ئەگەر نەروات کاریکی زور خراپی پی نیشان ئەدەم
فسطوری کاتب بەقسەی پادشا کەوتە ریگا چو بو خدمت خالیدی ولید
سپای اسلام لەو وەختەدا خەریکی بار کردن بون فسطور گەیشتە لاي
خالید خەریك بو سجدە بیا بەلام فضلي بني عباس منعی کرد فەرموی
(لا تسجدوا للشمس ولا للقمر واسجدوا لله الذي خلقهن ان کنتم ایـاه
تعبدون) واتە سجدە بو مانگو روژ مەبەن بەلکو سجدە بو خدایەکی
بیەن کە ئەوانی دروست کردوە ئەگەر ئیوە بەراستی عبادەتی خدا
ئەکەن فسطور هەر چی پاشا پی وتبو هەموي بەخالید راگەیاند فەرموي

حەزرەتی خالید پادشای ئیوه خەریکی جەنگە لەگەل ئیمە بکات توی
بە حیلە ناردوە فسطور وتی من حیلە بازی نازانم پادشـــا ئەلی ئەگەر
واز لەو ولاتو قەلای من بینن بە سـەلامەتی نەجاتیان ئەبی امیر خالید
پی کەنی فەرموي بە پاشا بلین با قسەي بی معنی نەکا آیا بە هـەزاران
شارو دیهاتو قەلاتو سپاي کەئیمە فتحمان کردوە عبرەت ناگری پاشاتان
هەر کەس ظلمو ستم لە عالەم بکا ویاغی بي لە خدا ئیمە جەنگی
لەگەل ئەکەین بە پادشا بلی ئەگەر اسلامي قبول ناکا جەنگی لەگەل
ئەکەین بە جوریکي وەها کە مندالی ساوا لە ترسان پیر بي وەهزاران
مردانی ئەو لە میداني جەنگا دایکو باوکي خوی بەجي بهیلی ولەژیاني
خوي بیزار بي فسطور نوري اسلامي لە دلدا جي گیر بوبو وتی ئەگەر
من بمەوی بیمە سەر دینی ئیوە ئەبي چ بلیم خالید فەرموي بلی اشهد ان
لا اله الا الله واشهد ان محمد الرسول الله فسطور اســـلام بو لە دوایدا
خالید فەرموي برو دینی خوت راگرە وەهەرچیەکي بو خەبەرمان بدري
بە پادشا بلی هەرگیز لەشکری کافر برابر سپای اســـلام نـاتوانی جەنگ
بکا ئەوجا فسطور گەرایەوە بـو قـەلا خالید ئەمري کرد یاریان کرد
بو دی (سنجان) ئیستا پي ئەلین (سیناجیان) اما ملك فروخ انتظاري
هاتنەوەی فسطوری ئەکرد وەختیك فســـطور هاتەوە چو بو حضوری
پادشا فروخ شاه کە چاوی پی کەوت زاني مسلمان بووە پي وت وا
بزانم رەنگت گوراوە زور نیزیکە ئەو عەرەبانە سحریان لی کردبی
فسطور وتي ئەی پادشا مەغرور مەبە خوتو سپات بە هیلاك مـەدە ئەو
عەرەبانە لەسەر ریگای حەقن مەلك کە زاني فسطور اسلام بووە رقي
هەستا فسطوري گرت پارچە پارچەی کرد ولەقەلا فریدایە خواری
راوی ئەلی وەختیك سپای اسلام هاتن بو دي سیناجیان اهالی ئەو دي یە

شەو بەبي ئەوەي پادشا بزاني ايمانيان هينا مەلك كەزاني سپاي اسلام
گەيشتە سيناجيان بە زماني خوى وتي ئەوە ديو هاتن سپای اسلام
كە گەيشتە سيناجيان امير خاليد امريدا ئەو شەوە ليرە بمينەوە امالى
ئەو دي يە زور خزمەتيان كردن صحابە ئەو شەوە لەوي مانەوە بەياني
كەروژ بوەوە حەزرەتى خاليد جماعەتي بو كردن سپاي اسلام صلواتي
زوريان لە پيغەمبەر دا (ص) لە دوايدا حەزرەتي خاليد بانگي
عبدالله‌ي عمري كرد امري پي كرد هەزار سوار هەل گرە برو بو سەر
ريگاي شيدەر (يعني پشتدەر) وبانگي كردە مقدادي اسود وامري
پي كرد بروا بو دي شهرين يعني (شارەستين) تالان بكات لە دوايدا
حەزرەتي خاليد بو خوي سوار بو لەگەل باقي صحابان وەكو فضلى
عباس وزبيري عەوام وزراي ازرور وعبدالرحمني ابو بكري صديق و
وعبدالله‌ي ايوب ئەوانە لەگەلى سوار بون رويشتن بەرەو مرجين هەتا
نيزيك بون لە كيويك لەنيزيك قەلا وەختيك فروخ پى زانى هاتە ناو
قصرەكەى بچكە برە زادەكيان بو هينا هەموى خوارد لە دوايدا داواي
شوشەيەك شرابي كرد هەموي خواردەوە كەتەواو مەست بو
وە زرپوشو شمشيرى لە خوي بەست تاوى دا سوارى ئەسپ
بو دەرگەى قەلاى كردەوە هاتە خوارى لەگەل پينج
هەزار پالەوانى كوردى صفى جەنگى ترتيب دا ئەسرى كرد
بە تيراندازان لەسەر قەلاكە ئمرو هونرى خوتان بنوينن ئيمرو ناموسو
ئەرەني خوتان لە دەست مەدەن نيشتمانو ولاتى خوتان بپاريزن ئەوان
لەجى خويان نەبزوتن مسلمان هاتنە پيشيان وحملەيان بو بردن ئەوان
وەك بردیكى رەق چەقيو وستان مەلك فروخ دەستي كرد بەنعرە ليدان
تعنەى زوريدا لە سپای خوى وەختيك وايان زانى پالەوانانى كورد
حملەيان بو سپای اسلام هينا يەكتريان زجر ئەكرد هەتا جەنگيكي

وایان له بەیندا قەوما کە پادشایانی کورد شەری وایان نەبیستبو تیژە اندازان دەستیان کرد بە تیر هاویشتن هەتا میدان سور بو بە خوینی هەزاران لاشە کەوتبو لە میدان مسلمانان لەبەر تیر اندازانی کوردان زور هیلاك بون گەرانەوە دواوە حەزرەتی خالید کە زانی سپای اسلام هەلات زور دل تەنك بو بەدەنگیکی بەرز بانگی کردن فەرموی ئەی پالەوانانی اسلام ئەی زانایانی قورآن بگەرینەوە پشت مەدەن ئەورو روژی آزایەتی و هونرە ئیمرو خدا لە خوتان رازی بکەن قبولی عەیبو عار بە هەلاتن مەکەن وەختیك لەشکری اسلام گویان لە دەنگی خالید بو حملەییکی زور بە گەرمیان هینا کەوتنە ناو یەك دی حەزرەتی خالید فضلی ابن عباس لەگەل باقی صحابان دستیان کرد بە رمبو شیر لیدان لە کافران لەو لاشەوە کوردەکان حملەیان هینا تیر اندازان دستیان کرد بە تیر هاویشتن جەنگیکی بی وینە لە بەینیان قەوما اصحابان حملەییکی وایان بو بردن کە سپای کورد نەیتوانی خوی رابگری هەلاتن مەلك فروخ لە پیشیان گەرا هەموی گیرانەوە وەکوردەکان دوبارە حملەیان بو اسلام هینایەوە لە هەر چوار لاوە دەوری مسلمانانیان گرت تیر اندازان دەستیان کرد بە تیر هاویشتن بو سەرو روی مسلمانان پالەوانانی اسلام لە هونەرو غیرەتی کوردان سەرسام بون حەزرەتی خالید دەستی کرد بە نعرە لیدانو الله اکبر وتن فەرموی ئەی مسلمانیە ئەم جەنگە غەنیمەتە لە دنیاو قیامەت خدا جزای ئەوانە ئەدا ئەوە کە لە ریگای ئەودا سەرو مال صرف بکا لە وەختەی کە خالید وعظی ئەفەرمو پالەوانیکی کورد حملەی بو خالید هینا هەمو اسبابیکی شەری لە خوی قایم کردبو وەك شیر غاریدایە سەر خالید دستیان کرد بە جەنگو جدال تا آخری حەزرەتی خالید شیرکی

له كلاو خوده كه‌يدا بلام شيره كه‌ى پسا پاله‌وان كه‌زاني شـيرى شكا
خه‌ريك بو حه‌زرتى خاليد اسير بكا بلام حه‌زرتي خاليد وه‌ك شير لى چوه
پيشه‌وه پنجه‌ى ليداو راى گوشى هه‌مو په‌راسوى شكاند پاله‌واني له‌وي كشت
تاويدايه شيره كه‌ى ده‌ستى كرد به نعره ليدان له راستو چه‌پى كوردان
ئه‌سورا فه‌رموى منم سوارى شديد منم پاله‌وانى رشيد منم خـاليد ابى
وليد له‌پاشان سه‌ردارانى اسـلام خويان له‌نـاو كوردان راگرت
كشتاريكي بي ژماريان لى كردن كورد كه وايان دي كشانه‌وه وه‌ختيك
فروخ شاه واى دى گه‌رايه‌وه دواوه سپاى اسلام وه دويان كه‌وتن
هه‌تا بن قه‌لاتى سپاى كوردان له اطرافي قه‌لا خويان محكم كرد جا
بينه‌وه سه‌ر باسي عبدالله امام عمر (رض) وه‌ختيك حه‌زره‌تى خاليد
ئه‌مرى پى كرد بروات بو سه‌ر ريگاي شيده‌ر (پشـتده‌ر) وهـه‌زار
سوارى له‌گه‌لى بو رويشت تا له شاخ سه‌ر كه‌وت كه به‌سه‌ر كه‌وت ديتي
عاله‌ميكى زور له‌وى كوبوته‌وه عبدالله حمله‌ى بـو بردن زورى لى
كوشتن وباقي هه‌لاتن عبدالله ماله كه‌ي ئه‌وانى هه‌مو خركرده‌وه هينايه‌وه
بولاى حه‌زره‌تى خاليد وخاليد به‌سه‌ر كه‌وتنيان زور كه‌يف خوش بـو
راوى ئه‌لى له ولاتي مـه‌رجين يعني (مرگه) عاقل مه‌نديكى هه‌بو كه
زور جار چوبو بو شـامى له راهباني رومي نـاوى پيغه‌مبـه‌ر (ص)
بيستبو زور حه‌زى ئه كرد مسلمان بي وه‌ختيك فروخ له ميداني شـه‌ر
هه‌لات هاته‌وه ناو قه‌لا ئه‌و عاقل منده له نيوه شـه‌ودا به‌خو به دوانزه
نه‌فه‌ر له سه‌روكاني قه‌ومى مه‌رگه هاتن بوسيناجيان اصحابان بردياني
بو خدمت حه‌زره‌تي خاليدي امير فه‌رموي خه‌به‌ر چيه بوچي هـاتوون
كابرايكيان هاته گفتار وتيان ئيمه له‌سه‌روكاني قه‌ومي مـه‌رگـه‌ين من
ناوم پيروته كوري بهرامه اره‌زوي آيني اسلام ئه كه‌ين حه‌زره‌تي خـاليد

زور پي دل خوش بو دلی دانەوه اسلامەتي پیراگەیاندن هەمویان مسلمان بون راوي ئەلی یەکیك لەو دوانزه نەفەره که لەگەل پیروت هاتبون له دیني اسلام پەشیمان ببوەوه وه چو بولاي فروخ اسلام بوني پیروتو رفیقەکاني پیراگەیاند فروخ زور رقي هەستا هاته خواري له قەلات چو بو ناو شاري مەرگه امریدا مالو منداليان بکوژن وه لییان بدەن با ئەمه لیره بەجي بیلین بینەوه سەر باسي مقدادي اسود که لەسەر ئەمري خالید چو بو سەر دي شهرین (شارەستین) شەریکي زوري لەگەل کردن لەدواي زال بو بەسەریاندا گەرایەوه بەرەو مەرجین وەختیك گەیشتنه نیزیك مرگه گوییي له هەرا هەرایەکي بو فەرموي لام واية اهالی صلحیان لەگەل امیر خالید کردوه وه پاشا لییان قبول ناکا وا چاکه هجومیان بکەینه سەر مقداد بەخویو لەشکرەکەي هجومی کرد به الله اکبر لیدان واي لی کردن فروخ سەري لی شیوا هەلات مقداد وەدواي کەوت هەتا گەیشتەوه قەلات له دوایدا اصحابه گەرانەوه دواوه ناو شاري مەرگه ئەو شەوه لەوي مانەوه بەیاني که روژ بوەوه دیتیان له کوردان پەنجا نفر کوژراوه له مسلمانان دو نفر برینداران یەکیکیان ناوي حارس بو دوهم ناوي عباده بو له طائفەي طەها بو راوي ئەلی که فروخ چوەوه ناو قەلا ئەو شەوه مایەوه بەیاني نەهات بو میدان شەوي دوهەم چەند نفریکي لەپیاواني خوي نارد بو لاي ازمەرەي خوشکي امری پی کرد که هەرچي هەیه باري بکات بروا بو لاي مامي له دو قەومان (دو گومان) ازمەره که خەبەري فروخي براي بو هات هەمو فەلاحاني کو کردەوه به تیرا گەیاندن که ئەچم بو دو گومان بعزیك وتیان ئیمەش دین بعزیك مانع بون له بار کردن رویشت بولای مامی وه ئەوانەي که وتیان نایین هەموي تالان کردن

وه باري كرد كاتي مالكي اشتر واي زاني كاغەزي بو هەمو ولاتاني
نوسي داواي يارمەتي لى كردن وفروخ پاشا روژي دوهەم له قەلات
هاته خواري هجوميكي زور به شدەتي برده سەر مسلمانان لەولاشەوه
امير خاليد به خويو سپاكەيەوه هيرشيان هينا شەر گەرم بو له بەينيان
راوى ئەلى هەردو لا مهياي حەرب بون حەزرەتي خاليد دەرگاي
شەري كردەوه عەمامەكي سوري نا قاعدەي وەهابو ئەو عەمامەيه له
روژي شەري به شدەت ئەبست وەك شيري ناو بيشه دەنگي نعرەتەي
ئەهات شمشيري خوي له كالان هينايه دەر شيري حەزرەتي خاليد ئەو
روژه ئەجلو اگري لى ئەباري ئەو روژه صحابان صدمەييكي وايان
بەسەر كوردان هينا له ژياني خويان دا شتي وايان نەبيستبو پيروتي
كوري بهرامي كه لەسەر دەستى خاليدي مسلمان ببو ئەو روژه شمشيري
دەر هينا جەنگيكي واي كرد كه پالەوانانى لى سەر سام ئەبون چەندان
پالەوانانى له كوردان خست پالەوانانى اسلام وەكو فضلي ابن عباس
وه زبيرى عەوام وه باقي سەرداران حملەييكي بەشدەتيان هينا له راست
و له چەپ كوردانيان تفرەقه كردن له شكري كوردان كه وايان زاني
هەلاتن بەرەو قەلات وختيك گەيشتنه قەلات دەستيان كرد بەتير
هاويشتن له دوايدا سپاي اسلام بو جيگەي خويان گەرانەوه راوي ئەلى
حەزرەتي خاليد به جماعەتي مسلمانانى وت ئەي مسلمانينه كورد وەك
روميان نين وەكو هيچ قەوميكي ديكەش نين . ئەوانه له مردن ناترسن
سواري نيزەي ئيمه ئەبن هەتا ئيستا هيچ قەوميكي وەكو ئەوانه
بەجەرگو آزاترم نەديوه زور نيزيكه جەنگي كوردان توشي مشەقەتيكي
زورمان بكا له دوايدا سەرداراني اسلام هەستان وتيان ئەي ئەمير
نامەيەك بو امير ابا عبيده بنوسه كه سپا بو يارمەتيمان بنيري خاليد

فەرموي نامه بو يارمەتي دان نانوسم خدا سەرمان ئەخـا وەهـەر ئـەو
ياريده دەرمانه قەقاعي كوري عمر بەخويو سپايه كي زور له شارەزوره
لەئيمه نيزيكه كەمەك لەو داوا ئەكەين پشت به خدا ئەبستين خداوندي
گەوره له زور جەنگي وادا بەسەري خستوين راوي ئەلى وەختيك هەر
دو فرقه چونەوه محلى خويان ملك فروخ مالو مندالى خوي كـو كردەوه
دەستي حەسرەتي لەبناگوي خوي دانا پاش فكر كردنەوەيكي زور
هەمو پالەوانانى كو كردەوه وتي ئەي كوردينه ئەو عـەرەبانه هەمو
قەلاتو شورەى ولاتيان گرتووه سپاى هەمو پادشايانيان شكاندوه وتي
اميرى وان پالەوانيكي بى وينەيه هيچ پالەوانيك رەفيقي نيه وەك ئەوشير
وەشين نيه وەهيچ ترسى لەبەر نيه شەرو ميدان دارى بـه سـەيراني
ئەزاني پالەوانيكى لى زانوو زور وريايه كەواته ئەى غيرەت مـەنـداني
كورد ئەو عەرەبانه دەورەى قەلاتو ولاتى ئيمەيان گرتوه بو خوتان
ئەزانن ئەوخاكه خاكى ئيمه نيه ئيمه ئەوخاكەمان له بەعزي پادشاهاني
ئەرمن وەك ملك سوسنو براي جالكون سـتاندوه من وا به مصلحت
ئەزانم خاكى مەرگه بەجى بهيلين بچين بو لاي پادشـاى دوقەومان
(دو گومان) لەوى شەر لەگەل عەرەبان ئەكەين پالەوانانى كورد
قسەى پاشايان پسند كرد وەختيك شەو بەسەر داهات فـروخ پيـادەى
وەپيش خو خستن خويو مالو مندالى وسوارەشى لـه دواوه رويشتن
شارو قەلاتيان چول كرد راوي ئەلى خداوند لطفو مرحمەتى لەگەل
مسلمانان كرد ترسو لەرزى هاويشته دلى فروخ هەتا شارو قەلاتي چول
كرد وەختيك لەقەلا هاتنه خوار پياويك له خزمانى فسطورى كاتب كه
پاشا كشتبوى شەو فرارى كرد بو ناو مسلمانان صحابانى خـەبـەر دار
كرد به هەلاتني فروخ وەچول كردنى قەلاتو شـار خالید كه ئەمەى

بیست زور کیف خوش بو فەرموی بە عبداللەو مقدادي خویان آمادە
کرد دو هەزار نفریان لەگەل خویان برد چون بو دامیفي کیوي دربندي
پشتدەر لەوی راوەستان لە ناکاو گوییان لە هەزمەی پی ولاغان بو
زانیان کە لەشکرە کەیە هەلاتووە وەختیك لییان نیزیك بون مقدادو
عبداللە حملەیان بو بردن وەك شیری ناو بیشە دەستیان کرد بە نعرەتە
لیدان وصلوات لیدان لە هەردو طرف بە ناو یەك وور بون سپاي اکراد
دەستیان کرد بە نعرەتە لیدانو شەر کردن خدا جزای پیروتي بداتەوە
حملەي هینا بو کوردان یازدە نفری کوشت لە دوایدا شهید کرا راوی
ئەلی اسودو عبداللەی عمرو عبداللەي ایوب وزراری ازور خویان تونـد
کرد بو شەرو انگوچیان هاویشتە سەرشان دستیان کرد بەشەر توزو
غبار بەری آسماني گرت جەنگیکي بەشدت قەوما تا آخری مقـداد
گەیشت بە ملك فروخ شمشـیری لی هینایە جوەلان حملەي بو بردو
فەرموی بو کي هەل دیی ئەمرو ئەتو نەجاتت نابی لەدست صحابان
فروخ حملەي برد بو مقدادی دەستیان کرد بە شیر لیدان هەتا هەر
دو کیان ماندو بون ئەو مەردە وەك برد لە میدان چەقيبو مقـداد ئەلی بە
خدا قسم من شەرم زور لەگەل پاشایان کردوە وەلەگەل پالەوانـان لە
فروخ آزاترم نەدیوە وە سوار چاکو پالەوان تري وەك خـوي نەبوە
ئەگەر خداوند توفیقي نەدابام زور نیزیك بو بە هلاکم بدات مقـداد
زاني ئەجل نیزیك بویتەوە حملەي بو برد ناوی خدای هینا شیریکي
لیدا کردی بە دو پارچە فـروخ لەوی کەوت روحی دەرچو وەختیك
سپای کوردان دیتیان پادشایان کوژرا فراریان کرد مسلمان وەدویـان
کەوتن زوریان لی کوشتنو زوریشیان لی ئەسیر کردن راوی ئەلی وختیك
کوردەکان هەلاتن بون بە دو فرقە فرقەیك بەشاخیدا هەل گەران بەرەو

ازمیره گەرانەوە کە کەوتیتە نیزیك بردەشان فرقەکەی دوەم بەدەشتیدا بو دواوە گەرانەوە وە عبدالله عمر وەدوای ئەو فرقەیە کـەوت کە بە دەشتیدا گەرانەوە کوشـتاریکی زوری لی کردن هەتا گەیشتنە دەشتیکي پانو چول لەوي توشی سـەر چاوی آویك بون لە بەیني دو گردان ئاهاتە دەری سپای کوردان لەوی هەمو بە هلاك چون لە بناري ئەوی دو ئەشکەوت هەبون لەناو ئەو دو ئەشکەوتە هـەزارو پینج صد سـەر مەری تیدا بو عبدالله هەموی بە غەنیمەت هینا بە سـەلامەتي گەرایەوە اما مقداد وەدو فرقەیە کەوت کە بەشاخیدا رویشتن هـەتا گەیشتنەوە پشتي مەرگەو گەیشتنە جیگایاك کەآویکی زورو درختیکي زوری هەبو لەوی پیاویکی آزای کورد لی بو توشي عمری کوری عدەیە بو لەوي ئەو کوردە پالەوانە عمری کوری عدەیەی شهید کـرد ئەو پیاوە کوردە ناوی باربەك بو مقداد کە زاني عمرو شهید کـرایە دنیاي لە پیش چاوان تاریك بو سویندي خـوارد ئەبي تولەي عمرو لەو کابرایە بستینم مقداد وە دواي کابرا کەوت کابرا هەلات هەتا گەیشتە لاي بەردیکی گەورە لەوی مقداد گەیشتە سەری کابرا دەستی کرد بە هەل سوران لە دەوري بەردەکە کە مقداد هەر چەندي کـردي بـوي نەگیرا هەتاکو تەواو ماندو بو لە دوایدا راوەستا شمشیري خوي سویند دا فەرموي ئەي شمشیر بە خدات سویند ئەدەم لەو بەردەت رائەکیشم ئەبي ئەو بەردە ببري دەنا لە خدمەتی خدا شکایەتت لی دەکەم ئەوجـا مقداد شیري هەل سوراند وەك هەوری بەهار گرمەي لی ئەهات مقداد شیري لە بەردەکە دا پالەوانە کوردەکەي بەیەك جار لەگەل بەردەکـە دولەتي کرد وەختیك مقداد کوردەکەي کوشت لەگەل سپاي اسـلام وەدواي کوردان کەوت هەتا گەیشتە شاخیك کە لەناو شـاخەکـەدا

سەر چاوەیکي خوشو ساردی لی بو باغو باغاتی زورو میوەهاتي لی بو له
ناوئەو باغه پیرەمیردیکي زەلامي لی بو مقداد لی پرسی ناوت چیەو
لیرە چی ئەکەي کابراوتی ناوم کرکرە پاسەواني باغی ملك فروخم
مقدادفەرموي ئەي پیرەمیرد ئەمن مەلك فروخم کوشتوە وسپاکەی ئەوم
شکاند وئەتو بەرامبەر بە آیني اسلام چی ئەلی کابراکە ئەمەي بیست
آهیکی ساردي هەل کیشاوتی ئەگەر قوەتی گەنجیم ئەما هەزاري وەك
توم لەتولەي ملك ئەکوشت وە هاناي بو روژ بردوتی من ئەو نورە
ئەپەرستم قەت دینی خوم ئەرك ناکەم مقداد ئەمریدا پیرە کوردەیان
کوشت ایستاش ئەو جیگایە وئەو شاخە بەناو بانگە کور کور لەدوایدا
اصحابان گەرانەوە بو جیگەي خویان لە جیگەی شەري دیتیان شەش
نەفەر بە بلاوي لە اصحابان شهید ببون وەختیك گەیشتە سەر جەنازەي
عمري بني عدي زور غەمناك بو هەمویان کوکردنەوە تسلیمیان بەخاك
کردن ناوی شهیدەکان یەکەم عمری بني عدي دوەەم سالم سیەەم
عبدالقادر چوارەم وائلي عمری یمني پینجەم سعدی ساعدی قریشی
شەشەم جندەلەی عبدالله‌ی علی مکي بو رضوان الله علیهم اجمعین وختیك
اصحابان کوردانیان تفرقە کردن حەزرەتي خالید سي روژان لە قەلاتي
ملك فروخ مایەوە راوی ئەلی وەختي مالکی اشتر زاني ملك فروخ
کوژراوە وسپاکەی هەمو شکاوە داوای کومەکو یاریدەي لە هەمو
پاشاهان کرد نامەي نوسي بو پاشای منجوران وهەروەها بو پاشای
سویسنیان کە سوسن پاشایان پي ئەوت و نامەیەکیشي بو پادشاي ربط
نوسی کە خاکی گەورەکانە وەناوی قیروان بو مشهور بو بە خضیر ناوە
ونامەییکی شي بو پاشای پشتدر نوسی بەلام لەوکاتەدا دوشمنایەتیان
لەبین دابو بو امدادی نەهات وبادشای دوگومان لە شکری کی زوری

پیکەوە نا وکوری خوی کەناوی فیروز بو ناردی لەگەل لە شکرەکەوە رەوانەی کرد بو مرگە وەپی وتن ئەبی تولەی ملك فروخ بکەنەوە لەو عەرەبانە وسپای کوردان هاتن تا گەیشتنە دی ازمرە کە ئیستا پی ئەلین (بردەشان) لەوی هەلیان دا وختیك حەزرەتی خالید بیستی لەشکری پاشای دوگومان کە ١٥ هەزار نفرە بو تولەی فروخ هاتووە لە زوری سپای کوردان سەرسام بون فەرموی یارەبی ذلیلی دەستی کوردانمان نەکەی حەزرەتی خالید سپای اسلامی ترتیب دا وەلە شاخ هاتنە خواری وختیك سپای اصحاب گەیشتنە کوردان لەسەر گردیك بەرامبەر وان هەلیان دا حەزرەتي خالید وعظو نصیحەتي مسلمانانی کرد لە نصیحەت بوەوە سپای اسلام حملەیان هینا بو سەر کوردان شەریکي بی وینە لە بەینیان دا رویدا امیر زرار لە ناوندی میدان دا چاوی لی بو کە یەکیك لە گەورەکاني کورد طعنەي لە کوردان ئەدا حملەی بە شدەت ئەهینی زرار حملەی بردە سەری رمبیکی لە سینگي دا لە پشتي هاتە دەری ئەو کابرایە پاشاي ربط بو کە ناوی قیرەوان بو وفضلی ابني عباس خوی گەیاندە شای منجوران ئەویشی کوشت وعبدالرحمن ابو بکری صدیق حملەی برد بو سەر فیروزی کوري مالکي اشتر بەیەك شیر سەری لە لەشي جدا کردەوە کوردان کەزانیان سەروکیان هەمو کوژران فراریان کرد سپای اسلام وەدوایان کەوتن هەتا گەیشتنە آوایی قرەبایە کە ئیستاکە بە ناوبانگە (قرەتەپە) گەورەی ئەو دیيە ناوی ناوی قرە بابا بو لە دەورو پشتي ئەو دیيە آویکی زور ئەهاتە دەری وباغو باغاتي زوري لە دەورە بوو لەنیزیك شاخ بو ئەو قرەبابایە زور جار بەگژ فروخ داچووە قەد سەري بوي دا نەئەنواند قرەبابا شەریکي زوري لەگەل صحابان کرد لە آخردا بە

دەستي يەكيك لە صحابان كوژرا اصحابان اموالى ئەو دىيەيان خر
كردەوە چونە سەر چاوەي آوەكە شەوى لەوى مانەوە حەزرەتي خالید
فەرموي من شەرم زور كردوە لەو قەومەم آزاترو حيلە بازتر نەديوە
فەرموي يارەبى دلى ئەو قەومە قەد يەك نەگرى عبدالله اوموى ئەفەرموي
من ئەو شەوە هشيار بوم لە نيوە شەودا لە سەر شاخەكە چاوم بە
روناكايەك كەوت بەدەركەوت فەرموى صحابەم آگادار كردنەوە
وەهەمو اسبابى شەريان پوشى لەبەري آوەكە شاخ بو ريگاى وولاغ
نەبو بە پيادەيى بويان چوين وەختيك گەيشتنە وى ديتمان هەمويان
چرايان پيە لە كوژراوان ئەگەرين وفەرموى حملەمان بو بردن
وها تيكەلاو بوين كە هيچ لايەك ئەوى تريان نەئەناسى هەتا بەياني
هەر شەر بو وەختي بەياني كورد كشانەوە سپاي اسلام وەدوايان كەوتن
هەتا گەيشتنە دىيەكي بچوك لە نزيك ئەو دىيە سەرچاوەيكى زور
ساردو خوشي هەبو كوردان لەوي گەرانەوە لەپاش شەريكى زور
هەلاتن و لەو دىيە عبدالله‌ي ايوبي انصاري شهيد كرا حەزرەتى خالید
وختيك خەبەري شەهيد كردني عبدالله‌ي بيست زور گريا وە چونكە
لە گەوراني انصاري بو صحابە زور بوي غەمناك بون حەزرەتي نويژي
لەسەر كرد لەوي تسليمى خاكيان كرد سى روژ لەوي مانەوە حەزرتي
خالید خەبەري زاني كە كوردەكان لەديەك لەنيزيك زي بچوك بەرەو
روي پشتەر لەشكريكي زوريان كو كردوەتەوە حەزرەتي خالید شەش
صد (٦٠٠) نفري لەگەل زراري ازورو عبدالرحمني ابو بكري صديق
دا نارد بو تعقيبانيان امير زرار هات هەتا گەيشتە نيزيك ديەكە
كە ئەو ديە بەرامبەر بە قەلاتي دانيكور بو ئەو ديە ئيستاش آسارى
ماوە ئەكەويتە نيزيك گرمكان كوردان وەختك چاويان بە سوپاى اسلام

کەوت حملەیان هینا هەردو سپا تیکەل بون شەریکي زور گەورە
قەوما لە بەینیاندا خدا جزای امیر زراری بداتەوە ئەوسەرو ئەوسەري
سپا ئەسورا چەند پالەواني لی کوشتن بەلام کررد ئەوەندە زور بون
هەر چوار دەورەي سپای اسلامیان گرت سپای اسلامیان هەمو ئەسیر
کرد الا عبدالرحمنی کوری ابو بکری صدیق نەبی عبدالله وەختي
زانی سپای اسلام هەموی ئەسیر کرا دەستی بە الله اکبر وتن وە پیشي
پي گرتن ئەو سەرو ئەو سەری کوردان ئەسورا عبدالله‌ی امەوي خوی
لەدەست کوردان بەردا وە بەدزي خوی گەیاندە امیر خالیدي وە
خەبەري ئەسیر کراني زرارو اصحابانی پی راگەیاند خالید کە زاني
زور غەمناك بو فەرموي لا حول ولا قوة الا بالله العلي العظیم وە فەرموي
یارەبي بە کشتني امیر زراري غەمناکمان نەکەی خالید فەرموي سوار
بن با بیان گەیني بیتو لەزی‌ی بپەرنەوە بچنە ولاتی پشتدەر هەمویان
ئەکوژن تکایە زو بەزو بیان گەنی سپای اسلام دەست بەجی رویشتن
بە الله اکبر وتن خویان گەیاندە مەیدانی شەر دیتیان عبدالرحمني
ابو بکري صدیق بەتەنها پیشي بە سپای گرتوە وە نعرەتەی الله اکبر
لی دەدا وەختی خالید ئەمەی دی خوی تی‌روکرد فەرموی الله هم انظر
الی ابن ابي بکر یعني خدایە بە نظری رحمت تەماشای کوری ابو بکر
بکە لەدوای وی فضلی ابن عباس وە عبدالله عمر وزبیر عەوام ومقداد
اسود وە عبدالله‌ي انیس دەستیان کرد بە شەرو آوازي الله اکبر بەرز
بوەوە وەختیك کافران گوییان لە دەنگی اصحابان بو پەشوکان راوي
ئەلی چەندەها پالەواني کورد کوژرا یەکیك لە پالەوانانی کورد دەستی
کرد بە طعنە لیدان لە سپاي خوی عبدالرحمن لە ناوەندی شەر دا خوی
گەیاندي رمبیکی لە سینگي دا لە پشتي دەر چو کوردان کە وایان

زاني كشانەوە لە مەيداني شەر دا سى صەد كورد كوژرا بو صەديش ئەسير كرابو امير زرار وباقي اصحابان نەجاتيان بو وەختي كوردەكان كشانەوە سپاي اسلام وەدوايان كەوتن بەشي زورى سپاي كوردان لەزيدا خنكان لە دوايدا حەزرەتى خاليد گەرايەوە چو بو خزمەت عبدالرحمن ناو چەواني ماچ كرد مبارك بادي غەزاي لى كرد وەحمدو شكرانەي خداي بەجي هيناو طلبي رژاندني رەحمەتي كرد بو سەر حەزرەتي محمد (ص) حتى تنالو جنة ونعيما .

باسى فتحى دو گومان وەكوشتنى مەلك بە دەستي فضلى ابن عباس

واقدي ئەلى وەختيك مسلمانان لەو وولاتە نەجاتيان بو وە كوردەكاني ئەم وولاتە هەمو تەفرقە بون حەزرەتي خاليد ئەمري كرد سپاي اسلام بەدەم زيي بچوك دا هاتنە خواري هەتا گەيشتنە دەربەندي پشتدەر لەوي لەزيى پەرينەوە رويشتنە نيزيك دوگومان ديتيان لە نيزيك ئەوي كيوو چيايەكي بەرزە وسپايەكي بى ژمارەي لى كو بوتەوە هەمو چاويان بە آلاي اسلام كەوت حەزرەتي خاليد گەيشتە دو گومان صفى جەنگي ترتيب دا زبيري عەوام لەلاي راستيەوە فضلى بن عباس لەلاي چەپەوە دانا عبدالرحمني ابو بكري لەلاى روژ هەلات و عبدالله‌ي عمري لەلاى روژ آواى تعين كردن وەخوشي لەگەل زراري ازور وە باقي سەرداران لە پيش سپاوە وەستان راوي ئەلى وەختيك حەزرەتي خاليد سپاي بو جەنگ آمادە كرد خوي بەناو

صه‌فه‌كانا ئه‌سورا وه‌عظي ئه‌فه‌رموو وه‌ختي امير خاليد له وه‌عـظ بوه‌وه سپاي اسلام ده‌نگي وولاغانيان دا حه‌مله‌يان برد بو سه‌ر كوردان له‌و لاش كوردان هجوميان هينا اسلامو كورده‌كان تيكه‌لاو بون ئـه‌و روژه هه‌تا ايواره شه‌ر بو تيراندازي كوردان ده‌ستيان كرد به تير هاويشتن به‌جوريكي وا تيريان ئه‌هاويشت كه سپاى اسلام زوريان بو دواوه كشانه‌وه خاليدي وليد وه مقداد وه‌باقي اميران كه وايان زاني حه‌مله‌يان بو بردن زور تريني تيراندازان وه پاله‌واناني كـورديان كوشتن خدا جزاي فضلى بن عباس بداته‌وه ديتي كه له ناوه‌ندي سپا مالكي اشـتر ترغيبي كورداني ئه‌دا فضل خوي گه‌ياندي رمبيكي حواله‌ي سـينگي كرد له پشتي ده‌ر چو كوردان كه زانيان پادشايان كوژرا پشـتيان دا سپاي اسلام وه دوايان كه‌وتن هه‌تا شاخي آوايان كردن راوي ئه‌لى وه‌ختيك كورده‌كان كشانه‌وه سپاي اسلام ده‌وره‌ي دو گوميـان دا ئـه‌و ديهاتانه‌ي اطرافيان هه‌مو داگير كردن كه‌س نه‌بو مقابله‌يان بكا سپـاى اسلام چه‌ند روژيك له‌وي مانه‌وه ئه‌هالى ئه‌و وولاته هاتن بو ده‌خـاله‌ت له هه‌موان قبول كرد ديني اسلاميان قبول كرد حه‌زره‌تى خـاليد احكاماتي اسلامي پي راگه‌ياندن .

(بـاسى فتحى پشده‌ر به‌ده‌ستي اصحابان)

راوي ئه‌لى وه‌ختيك خاليدى وليد دوگوماني به‌جي هيشـت وفتحي كرد سه‌رداراني اسـلام كو كرده‌وه وه‌مشوره‌تي پي كردن فه‌رموي الحمدلله ئه‌و وولاته‌شمان فتح كرد هيچ ديهاتو شاخو دولى نيه

اطاعەتي اسلام نەكا آيا رەئيتان چيە بو چ طرفيك بروين هەنديك لەو
كوردانەى مسلمان بوبون دەنگو باسيان بو امير خاليد ئەهيناوە
خەبەريان دايي كە لە پشتدەر پادشايەك هەيە كە هەر ئەو ئەتواني
جەنگ لەگەل ئيوە بكات پادشايەكى زور مەغرورو سەركيشە باجو
خەراجي لە زور پادشاهان ستاندوە قلاتيكي زور محكەمي هەيە قەلاتو
شورەي وي بەسەر زيدا ئەرواني ئەو پادشايە ناوى دانيكورە كە
ئيستاش ئەو قەلاتە ماوە مشهورە بە قەلاتي دينگە كە ئەكەويتە روژ
آواي نوالدينەوە وتيان بيتو ئەم وولاتە فتحي بكەي ئيتر هيچ كەس
نيە مقابلەتان بكا امير خاليد قسەي كوردەكاني پسند كرد وئەمري كرد
لە دو گومان باريان كرد بەرەو پشتدەر كەوتنە ري تا گەيشتنە نيزيك
قەلاتي دانيكور لەسەر گرديك هەليان دا بەرامبەر قەلاتي دانيكور
كوردەكانيش هاتبونە سەرگرديك تەماشاي عەرەبانيان ئەكرد لە نيزيك
قەلاتي پادشا چەند گرديك هەبو سپاي اسلام ئەو شەوە لەوي مانەوە
بەياني حەزرەتي خاليد نامەيەكي بو دانيكور نوسى ئەمەش نامەكەيە
بسم الله الرحمن الرحيم لە اميري سپاي اسلام بو پادشاى كورد وەبو
هەمو ئەوانەي مخالفي آيني اسلامن ئەمن حمدو شكرانەى خدايەكي
دەكەم كە هەر ئەو لايقە بە عبادەت بو كردن وەطلبي رحمت رژاندن
بو پيغەمبەر (ص) يەكيكە كە رەوانە كراوە بوسەر هەمو بني آدەميك
لەپاش حمدو شكرانەى خدا ايوە بزانن خداي جلو علا ديني اسلامى
ظاهر كردوە ئەوانەى كە پەيرەوي ديني اسلام ئەكەن لەلاى خدا
محترمن وپاداشي چاكەيان ئەدريتەوە وە خدا ياريدەي داوين لەسەر
هەمو معاندان لە عجمو ارمنو كورد خدا مهم ترين شارو وولاتى بە
دەستي ايمە فتح كردوە وئەو پالەوانانەى دنيا ديدە وە شەر آزمودە لە

بـەر دەستي ئيمە زليل بوينە ئەم نامەيەم نوسي بوگەورەو گچكەی ئيوە بو ئەوەی ريگای صلحو صلاحەت بگرن خداوەند ئەمـري كـردوە بە ئيمە كەظلمو ستم لەكەس نەكەين ئيمە شەر لەگەلتان ناكەين ئەزانين چ خەياليكتان هەيە ئەگەر ديني اسلام قبول بكەن ئيوە براي ئيمەن وە ئەگەر اسلاميش قبول نەكەن ئەبي ريگاي صلح بگرن جزيە بدەن ئەگەر هيچ لا ناكەن ئيمە داواي نصرەت لە خدا ئەكـەين وجەنگتـان لەگەل ئەكەين وە ئەتو بە سپاو قەلاتي خوت مغرور مەبە چـونكە ئيمە بە هەزاران قەلاتو شورەی لەهی ئيوە محكم‌ترو مهم‌تر گرتووە وچەندها سپای بە هيزمان شكاندوە كە سپاي تو هـەر گيز مقابلەی ئەمانی پی نەدەكرا والسلام على من التبع الهدى وەلە آخری نامەكەدا ئـەم آيەتەي نوسی (انا قد اوحي الينا ان العذاب على من كـذب وتول) واتە خوای تعالى فەرمويەتی بە پيغەمبەر (ص) ئيمە وەحيمان بـوت ناردوە كە عذابو نارەحەتی بو ئەو كەسانەيە كە پيغەمبەر بـە درو ئەخەنەوە وەرو لەحەق وەرئەگيرن حەزرتي خاليد نامەكەی پيچايەوە تەسـيلم بە كوردیكی مسلمانی كـرد فەرموی برو ئەم نامە بو مەلك بەرەو جوابی بهينە وە كابرای كورد رويشـت هەتـا نيزيك بو لە سپای كوردان لەوی تيان خوری وە كرديان بەهەرا خەريك بون بي كوژن كابرا گوتي من قاصيدم نامەم لە عەرەبانەوە هيناوە بو پادشا ئەوجا كابرايان گرتو بردیان بو حضوري پادشا كابرا نامەكەي دا بە دەست دانيكور پادشا وەختيك نامەكەي خويندوە سەري راوەشـاند گوتی گويا ئەبی من سپاو قەلاتی خوم تەسليم بە عەرەبان بكەم ئەو عەرەبانە وا زەن ئەبەن منيش ئەو كەسانەم كە ئەوان شەريان لەگەل كردون وە جەنگی من وا ئەزانن وەك ئەو كەسـانەيە كە بەوان

گەیشتوون هەتا ئیستا کەس نەیتوانیوە لەمەیدانداخوی لە بەرامبەرم بگری ومن ٣٠ هەزاران پالەوانو دلیري وام دیوە کە جەنگي عەرەبان بەسەیران ئەزانی لە دوایدا کاغەزي حەزرەتي خالیدي پارچە پارچە کرد وە فریدایە بەر کابرا بە کابرای قاصدی گوت من لە روژی جەنگو جدالو شەردا وەلامي ئەم نامەیە ئەدەمەوە قاصیدە کە گەرایەوە بولای حەزرەتي خالید ئەوەی بیستبوی بوی گیراوە وگوتي ئەی امیری مسلمانان مەلك دانیکور آمادەي شەرە لەگەلتان خالید فەرموی ئیمە توفیقو نصرەت لە خدا داوا ئەکەین چونکی خدای ئیمە لە هەزاران جەنگی دا نصرەتی داوین وە هەزاران سپاو پالەوانی لە ژیر دستی ئیمەدا شکستداوە حەزرتی خالید فەرموی خوتان آمادە بکەن بو جەنگ مسلمان هەمو صلاحیان پوشی سواری ئەسپی عەرەبی بون خالید ئەمەي خویندەوە بە شعر.

نعرەتە لیدا خالیدي سالار هاتە پیش سپا وەك شیری شکار
ئەسپی هەل سوراند بە بزموطرب یاخوا نەنالی سوار چاکی عەرەب
شعری ئەوتن وینەی داستان وینەی روستم لەوولاتی سیستان
خالید دلیرە لەناو عەرەب دا خالید روستەمە لەناو عەجەمدا
خالید ئەوەبو کە غزاي شام کوردي ترساندن دلیري بەسام
شصت کەسی هەل گرت خالدي سالار
چو پو شصت هزار طائفەی بەدکار
ترسي نەبو لە بني فخرو ومی تفرقەی کردن لە شکری رومی
صاحب ظفربەر بو لەو شصت هزارە
ملائك وتیان خالید سالار
راوي ئەلی سپاي کوردانیش آمادەی جەنگ بون هەردولا حملەیان

بو ایك هینا هەردو لەشكر وەك دریاو بحر تیكەلاو بون بریسكەی شیران وەك بروسكە شعلەی ئەدا توز و غباریان بري آسمانی گرت تیراندازانی كورد ستیان كرد بەتیر هاویشتن لەبر زوری تیران مسلمانان زور نارحت بون بە مجبوری بو دوا گەرانەوە وەختیك سپاي اسلام كە گەرایەوە دوا مەلك دانیكو طماعی تیكردن بەخویو سپاكەیەوە حملەی بو بردن سپاي اسلام كە وایان زاني لییان گەرانەوە هەر دولا دوبارە تیكەلاو بونەوە دستیان كرد بە طعنە لیدان لە ایكتر دنگی اسپان نعرەتەی پالەوانان فرسە خیك ئەروي كوردەكان سواری نیزەی مسلمانان بون میدانی معرەكە لەبەر توزو غبار وەك شەوی تاریكي لی هاتبو سپاي اسلام لەبر زوری لەشكری كوردان وحملەی بەشتدەتیان دوبارە بو دوا گەرانەوە مەلك دانیكور وەك شیري ناو بیشە قەومي خوي تشجیع ئەكرد حزرەتي خالید كەوای زانی بانگی سپاي اسلامي كرد فرموی ئەی اصحابینە كەسیك كە مردەنی چاكتر بي لەژین زور حەیفە هەلی لەبر ئەو مردنە هر كەس لە ئیمە شهید بكری ئیمرو میواني خداي ئەبي چەند خوشە انسان لە روژیكی وها میوانی خدای خوی بی وفرموی ای پالەوانانی اسلام شكانی ئیمە ئەبیتە سەبەبي شكانی آیني اسلام هەر كەس لازمە آیني اسلامي لە روحی خوي خوشتر بوي اوجا سپاي اسلام كە گوییان لەدەنگي خالید بو گەرانەوە وفضلی بن عباس ومقداد وباقي دلیران حملەیان برد بو كوردان فضلی ابن عباس لەناوەراستي سپادا خوي گیاندە پالەوانیكي كورد رمبیكي لە سینگيدا لە پشتي درچو هەروها مقداد چەند پالەوانیكي لە كوردان كوشت سپای اسلام اوندەیان لە كوردان كوشت كە میداني شەر سور داگەرا لەبەرخوین ئەو روژ آوا بو هەر شیر لیكدان بو هەر دو فرقە گەرانەوە

دواوه ئەو شەوە هەر دو سپا نوبەتکیان دا وراوي ئەلی وەختیك قەومي کورد چونەوە ناو قەلا دەرگەیان داخستن و لە ناو قەلادا بیري آویان هەبو بو هیچ ئەشیایەك بحتاج نەبون بچنە دەرەوە مەلك دانیکور لەپیش هاتني سپاي اسلام کاغزي بو زور لە پادشاهاني کورد وفارس نوسي بو بو یارمەتي لەو وختەدا سپایەکي بي ژمارەی بو هات مەلك دانیکور دەرگەی روژ هەلاتي کردەوە پیشوازي کردن کە سپاي اسلام چاویان لی بو درگا کرایەوە بە جاریك حملەیان برد لەپاش شەریکی زور کورد هەلاتن چونەوە ناو قەلا دەرگاي قەلاتیان راخستن ئەو شەوە سپاي اسلام لە دەورەی قەلا مانەوە بەیاني حەزرەتی خالید فضلی ابن عباس و زبیری عەوامی بانگ کرد فەرموی ئیوە هەر بەکیك جماعەتەك لەگەل خوتان ببەن یەکتان لەدەرگای شرق یەکتان لەدرگای غرب خوتان لە کمین بدن ئیمەش بەرەو رویان ئەچین وختیك بومان هاتن ئیمە هەلدین کە ئەوان وەدومان کوتن ئیوە دەرگایەکەیان بگرن فضلی عباس و زبیری عەوام امری خالیدیان بەجی هینا راوی ئەلی روژی دیکە دانیکور بەخویو سپای حملەیان هینا بو سپای اسلام ودانیکور جاریك لای راست ئەگەرا جاریك لای چەپ وە هەردو سپا لە اطرافي قەلا تیکەلاو بون مقدادي اسود توشي مەلك دانیکور بو پیشي پی گرت بە هەزاران رمبو شیریان لیك دا مقداد ئەلی من چەندها شەرم لەگەل پادشاهاندا وە پالەوانان کردوە نەم دیوە لە دانیکور شجیع ترو آزاتر من لە زەمانی جاهلی و اسلامیدا شەرو جەدالم زور کردوە وە پالەوانیکی وەك دانیکور نەبووە خلاصە ئەوەندەیان رمبو شیر لیکدان کە هەر دوکیان تەواو مانـــدو بون لە دوایدا تاویان دایە

یەك لەو وەختەدا حەزرەتی خالید لەوی پەیدا بو حملەی هینا آوازی تەهلیلەو الله اکبر بەرز بووە دەنگی نعرەتەي پالەوانان بریقەي شیران آوازي دلیران دنیاي کەرر کردبو لەولاشـــەوە فضلی بن عباس وزبیري عەوام کە خویان لە بوسە نابو حملەیان بو ئەوانە برد کە پاســـەواني دەرگا بون ئەوانەی لە بەر دەرگا بون هەمویان کوشتن خویان گەیاندە دەروازەي قەلا قەلاتیان گرت کوردەکان هەمو کەوتنە ناو میدان مەلك دانیکور کە زانی قەلا گیرا لەبەر دەستي مقداد فراري کرد اما مقداد حملەي برد بو سپاي فارس وایرانیەکان کە بو کومەکو یاریدەي دانیکور هاتبون هەموي تفرقە کردن لە دوایدا سپاي اســـلام وەدواي کوردان کەوتن وە کورد هەلاتن واسلام زوریان لە کوردان کوشت هەتا شەو بەسەر داهات سپای کورد خویان لەناو شاخو دول شاردەوە مەلك دانیکور لەدیيەکی بچوك لە اطرافي قەلا کوژراوە هەندیك ئەلین مەلك دانیکور نەکوژراوە بەلکو هەلاتیە بو ایران لە جەنگي ئەو روژە سي مسلمان شهید بون وە لە کوردان پەنجا نەفەر کوژرا ئەو شـــەوە اصحاب لە دەورەي قەلا مانەوە سبەيني شهیدەکانیان تسلیم بەخاك کرد چەند روژیك لەوی مانەوە اهالي ئەو وولاتە هاتن بو دەخالەت خالید دەخالەتي قبول کرد ئەوانیش قبولی دیني اســـلامیان کرد امیر خالید دیني اسلامي پي راگەیاندن مسلمان بون ئەوجا مسلمانەکان لەو جيیە کە دانیکوري لی کوژرا مزگەوتیکیان لی دروست کرد ئەودیيە ئیستا پیی ئەلین هەلاویژە ئەو مزگەوتە ئیستاش مشهورە خلقي ئەو وولاتە پیی ئەلین مزگەوتي عبدالله‌ي عمران گویا عبدالله امامی عمر دروستي کردوە راوي ئەلی وەختیك سپاي اســـلام ئەو وولاتەیان فتح کرد امیر خالید نامەیەکی بو امیر المؤمنین عمری ابنی خطاب نوسي ئەمەش

نامه كه يه بسم الله الرحمن الرحيم له خاليد بني وليد مخزومي بو جي
نشيني پيغه‌مبه‌ر(ص)عمرى بن خطاب وه‌رحمتي خدا بروي به‌سه‌رتان‌دا
من حمدو شكرانه‌ي خدايه‌ك ئه‌كه‌م كه هيچ كه‌س لايق به حمدو
شكر نيه به‌س ئه‌و نه‌بى وه‌دورودي خدا برژي به‌سه‌ر پيغه‌مبه‌ر (ص)
وه‌هه‌مو مسلمانان له مدينه له مهاجرو انصار حمدو سپاس بو خدا
وولاتي مرگه‌و پشت‌ده‌رو دوگومانمان فتح كردوه پادشاهانمان كوشتوه
له‌شكرو سپاي ئه‌وانمان شكاندوه هه‌مو تفرقه بوون وهه‌مو اهالى ئه‌و
وولاته به‌گيانو دل اطاعه‌ي آيني اسلام ئه‌كه‌ن وه‌من هه‌موم نصيحه‌ت
كردون وه‌ريگاي ديني اسلامم پي نيشان داون وه آلاي پيغه‌مبه‌ر (ص)
له‌و وولاتانه‌دا شمله‌ي داوه روژي نوسيني ئه‌م كاغه‌زه‌يه يه‌ك شه‌مه بو
١٢ ي ذي القعيدي سالى ٢١ ي هجري له پاشان حه‌زره‌تي خاليد
نامه كه‌ي تسليم به‌زبيري عه‌وام وفضلى ابن عباس وعبدالرحمن‌ابوبكري
صديق كرد ٥٠ نفرى داني رويشتنه مدينه‌ى منوره اما حزره‌تي خاليد
له‌دواى ئه‌وان بارى كرد به‌ره‌و ديهاتي كويستان له روژ هه‌لاتي كه‌وته
ريگا هه‌تا گه‌يشته دي‌يه كى گه‌وره كه كه‌وتبوه ناو دوكيوان له‌پشتي
ئه‌و دي‌يه شاخيكي گه‌وره هه‌بو له ناو ئه‌و ديه باغو باغاتيكى زوري هه‌بو
آوى ساردو خوشي به‌ناودا ده‌هات ئه‌و دي‌يه هيروى پي ئه‌لين ئيستا
زياتر له‌دوصد ماله له‌ناوچه‌ي پشته‌ر راوي ئه‌لى وه‌ختيك اهالى دى
آلاى اسلاميان دى هه‌مو چونه ژير آلاي اسلام حمله‌يان بو بردن
بو اصحاب له‌ولاشه‌وه اسلامه‌كان هجوميان هينا له‌پاش جه‌نگيكى
به‌شده‌ت زرارى ئه‌زور به‌ره‌و روى رئيسه كه‌يان چو كه ناوى كراكر
بو كه‌راكر شه‌ريكى زورى له‌گه‌ل امير زرار كرد له‌پاشان زرار
رمبيكي له سينگي دا له پشتي ده‌ر چو كه‌وت له‌ميدان اهالى ئه‌و دي‌يه

كه دیتیان گەورە كەیان كوژرا هەلاتن صحابە وەدویان كەوتن هەتا لەناو شاخ دا تەفرەقەیان پي كردن ئەو شەوە اصحابان لەوی مانەوە وە بەیاني حەزرەتي خالید باری كرد بەرەو كویستان هەتا گەیشتە میرگو میرغزارە كی خوش لە نزیك ئەو دەشتە دیەكی بچوك هەبو مسلمانان سی روژ لەوی مانەوە استراحەتیان كرد لە دوایدا حەزرەتی خالید نامەیەكی بو اهالی سوسینان نوسی دەعوتی كردن بو سەر دیني اسلام اهالی ئەو ناوە كە نامەي خالیدیان بو هات بە جاریك قبولی دیني اسلامیان كرد وەهەمو هاتن بو خزمەت حەزرەتي خالید وئەویش زور كەیف خوش بو باجو خراجی دوسالی لەسەر هەل گرتن بەینەك لەوی مانەوە اهالی اطراف كە لە عەدالەت و انصافي مسلمانان حالی بون هەمو هاتن قبولی دیني اسلامیان كرد راوی ئەلی حەزرەتی خالید پرسیاري لە اهلی سوسن كرد فەرموی لەو ولاتو شارو دیهاتی ئیوە كی هەیە كە مخالفی اسلامەتی بی اهلەكە وتیان ئەی امیر لە وولاتي ئیمە شاریكی بچوك هەیە ناوی شهبارە پادشای ئەم شارە ناوی جاسومە ئەم پادشایە مخالفی دینە ئەم شارە ئیستاش آساری ماوە ئیستا مەشهورە بە دەشتی شوربە ئەكەویتە خواروی سەر دەشتي ئیستا ماوە حەزرەتي خالید ئەمری كرد هاتنە نیزیك شهبار وائیلی اسقفي ئەلی وەختي اهالی ئەم شارە ئیمەیان دی بەبی سؤالو جواب حەملەیان بو هینایین وئیمەش حملەمان بو بردن هەردو سپا تیكەلاو بو بە چەندەها زەرەرو كوشتاریان لیك كرد پالەوانانی هەردولا خویان لەناو سپا راگرت صدای نعرەتان بەرز بوەوە لە هەردو لاوە شەر دەوامی كرد هەتا وەختي عصر لەو كاتەدا مقدادي اسود لەناوەندی سپا گەیشت بە جاسوم جاسوم خەریك بو شەر بكا بەلام مقداد رمبیكی لە سینگي دا لە پشتی دەر چوو پادشا لە ولاغ كەوتە خواری روحي دەرچو وەختي اهالی

شهبار ئەوەیان دیت کشانەوە سپای اسلام وەدوایان کەوتن زوریان
ئەسیر کردن وە زوریشیان کوشتن باقي کە مابون تفرەقەیان کرد
مسلمانەکان لە دوایدا گەرانەوە ئەسیرەکانیان بو خزمەتي خالید هینا
ئەویش ریگاي اسلامەتی پي نیشان دان بەلام مانع بون حەزرەتی خالید
ئەمری کرد هەمویان کوشتن لە دوایدا سپای اسلام چون بو ناو شاری
شهبار راوي ئەلی وەختی حەزرەتي خالید ئەو شارەی گرت لەوی
مایەوە نەرویی اهلی دیهاتان هەمو هاتن بو دەخالەت وە اسلام
بون راوی ئەلی یەکی لەاهلی یمن کەخوی حازری شەر بو بو وەدیتبوي
گیرایەوە کە لە سنوری سویسنیانو هیولان کە ئیستا پی ئەلین آلانیان
آلان کیوە کە وەلە دامین ئەو کیوە دیەکي بچوکیان لی بو پیان ئەگوت
بی جوراە ئیستا پی ئەلین بیژوو وەختیك اهالی ئەو دیی یە زانیان اصحابە
هاتن وولاتاني اطرافیان داگیر کردوە ترسیان لی نیشت مشوەرتیان کرد
وە بریاریان دا لەناو خویان کە پیاوە گەورەکاني ئەوي و ریش سپیەکان
بچن بە پیریانەوە وەطلبي اسلامەتی بکەن واسلام بین بەلام لەدلدا
غەدرو کینەیان هەبو خلاصە چەند نەفەریکیان لە اهلی دی نارد لەگەل
چەند دیاریەکی بە قیمەت بو دی شوربە بو خزمەت حەزرەتي خالید
لەوی داوای قبولی دیني اسلامیان کرد حەزرەتی خالید ریگای دیني
پیشان دان لە دوایدا داوای چەند صحابەیەکیان کرد کە بی بەن بو
دیەکەي خویان آدابي دیني اسلامیان فیر کەن حەزرەتي خالید دو
صحابەي لەگەل ناردن یەکیکیان ناوی بشر بو دو هەم سعد ساعدي بو
ئەو زدي بو حەزرەتي خالید فەرموي ئەی اصحابینە برون ئەو قەومەي
نەصیحەت بکەن هەرچي خدا واجبي کردوە پیان راگەینن لەدواید روي
لە قەومەکە کرد فەرموي رقو کینە لەدلی خوتان لابەن غەدرو خیانەت

لەگەل ئەو دو اصحابەیە مەکەن حەزرەتي خالید سویندي دان کە خیانەت نەکەن لەدوایدا بشرو ساعد لەگەلیان چون بو آوایي بیجورە لەوی ئەهلی بي جورەیان کو کردەوە هەرچي شەریعەتي اسلامی واجبي کردبو بەوانیان راگەیاند وە سنەتو آدابي پیغەمبەریان (ص) فیر کردن وە ئەوصافي بەهشتو ناخوشي جهنەمیان پي وتن ئەوانیش گویچکەي درو و خیانەتیان بو راگرتبون صحابەکان چوار روژ لەوی مانەوە شەوی پینجەم اهالی بیجورە حملەیان بو بردن هەردوکیان شهید کردن وەلاشەکانیان لەنیو سراني گوي‌لك شاردەوە لە ناو خویان داوتیان ئەگەر اسلامەکان پیان زاني ووتیان لەکوین ئەاین هەلاتوون رویشتینەوە ولاتي خویان راوی ئەلی عبدالله امامي عمر ئەو شەوە خەوی دیت لە خەویا بشرو سعد لەناو بحریکي قول دان لە هەر چوار لاوە درەندە شالاویان بو دیني تا لە آخردا گرتیانن لەناو بحرەکەدا غەرقیان کردن لەخەو هەستا زور غەمناك بو چو بولاي حەزرەتی خالید خەوەکەي بو گیراوە حەزرەتي خالید فەرموي شکي تیدا نیە کە اهلی بیجورە لەگەل صحابان خیانەتیان کردوە خالید فەرموي ئەي کوري خلیفە تو لەگەل پینج صد نفر بیا برو ئەگەر اهلی ئەو دیيە غەدریان لەصحابان کردبو هەمویان بگرنو یان بیان کوژن وخالید فەرموي بە خدا من کە چاوم پي کەوتن لییان ئەمین نەبوم اما لیقضی الله امراً کان مفعولا فەرموي هەرچي خدا مقدري کردبي ئەبي بیتە جي لە پاشان عبدالله لەگەل پینج صد نفرەکە رویشت وەهەر چوار دەورەي دیيەکەیان گرت نەیان هیشت کەس بیتەدەر چونە ناودیيەکە داواي بشرو سعدیان کرد وتیان هەلاتوون هیچ گیر نەبون عباسي کوري مسلم ئەلی من لەو وەختەدا تاماشاي سران گویلکم کرد دیتم نوري لی بلند ئەبي بانگي عبدالله‌م کرد وتم نابیني نور لەو مەزبلەیەدا بەرز

ئەبیتەوە کە لیمان دایەوە دیتمان هەردوکیان وەدەرکەوتن عبدالله بە
خوی و سپاکەی حملەی بردنە سەر پەنجا نفری لی کوشتن لەدواید
هاواریان کرد آمان آمان عبدالله فەرموی چیدی مەکوژن لەپاشان لاشەی
بشرو سعدیان تسلیم بە خاك کرد عبدالله لەسەر قبری وان مزگەوتیکی
دروست کرد کە ئیستاش آساری قبری ئەو دو صحابەیە ماوە ئەکەوتە
روژ هەلاتی مزگەوتە کە ئەجا عبدالله روی کردە قەومەکە وە فەرموی
ئیوە ئەولادی زینان ئیوە قەومیکی نارحەتن وپی وتن بە خدا قەسەم
جاریکی دی شتی وا بی وە یاغی ببن لەآین هەموتان قردەکەم ئەتان
کوژم عبدالله هەتا مزگەوتەکەی تەواو نەکرد لەوگوندە نەرویی کە
مزگەوت تەواو بو عبدالله چو بو خزمەت حەزرەتی خالید ئەحوالی ئەو
دیی‌یەی پی ووت حەزرەتی خالید لە شوربە نەرویشت چاوەری قعقاعی
کرد راوی ئەلی وەختی ابا عبیدە خالیدی نارد بو روژ هەلات قعقاعی بن
عمریشی لەگەل هەل بژراو بو شارەزوری نارد قعقاع ئەفەرموی
وولاتی شارەزور صاحبی مەرو مالاتیکی زور بون
کەس نەیتوانیوە لەگەل اسلام شەر بکا بەبی شەر کردن آغلەبی
ولات قبولی دینی اسلامی کرد سپای اسلام آوو هەوای ئەو وولاتەیان
پی خوش نەبو باریان کرد وقعقاع ویستی کە لە قرە چوالان پاشایەکی
مغرورو سەرکیشی هەیە لەبەر ئەوە بەرەو قرەچولان گەرایەوە کە
گەیشتە اطرافی قرەچولان خیوەتیان هەلدان وەختی اهالی ئەو شارە
سپای اسلامیان دیت ترسیان لی نیشت چون بولای پاشاکەیان کە ناوی
جاجور بو پی‌یان وت ئەبینی کەسپای عەرەبان هاتوە بوسەرمان و خوشت
ئەزانی کە دریژ ایی و پانایی دنیایان گوتروە وصلحیان لەگەل مەرکەس
کردوە مەلیك وتی تەگبیر چیە ئەوانیش وتیان باصلحیان لەگەل بکەین
بچینە سەر دینی ئەوان پادشا وتی ئەو عەرەبانە ظالمو غەدارن ولەشکرو

سپایه‌کي که‌میان پي‌یه هیچ معقول نیه به‌بي شه‌رو جدال خومان تسلیم بکه‌ین پاشا ئه‌مریدا له‌شکر آماده بیت که ژماره‌ي چوار هه‌زار که‌س گردبو وه بردیه ده‌ره‌وه به‌رامبه‌ر سپاي اصحابان خیوه‌تیان هه‌لدا ئه‌و سپایه‌ي که له‌گه‌ل قعقاع بو بو قره‌چولان که چوبوو شه‌ش صه‌د نه‌فه‌ر بو باقي تری بو اطرافان ناردبون بو پیرالگه‌یاندني آیني اسلام قعقاع سپاي خوي ترتیب داو وه‌عظو نصیحه‌تي کردن فه‌رموي ئه‌وه یه‌که‌م جه‌نگه ئیمه ئه‌ي که‌ین له‌گه‌ل کوردان وه‌فه‌رموي آیا ئیوه نه‌تان بیستوه که اصحابي پیغه‌مبه‌ر (ص) چییان به‌سه‌ر شامو عیراق هیناوه نه‌تان بیستوه که سعدی بني ابی وقاس چي به‌سه‌ر کیسراي هینا که کوري یزیدی بني اورده‌شیره له‌پاش وه‌عظو نصیحت قعقاع له‌گه‌ل له‌شکر سواری ولاغان بون خویان بو حمله‌یه‌کی به‌شده‌ت آماده کردو هجومیان کرد له‌ولاشه‌وه سپاي کوردان حمله‌ي هینا هه‌ردو سپا تیکه‌لاو بون شه‌ر ده‌وامي کرد هه‌تا وه‌خته‌ي ئیواره له‌و کاته‌دا قعقاع به‌ره‌و روي جاجور چوو رمیکي لیدا له پشتي ده‌ر چو اهالی ئه‌و وولاته که زانیان پاشا کوژرا هه‌مو کشانه‌وه سپاي اسلام وه‌دوایان که‌وتن زوریان لی کوشتن باقي که مابون وه مسلمان بون جا قعقاع له‌وي باري کرد به هه‌مو شاخو ده‌شتو دولی ئه‌و ولاته دا ده‌گه‌ران که‌س نه‌بو مخالفي اسلام بي له دوایدا بو لاي حه‌زره‌تي خالید که‌وته ری به‌خاکي آلازراتي په‌ري هه‌تا گه‌یشته خاکي سوسن له‌وي‌وه چو بو خزمه‌ت خالید له شه‌باري سوسن اصحابان که چاویان به یه‌کتر که‌وت ده‌ستیان کرد به صلوات لیدان وه هه‌ردو لا به‌ره‌و پیري یه‌کتریه چون قعقاع چو بو خزمه‌ت خالید وه‌هه‌ردو کیان به‌سه‌ر هاتی خویان بو یه‌کتر گیراوه ئه‌و شه‌وه صحابه هه‌مو له‌وی مانه‌وه وه به‌یاني امیر خالید جماعه‌تي یعني پیش نویژي کرد له دوایدا سپاي کرد به‌چوار به‌ش هه‌زار نفري تسلیم

بەزراري ازور كرد فەرموی برو بەرەو رباط يعني ربط وەهەزار نفری دايە مقداد اسود فەرموی توش برو بەدوايدا وەئەمري كرد بەقعقاعيش بە دوايان دا بروات وە خوشي لەگەل باقي صحابان ودوايان كەت سپای اسلام لەزيي پەرينەوە وە رويان لە ربط كرد تا گەيشتنە ئەوي راوي ئەلی پاشاي ربط كەناوي قروان بو چەند وەختيك لەمەو پيش بو امدادی مالكي اشتر هاتبو لەمەرگە كوژرا بو بەلام پاشايەكي تريان هەربو كە گەليك لەو حيلە بازترو شجيع تر بو پادشا كە زاني سپاي اسلام هات دەست بەجی سپاي خوي ترتيب دا وە هەموانی سويند دا بە سوينـدی مقنط بە آگرو نور هەتا هەمومان نەكوژرين لە ميدانی جەنگ هەلنەين وەختيك سپای هەردو لا بەرامبەر يەكدی وەسـتان حەزرەتی خاليد سپای اسـلامی ترتيب دا يەكەم كەس لە حەملەی برد امير زرار بو لە دوای ئەو مقداد بو لە پاش مقداد قعقاعی بني عمرو بو لە پاشەوان خاليد وليد بو لەگەل باقي اصحاب هيرشيان كرد لەولاشەوە كـوردەكان هجوميان هينا هەردو سپا تيكەلاو بون پادشای ربط دەستي كرد بە نعرتە ليدان شەريكی زور توند لە بەينيان دا قەوما اصحابان دەسـتيان كرد بە نعرەتـە ليدانو بە ناوی لا اله الا الله سپاي كوردان بە دەنگی بەرز چەند جنيو و قسەی ناشيرنيان بە اصحابان گوت تـا لە آخـردا زراري ازور خوی گەياندە پاشای ربط شيريكی لە ملی دا سەری پەراند كاتي كوردان وايان زانی كشانەوە صحاب وەدوايان كەوتن تالەشاخی آوايان كردن ايجا گەرانەوە ربط اموالو غنائميان كو كردەوە وەخمسيشيان نارد بو مدينە بو بيت المال . . چەند وەختيك لەوی مانەوە لەدوايدا حەزرەتی خاليد امری كرد بەرەو ساجبلاج يعني سابلاغ بار بكەن .

(بـــاسي فتوحـــاتي اذربيجـان)

راوي ئەلی وەختي حەزرەتی خالید دیی شوربەو ربطی فتح کرد ئەمری کرد باریان کرد بو ساجبلاخ رویشتن . میژو نوسان وایان نوسیوه که لەشاری ساجبلاخ ژنیك پاشا بوه که جوانی وەك ئەو لەسەر روی‌ی زەمین کەم بوه وەناویشی (ارجانوس) بو وه ئەمەي لە طائفەي بردراس بوو که بەردەراس حکمراني سابلاخو موکریان بو وه پاشـــایەك بو لە پادشـــایەکانی اذربیجان وەعەجـــەم بو زانایان نوسیویانه که برداس خوشکیکي زور جواني بوه روژیك پادشا شراب ئەخواتەوه وەختیك که سەرخوش ئەبي ئیشي فـاحشه لەگـەل خوشکەکەی ئەکا . که مەستي نەما زور پەشیمان ئەبیتەوه وەخەجالەت بو بەلام خوشکەکەی وتی تەگبیر ئەمەیە تو پاشای صاحب دەستەلاتي ئەمرکه هەر کەسی ئیشی فاحش لەگەل خوشکو کچی خوي بکا ئەبجا عەیبي تو لەناو عەیبي وان ون ئەبی پـاشا ئەم تەگبیرەی پەسند کرد کرد هەمو وەزیرانو علماي ئەو وولاتەی کو کردەوه وەپیی وتن ئەبی ئەم ئیشه ببته قانونیکی رەسمی دەولەت . علمایان مانع بون لەم ئیشـه پادشا ئەمري کرد هەرچی عالمی ولات بو هەمویان کوشتن لەو وەختەدا ییغەمبەری لەو وولاتە هەبو ناوی حنظله بو حنظله مەنعی کردن لەم ئیشه کاربەدەستانی دەولەت حنظلەیان شهید کرد . ئەم ئیشه تا زەماني ئەنوشیرەوان پاشای فارس دوامی بو بەلام لەزەمانی ئەودا مەنعي ئەم ئیشەي کرد جا ئەم ژنه لە طائفەی برداس بو راوی ئەلی وەختي سپـای اسلام گەیشته ساجبلاخ ارجانوس هەمو عەقلمەندو پیاوه گەورەکانی دەولەتی کو کردەوه پي وتن ئیوه اهلی فارسن لە طائفەی طهمورس پاشان که سی‌هەم پاشاي فارس بو وەخوتان ئەزانن که عرب گەیشتنه

سەرمان طەماعیان لەولاتو مەملەکەتی ئیمە کردوە وە ئەوانە هەمو پادشاهاتیان کوشتوە مەملەکەتانیان داگیر کردوە ئیوە بەلینتان چیە وەچون تەگبیر ئەکەن ئەوانیش ووتیان ئەی مەلکە کەتو پادشای ئیمەی هەر ئەمریك بکەی حازرین مەلکە ئەمریدا کە بو جەنگ خو حازر بکەن وائیلی اسقفي ئەلی شەو اصحابان لە اطرافي شاری مانەوە بەیاني حەزرەتی خالید نویژی جماتی بو کردن لە دوایدا حەزرەتی خالید صفی جەنگی ترتیبدا لای راستو چەپی محکەم کرد لە دوایدا روی لە اسلام کرد فەرموی ئەی اصحابی پیغەمبەر (ص) ئیمرو روژیکە کە هەرگیز روژی وا نایی تەوە ئیوە فکری فرار ما کەن نیەتی خوتان پاك بکەن خداي خوتان لە خوتان رازي بکەن اصحابان بە فەرمایشي حەزرەتی خالید حالی بون هەمو آمادەي جەنگ بون تەواوی سپاي کە لەگەل حەزرەتي خالید بو شەش هەزار نفر بو بەلام سپای مەلیکە سی هەزار نفر بو کاتی سپای هەردو لا آمادەی جەنگ بون هەردولا حملەیان بو یەك هینا تیکەلاو بون ئەو روژە چەندها لاشەیان لیك خست وەچەندەها چاو بە شمشیران کویر بو وەئەو روژە شەریکی زور گەورە قەوما هەتا ئیوارە شەر بو وەختی ئیوارە هەردولا کشانەوە بو جیگای خویان مسلمانان ئەو شەوە بە قورآن خویندنو صلوات لیدان خەریك بون هەتا دەوری نویژی بەیانی امیر خالید جماعەتی بو کردن لە پاش نویژ کردن خویان آمادەی جەنگ کرد وە هاتنە میدانی شەر حەزرەتی خالید روی لە اصحابان کرد فەرموی ئیوە فەرمایشی پیغەمبەرتان (ص) نە بیستوە کە فەرمویەتي بەهشت لەژیر سیبەری شیران دایە وقورآن ئەفەرموی (ولا تحسبن الذين قتلو في سبيل الله امواتاً بل احياء عند ربهم يرزقون) يعني ئیوە ئەوانەی کە لەریگای

خداوه شهید ئه کرین به مردویان حساب مه کەن به لکو زیندون وله لای خداوه رزقیان ئه دریتی وه ختیك که حه زره تی خـــالید له وه عظ بوه وه قعقاع به خویو سپا که یه وه حمله ی بو بردن له دوای ئه و مقدادي اسود وعبدالله ی عمرو حه زره تی خالید وباقي صحابان به یه ك ده فعه حمله یان برد سپای هه ردولا تیکه لاو بون ده ستیان کرد به رمبو شیر وه شان وه کو برق بریسکه ی شیران ئه هات اسلام هه ر چوار ده وره ی کافرانیان گرت وه ئه و روژه اسلام کاریکی پی کردن که هه ر ناگه ریته وه به زبان وه زراری ئه زور حمله ی برده سه ر ارجانوس ده ست به جی یخسیري کرد سپای عجم که زانیان ئه رجانوس یخسیر بو هه لاتن سپای اســـلام وه دویان که وتن لیبان نه گه رانه وه هه تا سه ر (بحري خـوی) زوریـان له م بحره غه رق بون دو هه زارو سی صه د نفریان لی یخسیر کرا له دوایدا سپاي اسلام گه رانه وه راوی ئه لی وه ختی شه ر کوژاوه سپای اسـ ـلام چونه ناو ســـابلاخ اموالو غنائمی کافرانیان کو کرده وه له دوایدا ئه سیره کانیان بردن بو خزمه ت حه زره تی خـــالید ئه ویش ریگاي اسلامه تي پي وتن ئه وانیش مانع بون خالید أمری کرد هه مویان کوشتن راوی ئه لی ئه خباری وایان نوسیوه وه ختیك خداوه ند سابلاخی به ده ست صحابان فتح کرد شارو دیهاتی ئه و اطرافه هاتن بو ده خالت وه قبولی دیني اسلامیان کرد وه حه زره تی خالید صلحی له گه ل کـردن حه زره تی خالید بو هه ر شاریك امیریك وه بو هه ر دی یه ك نفریك له صحابه ی نارد بو ئه وی ده ستوراتو آدابی اسلام فیریان بکه ن له پاشان مه لکه ارجانوسیان برد بوخزمه تی حه زره تی خالید خالید که چاوی پی که وت

---

١ ـ بحـری خی ئیستا پی ئه لین بحیره ی اورمیه (رضائیة) .

له جوانی ئەو سەرسام بوو ئەم آیەتەی خویندەوە (یخلق الله ما یشاء یحکم ما یرید) یعني دروست ئەکا خدا ئەوەی آرەزوی لی بي وەهەرچی مەیلی لی بی ئەی کا لەپاشان امیر خالید فەرموی ئەی مەلکە تو خەفەت مەخو کە خدا توی اسیري دەستی ئیمە کردوە چونکە بەهەزاران پادشای لەتو مغرور ترو آزاتر خدا یەخسیري دەستی ئیمەي کردوە کچي کیسراو خاقانی ترکو چەندەهای کچانی پادشاهاني تر ئیمە اسیرمان کردوە وەمسلمان بوون وەتو بزانە هەر کەسي مسلمان بي ئەچیتە بهشت وجیگای ژیانی ئەبەدي یە تو لە دیني اسلام یاغي مەبە بو ئەوەی بەدەستی ئیمە توشي زەرەر نەبی وەختیك مەلکە ارجانوس ئەمەي بیست اسلام بو امیر خالید فەرموي ئەگەر ئەتەوی شوبکەي یەکیك لە امیران بو خوت هەل بژیرە مەلکە چاوي گیرا قعقاعي هەل بژارد وحەزرەتي خالید نامەیەکي بو امامی عمر نوسي لە واقعاتي هەموي آگادار کرد وهەل بژاردني مەلکە ارجانوس کەقعقاعي هەل بژاردوە ئەویشي بونوسی لەگەل خمس وغنائم نامەکەی نارد بومدینە لەدواید امیر خالید مەلکەي لە قعقاعي مارە کرد ئەمە بەسەرهاتی ارجانوسي بو اما اهالی کوردو فارس عالەمیکي بي حساب لە خزمەتي خالید کوبونەوە لەدیهاتو ولاتي دەرەوە هاتبون حەزرەتي خالید سویندي دان کەخیانەت لەگەل اسلام نەکەن لەوولاتەدا هیچ کەس نەبو کە بتواني مقابلەی اسلام بکات بەس پادشاي ارماني نەبي کە ئیستا پي ئەلین رضائیە راوي ئەلی وەختی سعدي وقاص خاکي نیشابورو نمشیرو باقي شارو دیهاتي دیکەي فتح کرد هەتا گەیشتە نهاوەند حەزرەتي خالیدیش لە موصلەوە هات تا گەیشتە رضائیە هەندیك بەشەر وەهەندیك بەصلح فتحي کردبو لەوانەي بە صلح فتح کرا شاري باینح بو (یعنی بانە) .

باسی فتحی ارمانی یعنی رزائیه (١)

عبدالله‌ي واقدي ئه‌فه‌رموي وه‌ختي حه‌زره‌تي خالید کوردستاني فتح کرد وزور تريني آزربیجان صلحیان کرد ئه‌و پاله‌وانانه‌ي که جه‌نگی اسلام هه‌لاتبون له کوردو فارس له رزائیه که پیان ئه‌وت ارمانی کوبونه‌وه له شاري رزائیه سپاهیکی بی ژماره بو پادشاي ئه‌م شاره ناوی (خوش قه‌دم) بو وه‌ختیك حه‌زره‌تي خالید سابلاغي فتح کرد ئه‌مري کرد به صحابان باریان کرد بو رزائیه هه‌لیان‌دا کاتی مه‌لك زاني سپاي اسلام هات بو سه‌ریان له‌ناو له‌شکرو سپاکه‌ي هه‌ستا ده‌ستي کرد به خطبه خویندنه‌وه وتی ئه‌ي اهلی فارسو کورد دنیا دائما جیگای به‌د اطوارو پیاو خراپانه دنیا زور چه‌پوك سوارو پاله‌وانانی فه‌وتاندوه ئیوه بزانن که شه‌ره‌فو ناموس بو ئیمه نه‌ماوه له جیگه‌ي ئیمه خه‌لقي بیگانه له وولاتو نیشتمانه‌که‌مان ئه‌ژی خاکی وولاتمان به‌ده‌ست دوژمنانه‌وه‌یه مالو املاکي ئیمه‌یان به‌تالان بردوه ژنو منالی ئیمه‌یان یخسیر کردوه له وولاتی بابو باپیرمان که‌میك نه‌بی به ده‌ستمانه‌وو ماوه ئیوه له خه‌وی غه‌فله‌ت به‌خه‌به‌ر وه‌رن وه‌فرسه‌ت له‌ده‌ست خوتان مه‌ده‌نو پشت به دوژمن مه‌ده‌ن ووتی ژیان وه‌ختي خوشه که انسان

---

١ ـ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که رزائیه اورمی پی ده‌لین ئیمه به ارمائي یاارمانی نوسیومانه وبه کوردی پی ئه‌لین ورمي .

له‌ناو خاكو نيشتماني خويدا بي مردنيك كه له سه‌ر خاكو نيشتمان
بى خوشتره له ژيانيك كه له ژير ده‌ستو عه‌بدايه‌تي دابي ووتي ئوميدم
وايه كه ئه‌گه‌ر وروناكائي نصره‌تمان بدات له دوايدا پادشا ده‌رگاى
خه‌زينه‌ي كرده‌وه هه‌مو سپاي خه‌لات كرد هه‌موي آماده‌ي جه‌نگ
كردن رويشته ده‌ر له شاري رزائيه به‌رامبه‌ر سپاي اسلام هه‌ليان دا
علماي آيني خويان هاتن چه‌نده‌ها آگريان بو كردنه‌وه وه چه‌نده‌ها
قوربانيو خيراتيان كرد هه‌مو اهلى سپا سويندیان به‌آگرو خاكي نيشتمان
خوارد كه هه‌تا له ميداني جه‌نگا هه‌مومان نه‌كوژرين پشت به دوژمن
نادەين مه‌لك خوش قه‌دەم ووتي ئه‌مرو سينه‌ي ئيمه به‌رامبه‌ر عه‌ره‌بان
آگري لى بلند ئه‌بي ئيمه ئه‌بي ئيمرو توله‌ي هه‌مو پادشاهاني هاوولاتيمان
بستينين ئه‌گه‌ر ئيمه پشت بده‌ين به‌يه‌كتر كه‌سى‌دى نيه مقابله‌ي عه‌ره‌ب
بكا ئه‌گه‌ر ئيمه هه‌لين سه‌رى خومانو مالو منداليمان به‌ده‌ستى عه‌ره‌به‌وه
ئه‌بينين له‌پاشان مه‌لك خوش قدەم ئه‌مري هجومي كرد راوي ئه‌لى
مسلمانان به كافران دل خوش بونو وه‌به‌دلى صافي به‌ره‌و جهادى كافران
رويشتن آوازى الله اكبر به‌رز بوه‌وه سه‌روكه‌كاني اسلام وه‌كو خاليدى
وليد وه‌عبدالله عمر وه‌مقداد اسود وه‌زراري ازور وه‌قعقاعي عمري
ته‌ميمي هه‌مويان وه‌كو شير كه مشتاقي نيچير بيت هاتنه مه‌يداني جه‌نگ
امير خاليد فه‌رموي ئه‌ى‌مسلمانان كه‌س به‌بهشت ناگا الا به‌عملى چاكه
نه‌بيت محه‌به‌تى دنياي فانى له‌دلدا ده‌ركه‌ن چونكه دنياجيگاي لهو لعبه
وه‌بهشتي به‌رين خوشه بو ئه‌و كسانه‌يه كه‌روحى خويان له‌ريگاي خدادا
صرف ئه‌كه‌ن وه‌ختى امير خاليد له وه‌عظ بوه‌وه سپاى اسلاميش
حمله‌يان برد هه‌ردو سپا وه‌ك موجى بحر تيكه‌لاو بون توزو غباري ئه‌وان
به‌ري آسماني گرت سپاي كافران ده‌ستيان كرد به‌دهول و زورنا ليدان

بریقەی شیران وەك روژي رون دنیاي روناك كردبو وحیلەي اسپان نعرەتەي دلیران گوي دنیاي كەرر كردبو وە لە وەختي ئەو جەنگە بە شدەتە پادشای مازەندەران بە خویو چل هەزار سواري جەنگي گەیشتە جي بو یاریدەی مەلك خوش قەدەم وەختي سپای اسلام چاویان لی بو سپا زورە هات حەزرەتي خالید دەنگي بەرز كرد فەرموي ئەی یاراني پیغەمبەر (ص) بەكەمي خوتان وەزوري دوژمن دل تەنگ مەبن آیا نەتان بیستوە كە محمد المصطفی (ص) لەروژي بەدر بەخویو ٣١٣ نفر ئەو سپا زورەی كافراني شكاند وەنەتان بیستوە كە مەلك هرقل یەك ملیون ٣٠٠٠٠ هەزار نفر بون خداوەندي جل وعلا بەدەستي سپاي اسلامی زلیل كردن ویاخو ئەو سپا زورەی مەلكی كسراي بە دەستي سعدي بني ابي وقاص تفرقەي كردن بەكەمی خوتان دل تەنگ مەبن چونكە خوا فەرمویەتی (كم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة بأذن الله والله مع الصابرين) فەرموي زورجار جماعەتي كەم غالب بوینە لەسەر جماعەتي زور بە آزني خداو خدا لەگەل ئەم كەسانەیە كە صبر ئەگرن اميراني اسلام دەستیان كرد بە الله اكبر ووتن سپاي اسلامو كفار تیكەل بون پالەوانان روبەیەكدي چون ئەتووت محشەر هەلستاوە كەس آگاي لەكەس نەبو حەربەیان لە گەردەني یەكتر ئەدا خویني كوژراوان زەمیني سور كرد بو نالەي بریندارانن گویچكەي كەرر كردبو آسمان لەبەر توزو غبار رەنگي گورابو بەلاو مصیبەت هەتا ئەهات زیاد ئەبو شمشیران ئەجەلیان لی ئەباري شەریكي بي وینە رویدا هەزاران چاو بە شمشیران كویر بون خدا جزاي خالیدي ولید بداتەوە ئەو سەرو ئەوسەري كافران ئەسورا وەك شیري بیشە جار بەجار هەلمەتي چاكتري بو ئەبردن قعقاعي عمر وەك هەلو دابیتە

چویله که وەزراري ئەزور وەمقداد وەعبدالله‌ي عمر کافریان پەریشان کردن جه نگیکي وایان کرد که لەومهم‌تر کەس نەي بیستبو ئەو روژه تا ئیواره هەر شیر لیکدان بو وەختي روژ آوابو سپاي اسلام امدادیان بو هات امیر ابا عبیدي عامري جراح دو هەزار نفري به سەروکایەتي نجم کوري مفرق هەنارد بو سپاي اسلام که چاویان پي کەوت زور دل خوش بون دەنگی (لا اله الا الله محمد رسـول الله) (ص) بەرز بوەوه هەمو شاخو دەشتو دولی دەنگی ئەدایەوه لەگەل کلمەي دەگوت ئەو شەوه هەردولا چونەوه جیگاي استراحەتیان روژي دوهەم حەزرتي خالید صفی جه نگي ترتیب دا ئەمري هجومي کرد هەردو سپا وەکو شپولی بحر تیکەلاو بون کافران وەك لیشاو هجومیان هینا کافر ئەوەنده زور بون که سپاي اسلام لەناویان‌دا دیار نەبون صدای حەزرەتي خالید بلند بو فەرموي (یاایها الذین آمنوا إصبروا وصابرو ورابطو والتقوا الله لعلکم تفلحون) واته ئەي اسلامینه سەبرتان هەبي صاحب سەبر بن پشتي یەك بگرن عبادەتي خدا بکەن رجا وایه صاحب فەوزمان بکا سپاي اسلام که گویان لەدەنگي امیر خالید بو هەمو بەیەك جار ووتیان الله اکبر ئەو روژه ئەجل وەك بەهار بو کافران هاته خواري لەبەر لاشەي مردوانو وەلاشەي بویندارانو ریگاي هجومات بەرامبەر توزو غبار آسماني ئەو وولاتەي تاریك کردبو ئەو روژه هەتا ایواره هەر شـەرو جدال بو لەوەختي عەصر دا انس بني مالك بەرەو روي مەلك خوش قدەم چو حملەي بو برد نیزەیەکي له سینگي‌دا له پشتي دەر چو له مەیداني جه نك لەخولی گەوزي وەزور لەپالەوانانی کافران کوژران وەختي سپاي کافران وایان زاني پشتیان دا هەلاتن وەسپاي اسلام وەدوایان کەوتن هەمویان تفرقه کردن لەدوایدا سپای اسلام گەرانەوه ناو

رزائیه چه ند مزگه‌وتیکیان دروست کرد حمدو سوپاس بو خدایه که
که فتحي عراق وکوردستان‌و عه‌جه‌مي به‌ده‌ست صحابان گرت
وه‌هه‌روه‌ها سه‌رداران وه‌ك خالیدي ابني ولید وعبدالله‌ي امامي عمرو
قعقاعي عمروی ته‌میمی‌و مقدادي اسود الکندي وه‌زراري ازورو انس
مالك . سپاي اسلام له هه‌ر چوار لاوه طرفي رزائیه بلاو بونه‌وه که‌س
نه‌بو مقابله‌یان بکات حه‌زره‌تی خالید نامه‌ی فتحی بو حه‌زره‌تی عمر
نوسی له‌گه‌ل باسی غه‌نیمه‌ت‌و هه‌روه‌ها واقعاتي ئه‌و وولاتانه‌ی بونوسي
وه‌ختي نامه گه‌یشت به‌ده‌ستي جی‌نشیني پیغه‌مبه‌ر (ص) امیر المؤمنین
عمری خطاب زور دل‌شادبو حمدي خداي به‌جی هینا که له زه‌مانی
ئه‌ودا ئه‌مه‌که‌تی کسراي هه‌تا نهاوند به‌ده‌ستي سعدي بني ابي وقاص
وکوردستانو عه‌جه‌م به‌ده‌ستي خالیدي ولید فتح کرا فتحي کوردستان
آخر فتح بو که له زه‌ماني امامي عمردا کرا راوی ئه‌لی وه‌ختی اهالی
باینح (یعني بانه) صلحیان له‌گه‌ل مسلمانان کرد بیست نفر صحابه‌یان
برد بو ئه‌وه‌ي ریگاي آیني اسلامیان فیر بکه‌ن کاتي که سپای اسلام
له‌وان دور که‌وتنه‌وه گه‌یشتنه رزائیه په‌شیمان بونه‌وه هه‌موصحابه‌کانیان
شهید کردن ئه‌م خه‌به‌ره به حه‌زره‌تی خالید گه‌یشت امیر خالید سپای
اسلامي کرد به‌دو به‌ش به‌شیکي له‌گه‌ل خوي‌هینا له‌ناو وان دابو قعقاعي
عمر ته‌میمی وه عبدالله عمر وه مقدادي اسود وه زراری ازورو وه‌زوري
دیش له اصحابانی پیغه‌مبه‌ر (ص) به‌شیکیش له‌ژیر قیاده‌ي قیاده‌ی
انسی بني مالك له‌وی به‌جی هیشت انس له‌وي مایه‌وه هه‌تا وه‌فاتی کرد
ئیستاش قبری انس له‌وي‌یه له دي‌یه که له نیزیك رزائیه مشهوره
حه‌زره‌تی خالید هات بو سه‌ر بانه هه‌موي به به‌دتریني احوال کوشتن
وه‌تالاني کردن وه‌ختیك حه‌زره‌تی خالید توله‌ي له بانه‌ییان ستاندوه

به رەبط دا بەرەو عەرەبستان گەرایەوە بەلام لە گەرانەوەیدا پشتدەرو
مەرگەی نەگرتەوە وە بەدوگومان دا تیپەری تا گەیشتە نیزیك دیي
اسماعیل قولی کە ئیستا پي دەلین سماقولیان لەنیزیك کویە کە دو سعات
لە شمالی غربي کویسنجاق دوورە راوی ئەلی ئیمە نەمان زانی لە علمی
غەیبي خدادا چی هەیە اهالی ئەو دیيە غەدرو خیانەتیان بەرامبەر ئیمە
لە دلدا هەبو بە ریگایەکدا رویشتین کەبەردي گەورە گەورەو درەختي
بی ژمارەي لی بو ئەولاو ئەولاي ریگا شاخبو اهلی اسماعیل قولی خویان
لەناو ئەو دارانەدا لە کەمین دابو وەچاوەري هاتني اسلامانیان ئەکرد
بو ئەوە غەدریان لی بکەن اسلامان هاتن بەرەو ئەوان بی آگادار بن
لەپریکا اهلی اسماعیل قولی لەهەر چوار لاوە اسلامیان تیرە باران کردن
تیر وەك باراني بەهار بەسەریاندا ئەباري مسلمانان لەولاغان دابەزین
بویان چون لە پاش شەریکی بەشدەت کوردەکان شکان سی‌صەد نفریان
لی کوژراوە صدوپەنجا اصحابە شهید کران کە اغلەبیان سپە سالار بون
ولەناو ئەو شهیدانە مقدادي بن اسودي کندي بوو وائلەي اسقفي بو
وە قعقاعی بن عمرو زراری بن ازورو زوري دیکەش لەناو داراني
اصحاب . حەزرەتی خالیدو عبدالله عمروباقي اصحابان زور بوسەرداراني
اسلام گریان دەیان فەرمو (انا لله وانا الیه راجعون) وەهەروەها
گوتیان (لا حول ولا قوة الا بالله العلی العظیم) حەزرەتی خالیدو عبدالله
عمر زور دوعایان لە اهلی سماقولیان کرد فەرمویان یارەبی ئەی خدایە
خوت حەقي ئەم شهیدانە بکەیتەوە لەم اهلە وەلەدوایدا حەزرەتي خالید
نامەي بو هەمو سەرداراني اسلام نوسی لە واقعاتی سماقولیان حالی
کردن فەرموي هەرگیز لە مەکرو حیلەی کوردان ئەمین مەبن وەکو
درەندە وان بو شەر وەختیك نامەکە گەیشتە دەست سەردارانی اسلام

هەمویان بو شهیدانی سماقولیان زور گریان راوی ئەلی خالیدي ولیدو عبدالله عمر به غەمو حەسرەتەوە لەو ناوە گەرانەوە لە بەیني موصلو هەولیر توشي چومیك بون لەدەم ئەم چومە پیرە ژنیکی لی بو لییان پرسی تو چی ئەکەي لیرە ئەی پیرەژن گوتي من مسلمانم ئەمەوی لەم آوە (٢) بپەرمەوە بەلام ناویرم عبدالله‌ي عمر پیرەژني هاویشتە پاشکوي خوي خالید فەرموي ئەی عبدالله لە مکري پیرەژنان ئەمین مەبە لی گەری عبدالله فەرموي قەیدی ناکات وەناو آوەکە کەوتن هەتا گەیشتنە قولاي آوەکە پیرەژني سەك چەقویکی زلی لە باخەلی دەر هینا لەسەر دلی عبدالله‌ي راکیشا حەزرەتی خالید لە پیرەژن ئەمین نەبو لە وەختیکدا آوري دایەوە بو دواوە دیتي عبدالله رەنگی زەرد بوە خالید بوچ تیك چوی چیت لی هاتوە ئەي عبدالله ئەویش فەرموی پیرەژن کوشتمی بەراستي من غدرم کرد بەقسەي توم نەکرد (ولکن لیقضی الله امراً کان مفعولا) حەزرەتی خالید گەراوە بودواوە عبدالله‌ي پەراندەوە کە لە آو هاتنە دەری عبدالله لە ولاغ بەر بوە خالید شیریکی لەپیرژن دا وەکوشتي وەفریدایە ناو آوەکە لە دوایدا حەزرەتی خالید چو بولاي عبدالله . عبدالله فەرموی بە خالید ئەی امیر سەلامم بگەیینە بە باوکم حەزرەتی عمر رجاو دوعای خیری لی دەکەم جیگەی بەیەك گەیشتنمان بەهەشتە انشا الله وسەلامم بگەینە بە هەمو اصحابانی پیغەمبەر (ص) لە مدینەی منورە عبدالله لە وەصیت بوەوە وەفاتي کرد حەزرەتی خالید زوری بو گریا هەر لەوی جەنازەی عبدالله‌ی لە نیزیك آوەکە تەسلیم بە خاکی کرد ئیستاش مرقدي عبدالله مشهورە بە سلطان عبدالله‌ي عربی

---

(٢) ـ ئەم روبارە زيي بادینان بو .

حەزرەتي خالید گەرایەوە تا گەیشتە شاري حمص لەوی مایەوە تا لە آخري سالی بیستو یەکي هجري وفاتي کرد حەزرەتي خالید فەرموي من زیاتر لە (١٠٠) صد شەرم کردوە هیچ اعضاي من نەماوە کەشیرو تیري پي نەکەوتبي لە هەموان چاك بومەتەوە ئەوا لە حمص لەسەر فراشي خوم ئەمرم لە دوایدا فەرموي (وکل شيء عنده بمقدار) وفاتي کرد ئیستاش ئەم زاتە لە شاري حمص مشهورە وەهەر لەو سالەشدا امیر المؤمنین خلیفەی دوهەم عمري خطاب وفاتی کرد لەمدینەي منورە رضوان الله تعالی علیهم اجمعین والحمد لله رب العالمین وصل الله علی محمد اشرف الأنبیاء والمرسلین سیدنا ونبینا محمد وعلی آله وصحبه وسلم .

تەواو بو ئەم غەزەواتە بە عنایەتی خدای تبارك و تعالی .

بەدەستی خطی مەلا علی مؤذن مزگەوتی مەلا جامي بو ماموستام مەلا رؤوف سلیم آغا غفرالله لنا ولجمیع المسلمین آمین .

بەتاریخی یەکەمي مانگی محرم الحرام سالی ١٣٩٠/١/٩ هجري مقابلی مارت ١٩٧٠/٣/١٦ رومی ئەم فتوحاتانە بە سعرو متنەوە بە (٩) روژ تەواو بو وە صلی الله علی محمد وآله اجمعین .